# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٩٠٣ ■ دووشەممە، ٣١ی خەرمانانی ١٤٠٤ _ ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٥


**دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا**

## کۆنگرەی نۆیەمی یەکیەتیی لاوان بەڕێوە چوو


سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینی ٢٨ی خەرمانانی ١٤٠٤ی هەتاوی، نۆیەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەژێر دروشمی «لاوانی دەروەست» دەستی بە کارەکانی کرد و دوای ڕۆژێک کاری چڕوپڕ کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. پەیامی کرانەوەی کۆنگرە لەلایەن ڕەحمان سەلیمی، سکرتێری پێشووی یەکیەتیی لاوانەوە خوێندرایەوە و پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزب لەلایەن مستەفا مەولوودی، ئەندامی دەستەی کارگێڕی و جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش بە بەشداربووانی کۆنگرە کرا.

لە ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی لاوان بەو بۆنەیە و ڕوو بە لاوانی کوردستان هاتوە: «خەباتی نەتەوەیی- دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەڵگری چەمکگەلی وەک ڕزگاریخوازی، شوناسخوازی، دێموکراسی، مەدەنییەت و پێکەوەژیانە و، خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو چەمکانە نەتەوەیەکی سازماندراوە بە بیری ژێکاف و حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان کە ڕێکخراوی لاوان وەک میراتگری ئەو سەرمایە مەزنە، بڕیاری داوە کە وێڕای سوور بوون لەسەر ئەم بەها و پرەنسیپانە، دۆست و بەردەنگی زیاتر بۆخۆی پەیدا بکات.»

لە برگەی کۆتایی کاری کۆنگرەدا بەڕێوەبەریی نوێی یەکیەتیی لاوان هەڵبژێردران و بەڕێوەبەریی نوێی ڕێکخراوەکەش لە یەکەم کۆبوونەوی خۆیاندا، بە تێکڕای دەنگ، «بێهزاد قادری»ی وەکوو سکرتێری یەکیەتیی لاوان هەڵبژارد.

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات:

# سەرکوتی بەربڵاوی شۆڕشی ژینا خەباتی نەتەوە مافویستەکانی لە پێ نەخستوە



◆ سەر وتار

## کاژ فڕێدان لە کاتی گیانەڵڵادا!

**ڕەزا دانشجوو**

لە ڕوانگەی حکوومەتە تاکڕەوەکانەوە، ئایدۆلۆژی هەمیشە دوو ئەرکی جیاوازی هەبووە. هەندێک جار ئامرازێکە بۆ سەرکوتکردن، خنکاندنی دەنگی نەیاران و دژبەران و هەندێک جار ئامرازێکە بۆ خۆنواندن، پڕوپاگەندە و سەرنج ڕاکێشانی خەڵک! لە ڕاستیدا دیکتاتۆرەکان لە کاتێکدا خەریکی سەرکوت، زیندانیکردن و لە سێدارەدانی بەشێک لە کۆمەڵگان, لە هەمان کاتدا بانگهێشتی کۆمەڵگا دەکەن بۆ یەکبوون و یەکگرتوویی و پێکەوەژیان! دژایەتی لە سیستەمێکی سیاسی داخراو وەک کۆماری ئیسلامیدا کێشەیەکی هەمیشەیی چارەسەرنەکراوە! بە واتایەکی تر دەبێت بگوترێت کە کۆماری ئیسلامی لە بنەڕەتدا مانەوە و بەردەوامیی خۆی لە بوونی ئەو دژایەتییانەدا دەبینێت! بۆیە هەرگیز ناتوانرێت لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ نەتەوە و ئایین و پەیوەندی نێوانیان بخرێتەڕوو! حکوومەتی ویلایەتی فەقیە کە لە ساڵانی سەرەتای دامەزراندنیدا کێشەیەکی بنەڕەتیی لەگەڵ وشەی نەتەوە و میللەت هەبوو و وەک وشەگەلێکی بێمانا و دروستکراویی ڕۆژئاوا سەیری دەکرد و بەردەوام خۆی بەشێکی سەرەکی لە شارستانییەتی ئیسلامیی لە ژێر ناوی" ئوممەت ئیسلامی" پێناسە دەکرد، لە ساڵانی دواتردا نیشانی دا کە هەرکاتێک پێویست بێت وەک ئامرازێکی کاتی بۆ بەلاڕێدابردنی ڕاستییەکان و چەواشەکاری، کەڵکوەرگرتن لە تاقمێک بابەتی پەیوەست بە نەتەوە و ئێران لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تەواو ڕێگەپێدراوە!

گەمەکردن بەم بابەتە لە کۆماری ئیسلامیدا مێژوویەکی دەیان ساڵەی هەیە و وەک باس کرا، ڕێژیم لە کاتی پێویستیدا لەم دووانە دژبەرە وەک ئامرازێکی کاریگەر کەڵکی وەرگرتوە! ڕووداوەکانی ساڵانی ڕابردوو بەتایبەت خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی شۆڕشی ژینا کە لە ڕاستیدا بوو بە دەسپێکی مێژوویەکی تازە لە خەباتی گەلانی ئێران دژی ڕژیم لە لایەک و خەسارەکانی جەرگبڕی شەڕی دوانزە ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامیی گەیاندۆتە قۆناغێکی نوێی پڕوپاگەندە و کەڵک وەرگرتنی ئامرازیی لە چەمکەکانی وەک ناسیۆنالیزم و نیشتیمانپەروەری! ڕەنگە خاڵی وەرچەرخانی ئەم گۆڕانکارییە سیاسی وکۆمەڵایەتییە، داخوازیی عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی, دوای ئامادەنەبوون و خۆحشاردانێکی درێژخایەن، لە کۆڕێکی بەرپرسانی ڕێژیم لە مەداحێکی سەربە دەسەڵات بۆ پێشکەشکردنی سروودی "ئەی ئێران" هەژمار بکرێت. داواکارییەک کە بە تەواوی بە ئەنقەست لەلایەن مەداحیی سەر بە ڕێژیم و...

درێژە بۆ لاپەڕەی ٢

## مستەفا هیجری:

## قۆناغی دوای شۆڕشی ژینا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش نوختەگۆڕانێکی گەورەیە

مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی سێهەمین ساڵیادی بزووتنەوەی ژینا پەیامێکی بڵاو کردەوە.

**دەقی پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب بەمجۆرەیە:**

سێهەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی "ژینا"، بە دروشمی" ژن، ژیان، ئازادی" لە هەلومەرجێکی تایبەتدایە. سێ ساڵ دوای کوشتنی ژینا ئەمینی، کچە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی دەسەڵاتی ناوەندەوە، دۆخی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و ئێران و هەروەها دۆخی دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ گۆڕانکاریی قووڵ و هەلومەرجی نوێ بەرەوڕوویە.

قۆناغی دوای شۆڕشی ژینا، نە تەنیا بۆ کوردستان بەڵکوو بۆ ئێران و بگرە ناوچەکە، نوختەگۆڕانێکی گەورەیە. لەلایەک، پرسی ژیان و مافەکانی ژنان و بەهاکانی ئازادی و کەرامەتی تاک و کۆی نەتەوە ستەملێکراوەکان و هەموو کۆمەڵگەی ئێران لە ڕۆژەڤ و لە ململانێی بەردەوام لەگەڵ دەسەڵاتدایە؛ لەلایەکی دیکەوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە دۆخی بنبەستی سیاسی و بەڕێوەبەری و هەڵگری کۆمەڵێک قەیرانی چارەسەرنەکراودایە و ئەگەر هێزی سەرکوت و شەڕەنگێزیی لێ بەدەر بێت، توانای بەڕێوەبەری و مانەوەی نەماوە. بەستێنێکی گەورەتری ئەم هاوکێشەیە، هاوکاتبوونی بەریەککەوتنی ڕێژیم و دژبەرانی لە دوو ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدایە، لەلایەک خەڵکی ئێران و لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

سەرکوتی بەربڵاوی شۆڕشی ژینا، نەتەنیا نەیتوانی هێزی نەتەوە مافویستەکان پەراوێز بخات، بەڵکوو ململانێی نێوان ئیرادەی ئازادی و هێزی سەرکوتی بەرینتر کردووەتەوە و ئەوەی باڵادەستی دەنوێنێ ئیرادەی نەتەوە مافویستەکان و ئازادیخوازنە بۆ گۆڕینی ئەم ڕێژیمە و بنیاتنانی ئێرانێکی ئازاد بەڵام بەدوور لە چەوساندنەوە و عەقڵییەتی پاوانخوازانە و حاشالێکەرانە.

لە سێهەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی ژینادا، سڵاو دەنێرم بۆ ژنان و لاوانی پێشەنگ و کۆمەڵگەی ڕچەشکێنی کوردستان و سەرجەم ئازادیخوازان و نەتەوە مافخوازەکانی ئێران.

سڵاوی ڕێز و وەفا دەنێرم بۆ شەهیدانی شۆڕشی ژینا و بنەماڵە سەربەرزەکانیان و برینداران و قوربانییانی ئەم بزووتنەوەیە.

**مستەفا هیجری**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٤ی خەرمانانی ١٤٠٤**


**ئایدیۆلۆژیا وەک ئامرازی ڕزگاری**
شاڕوخ حەسەنزادە
٥

**بۆچی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران سەرناگرێ؟**
عەلی لەیلاخ
٦

**ژن، ژیان، ئازادی؛ مانیفێستێک لە کوردستانەوە**
ڕەحیم نزهەتزادە
٧

**کۆماری ئیسلامی، پرۆژەی تێرۆر و ئامرازی تێرۆریزم**
زانیار حوسێنی
٨

**بەرەو دانانی ویلایەتی فەقیهی دیجیتاڵی**
دارسمە
١١

کوردستان
ژماره ٩٠٣
٣١ی خەرمانانی ١٤٠٤ _ ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٥

حیزبی دێموکرات:

درێژەی سەروتار

# کاژ فڕێدان لە کاتی گیانەڵادا!

... دواتر لە لایەن ئامێری پڕوپاگەندەی کۆماری ئیسلامییەوە بە شێوەیەکی بەرچاو و ئاشکرا گەورە کرایەوە و بانگەشەی بۆ کرا!! حکوومەتێک کە سالانێک خۆی بە ئوممەتی ئیسلامی و تاکە وڵاتی شیعە لە جیهاندا ناو دەبرد، لەناکاو لە دەمی ڕێبەری خۆبەزلزان و ساختەی موسڵمانانی جیهان! بوو بە ئیران و نیشتیمان!!

لە ڕاستیدا ئەمە یەکەم نیشانەی پلانی نوێی دەزگای پڕوپاگەندەی و تەبلیغاتیی کۆماری ئیسلامی بوو لە پەنابردن بۆ ناسیۆنالیزمی ناڕوون و دووفاقی بە ناوی ئیرانی و نیشاندانی کرانەوەی فەزای کۆمەڵایەتی لە ئێراندا. کەڵکوەرگرتن لە چەند کەسایەتییەکی ناوداری تەلەفزیۆنی کە لە ساڵانی ڕابردوودا بە شێوەیەکی سەرەکی لە دوای ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا پەراوێز خرابوون و بانگهێشتی بەشێک لە گۆرانیبێژان و هونەرمەندانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات کە ساڵانێکە نەتەنیا لە هەر چەشنە کاری هونەری لە ئێران پەراوێزخراون بەڵکو تەنانەت هاتنەوەیان بۆ ئێران قەدەغەیە، قۆناغێکی دیکەی ئەم پلانە فرە چینەیی ڕێژیمە. ئەو وێنەیەی کە دەیەوێت نیشان بدات کە هەموو شتێک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئاسایی و ڕێگە پێ دراوە! سازدانی کۆنسێرتێکی گەورە لە گۆڕەپانی ئازادی تاران لەلایەن هونەرمەندێکی ناسراوەوە، کە دوای دەبڕینی ناڕەزایەتییەکی زۆر لە لایەن بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگە و هەڵبەت لە کۆتاییدا بە هۆی ترسی ڕژیم لە ئەگەری ڕووداوێکی نەخوازراو و کێشەی ئەمنیەتی هەڵوەشایەوە، بەشێکی دیکەی پلانی ڕێژیمە بۆ ئاسایی نیشاندانی دۆخی قەیراناوی وڵاتە ! ئێستا لە سەروبەندی سێهەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینادا، چڕی ئەو ڕێوشوێنانە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە! بەڕێوەچوونی چەندین کۆنسێرت و فێستیڤاڵ لە ماوەی ڕۆژانی نزیک لە ساڵوەگەڕی شۆڕش و تیشک خستنە سەر کۆمەڵێک بابەتی پەراوێزیی بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی لە واقیعەکانی کۆمەڵگە لە ساڵیادی سەرکوتکردنی خوێناوی شۆڕشی ژینادا، هەوڵێکی بێ ئومێدانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو کێشە بێشومارانەیە کە یەخەی وبەرۆکی ڕژیمی گرتووە!!

لە پەراوێزی ئەم پلانە فرەچینەیەدا، دەبێت ئاماژە بە بەکارهێنانی بەربڵاوی پڕوپاگەندەی پلان بۆ داڕێژراو لە سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بکرێت! کاتێک ڕێژیم لە ڕێگەی کۆمەڵێک بلۆگەر و کەسایەتیی ناسراوی ڕازاوە و شیک بە جلوبەرگی جوان و خاوەن سەرنج کە بەهەڵکەوت زۆربەیان ژنن و هەڵبەت بێ حیجاب تێدەکۆشێت کە بە ڕوانگەیەکی دیماگۆژی و بە ڕواڵەت دژە حکومەت، بە هێنانەگۆڕی تاقمێک بابەتی لاوەکی یان بەلاڕێدابردنی ڕاستیەکان پاکانە بۆ ڕێژیم بکرێت و جنایەتەکانی لە ژێر ناوی نیشتیمانپەروەری پەردەپۆش بکرن!

واقیعەکە ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی پێنجەمی حوکمڕانیدا، نە چیتر دەتوانێت چاوپۆشی لەو دژایەتییانە بکات کە بەرهەمی خۆیەتی و نە دەتوانێت بەبێ ئەوان زیندوو بمێنێتەوە! هەڵبژاردن، یان باشتر بڵێین دانانی مەسعود پزیشکیان و پەنابردنی دووبارە بە گەمە و کارتی سووتاوی ڕیفۆرمخوازی، گەڕانەوە بۆ سەر مێزی دانوستان لەگەڵ شەیتانی گەورە و ئەو ڕێوشوێنانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، جەختکردنەوە لەسەر تاقمێک بابەتی پەیوەست بە ناسیۆنالیزم و پێدانی هەندێک ئازادیی کۆمەڵایەتی، ئەگەر نیشانەی گۆڕانکارییەکی ڕوون لە ڕەفتاری کۆماری ئیسلامیدا نەبێت، دەتوانێت جۆرێک لە پێست گۆڕینی بێدەنگ بێت لە ڕەفتاری کۆماری ئیسلامیدا تازەترین قسەکانی خامنەیی کە دەڵێت سیاسەتی "نە شەڕ، نە دانوستان" ئیتر وەڵامدەرەوەی هەلومەرجی ئێستا نییە، بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ قووڵایی نیگەرانی دیکتاتۆری پیری تاران سەبارەت بە دۆخی ڕێژیمی وەلایەتی فەقیهـ! لە هەلومەرجێکی وادایە کە کۆماری ئیسلامی بیر لە ڕەنگ گۆڕین و پێست خستن و خستنەڕووی وێنەیەکی نوێ لە خۆی دەکاتەوە! هەڵبەت ئەگەر جەستەیەک مابێت و کەسێک باوەڕی بەم گۆڕانکارییە هەبێت! ئەم بزووتنەوە مەزن و گۆڕانکارییەی جیاوازەی کە لە شۆڕشی ژینا دەستی پێکرد و تا ئەمڕۆش بەردەوامە و ڕاستیدا بۆ یەکەم جار و بە شێوەیەکی سەراسەری تیشکی خستە سەر ڕێبەری ڕژێم و لەنێوبردنی تەواوی دەسەڵاتی وەلایەتی فەقیێە، هەموو پەردە و دیوارەکانی لابرد و دیوی شاراوە و کەمتر بیندراو و واقیعی دەسەڵاتی تاوانکار و نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو لایەک ئاشکرا کرد. لە ڕاستیدا ئەم ڕاپەڕینە مەزنە کە تێکڵاوی ئەوپەڕی سۆز، تێگەیشتن و وشیاری بوو هیچ شەرەف و ئابڕوویەکی بۆ ڕێژێمی کۆماری ئیسلامی نەهێشتەوە!

ڕاستی ئەوەیە کە پرۆسەی کاژ فڕیدان و هەوڵدان بۆ زیندوومانەوە لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە بۆ جەستەی لاواز و نەزاری کۆماری ئیسلامی جگە لە "یاسین خوێندن" و داوای لێبوردن لە خەڵک هیچ ڕێگایەکی تر نەماوە! کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی گەلانی ئێران لەمێژە مردووە و تەنیا کات و شۆنی ناشتنی ڕەنگە کەمێک دواکەوتبێت!

# لە ئێستادا هێز و ویستی نەتەوە بندەست و هەرێمە نەتەوەییە پەراوێزخراوەکان هێزێکی شوێندانەری داهاتووی ململانێیەکانە



وانەکانی د. شەرەفکەندی ڕووناکەرەوە و مەشخەڵی ڕێگای خەباتمان

## ڕاگەیەندراوی دەستەی کارگێڕیی حیزب بەبۆنەی ٣٣ ساڵەی تێرۆری د. سادق شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان**

٣٣ ساڵ بەر لە ئێستا و لە ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا، دوکتور سادق شەڕەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای کاک فەتاح عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک هومایون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئاڵمان و نووری دێهکوردی، دۆستی حیزب، بە پیلانی پێشوەختە و پلانبۆداڕێژراوی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری بێرلین تێرۆر کران.

دەزگای دادی ئاڵمان دوای ئەم کردەوە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی کە پەروەندە و دادگای ئەو تێرۆرە دەوڵەتییەی کۆماری ئیسلامی بە مێکونووس ناوی دەرکرد، دوای لێکۆڵینەوەیەکی وردی پێنج ساڵە، بەڕێوەبردنی ٢٤٧ دانیشتنی دادگا و بانگهێشتکردنی ١٧٦ کەس بڕیاری کۆتایی خۆی دەرکرد. بەگوێرەی بڕیاری دادگای بێرلین کردنە ئامانجی دوکتور سادق و قوربانییانی دیکەی ڕووداوەکە، تێرۆرێکی سیاسی و دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و بڕیاری ڕاستەوخۆی کاربەدەستانی هەرە سەرووی ڕێژیمی لە پشت بووە. حیزبی دێموکرات هەر ئەوکات بڕیاری دادگای بێرلینی بەرز نرخاند کە سەرەڕای گوشاری زۆری سیاسی بەڵام سەربەخۆیی خۆی پاراست و بە دەرخستنی ڕاستییەکان ڕوخساری ڕاستەقینە و تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی بۆ کۆمەڵگەی جیهانی ئاشکرا کرد.

مەبەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو تێرۆرە بەئەنجامگەیاندنی کارێکی نیوەتەواو و ئاکاموەرگرتن لە بڕیارێک بوو کە چەند ساڵ پێشتر لە بەرزترین ئۆرگانی ڕێبەریی ڕێژیمەوە درابوو. ئەویش بەئامانجگرتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەچۆکداهێنانی خەبات و خۆڕاگریی کورد، وەک دواسەنگەری بەربەرەکانی و ئازادیخوازی لە ئێراندا. بڕیارێک کە پێشتر بۆ تێرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات درابوو، و بە ناوی وتووێژ پەلکێشی بۆسەی ڤییەن کرابوو؛ بەڵام کاتێک بڕیاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی زانییان د. شەرەفکەندی وەک جێگرێکی لێوەشاوەی د. قاسملوو زۆر بەباشی کەلێنەکانی بێئەویی لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورددا پڕ کردۆتەوە، ئەمجارەیان ئەویان کردە ئامانج. بێگومان تیرۆری دوو سکرتێری بەوەج و کاریگەری حیزبی دێموکرات و دواتریش چالاکترکردنی ماشێنی تیرۆر لە باشووری کوردستان بۆ کردنەئامانجی کادر و پێشمەرگە و خەباتکارانی حیزبی دێموکرات، دەربڕی ترسی ڕێژیم لە خەبات و شوێندانەریی ئەم حیزبە و ئاماژەیەکی ڕوونتر بوو بۆ لاوازکردنی حیزب و بزووتنەوەی کورد لە ئێران بوو.

ئەگەرچی تێرۆری دوو سکرتێری گشتیی حیزب ئەویش بە ماوەی سێ ساڵ زەبرێکی قورس لە پەیکەری حیزبی دێموکرات بوو، بەڵام هاوسەنگەران و قوتابییانی ئەم دوو ڕێبەرە بلیمەتە لە مەیدانی خەباتی بەکردەوەی ڕزگاریخوازیدا سەلماندیانەوە کە ئەم بزووتنەوە و خەباتە ڕەوایە لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەڵقوڵیوە و هەتا دێ هەر پتر گەشەی سەندوە. ئەمەش گرێدراوی گەشەی بیروهزری ئازادیخوازی و؛ هیوا و دووڕەڕوانیی تاکوکۆی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانیەتی، ڕوانینێک کە بە وردی و بە ڕوونی لە خوێندنەوەی ڕێبەرانی شەهیدی وەک پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و بەڕێوەبەریی ئەم حیزبەدا ڕەنگی داوەتەوە.

دوکتور سادق ڕێبەرێکی لێهاتوو، هەڵکشاو لە قەڵافەتی پێشمەرگانە، ئاکادیمیسییەنێکی وردبین و شۆڕشگێڕێکی بەباوەڕو خاوەن پڕەنسیپی سیاسی و نەتەوەیی بوو. دوکتور سادق کەسایەتییەکی بەبڕشت بوو بە مانا بەربڵاوەکەی. ئەو لە بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتدا پێداگرییەکی تەواوی لە سەر هێڵە فکری و تەشکیلاتییەکانی حیزب دەکردەوە. دوکتور شەرەفکەندی لە هەموو ماوەی خەبات و تێکۆشانی خۆیدا خەمی گەورەی بەربڵاوکردن زیاتری جووڵانەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ئێران بە پشتبەستن بە پشتیوانی و خۆتێدادیتنەوەی زیاتری خەڵک بوو. کەم نووسین و وتاری دوکتور شەرەفکەندی هەیە کە لەواندا داوی لە خەڵک نەکردبێ جووڵانەوەکە بە هی خۆیان بزانن و پشتیوانیی لە بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی خۆیان بەربڵاوتر بکەن و پێویستە هەموو چین و توێژ و تاکەکانی کۆمەڵگە لە بەرامبەر چارەنووسی گەلدا خۆیان بە بەرپرسیار بزانن.

دوکتور سادق، لە پێگەی ئاکادیمیسییەنێکی سەرکەوتوو، زۆری گرینگی بە لایەنی تیۆری و مێژوویی بزووتنەوەی کوردستان و پرسە ڕەواکەی دەدا و بە نووسینی کتێب و وتار، ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی و چارەسەری پرسی کورد شی دەکردەوە. بە تایبەت لە سەروبەندی ڕووخانی دیواری بێرلین و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت و کۆتایی هاتنی جیهانی دووجەمسەری و شەڕی سارد و، لە درێژەی ئەو مێتۆدە سەربەخۆ و ڕەخنەگرانەیەدا کە ساڵانێک بوو لە حیزبی دێموکراتدا و لەسەر دەستی ڕێبەرانی وەک د. قاسملوودا نەهادینە کرابوو، خوێندنەوەیەکی نوێ و گونجاوی لەگەڵ دۆخی تازەدا دەکرد. لە پەیوەندی لە گەڵ پرسی نەتەوەیی، ڕوانگەیەکی کوردستانیی دیاریکراوی هەبوو. پێی وابوو کە کورد وەک کۆمەڵگە و کوردستان وەک نیشتمانێکی دابەشکراو، خاوەن ناسنامەی نەتەوەیی و شوناسی تایبەت بە خۆیەتی. ئەو بە شارەزایی و خوێندنەوەیەکی قووڵ کە لە مێژووی کورد و بزووتنەوە و ڕاپەرینەکانی کوردستان هەیبوو، گرینگییەکی تایبەتیی بە ناسنامەی نەتەوەیی و پرسی شوناسسازی دەدا. ئەم تایبەتمەندییەی دوکتور سادق وای کردبوو لە پەیوەندی لەگەڵ پێکهێنانی هەر جۆرە بەرە و هەواڵبەندییەک لە گەڵ لایەنە ئێرانیەکان، پرسی مافە نەتەوەییەکان بە بنەما و پێشمەرج وەربگرێت و بەشێکی سەرەکیی بێت لە گوتاری سیاسی ئەم ڕێبەرە مەزنە. بەڵام ئەم بنەمایە، نەبووە هۆی پشتگوێ خستنی پرسە هەستیار و بەها درێژخایەنەکانی دیکەی وەک پرسی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ، ستەمی چینایەتی و پرسی ژنان و هتد.

سەبارەت بە دەوری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و چین و توێژە جیاجیاکان و بەشدارییان لە بزووتنەوەی فرەجومگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕوانگەی تایبەت بە خۆی هەبوو. وێڕای گرنگیپێدان بە خەباتی پێشمەرگانە و بەرگریی ڕەوا و چەکداری، پێی وابوو خەباتی چەکداری ڕوانگەیەکە و خۆی گوتەنی "بۆ خەبات چ زۆرە ڕێگا" و لە ئاکامدا پێداگریی لەسەر پێویستیی بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە بزووتنەوەکەدا دەکردەوە.

ڕوانگەیەکی دیکەی دوکتور سادق، جەختکردنەوەی لە سەر پرسی سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکرات بوو و بەردەوام پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە "ئێمە بۆ خۆمان سیاسەتی خۆمان دیاری دەکەین، جا چ حیزبێکی بچووک بین یان گەورە، چ بەهێز بین یان بێهێز، سیاسەتی سەربەخۆیی خۆمان ناگۆڕین، چون ئێمە حیزبێکی سەربەخۆین". هەروەها لە پەیوەندی لەگەڵ چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات، پێداگریی لە سەر عاملییەتی نەتەوەی کورد دەکردەوە و پێی وابوو ئەوە تەنیا کوردەکانن کە دەتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن

تایبەتمەندییەکی بەرزی دیکەی دوکتور سادق، ڕوانگەی بۆ لێکنزیککردنەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر ئەساسی پڕەنسیپە نەگۆڕەکانی حیزبی دێموکرات وەک مافی نەتەوەیی و بابەتی دێموکراسی بوو. لەم پێناوەش هەوڵی زۆری دا کە سەرووتر لە ئاستی لایەنە ئێرانییەکان، پرسی کورد لە ئاستی ڕێکخراو و کۆمەڵە جیهانییەکان بێنێتە بەر باس و نێوەرۆکی پرسی کورد و سیمای ڕاستەقینەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە ڕای گشتیی جیهانیان بناسێنێت. بە داخەوە لە دوایین هەوڵەکانی و دوای بەشداریکردنی لە کۆنگرەی ئێنتێرناسیونال سۆسیالیست، بە مەبەستی سازدانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان، کرایە ئامانجی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شەهید کرا.

٣٣ ساڵ بە سەر تیرۆری ڕێبەری هەڵکەوتوومان تێدەپەڕێ. لەگەڵ بەردەوامبوون و لە گەشەبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی و جەماوەریی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دێموکرات لەسەر هێڵی نەتەوەیی و بەها و پڕەنسیپە سیاسییەکانی خۆی و ڕێبەرانی شەهیدی پێداگرە. ئەمە ڕێک پێچەوانەی ئەو بۆچوون و ئامانجە نگریسەی کۆماری ئیسلامییە کە ئێستاش پێی وایە بە ڕێگەی تیرۆر و ڕەشەکوژی و "نیعمەتی شەڕ لە کوردستان"، حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی دەسڕێتەوە. وەک چۆن دەبینین سەرەڕای ئەو هەمووە زەبرەی لەسۆنگەی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامییەوە بەر حیزبی دێموکرات کەوتوە، ئەم حیزبە نەک هەر لەنێو نەچووە، بەڵکوو بیری نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردستان و پرسە ڕەواکەی بەردەوام گەشەی کردوە و بەرفراوانتر بووە.

٣٣ ساڵ دوای تێرۆری مێکونووس ئەمڕۆکە لە ئاستی جەماوەری و کۆمەڵگەکانی سەر جوغرافیای ئێراندا، هێز و ویستی نەتەوە بندەست و هەرێمە نەتەوەییە پەراوێزخراوەکان، بووەتە هێزێکی شوێندانەری داهاتووی ململانێیەکان. لە ئاستی دەسەڵاتدا، ڕێژیم لەگەڵ زنجیرە قەیرانێکی تێکچڕژاوی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەریی بەرەوڕوو بۆتەوە کە دەربازبوونی لێیان مەحاڵە. لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا، تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی بە هەموو تۆڕ و هێزە پرۆکسییەکانی نەک هەر ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتر دەبن، بگرە ئێستا قووڵایی بێهێزی و دەستەوەستانیی ڕێژیم پتر لە هەر کاتێک دەرکەوتوە. فراوانخوازی و زێدەڕەوییەکانی لەژێر ناوی هەناردەکردنی شۆڕش و پەرەپێدان بە بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکی و تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە لەگەڵ ئاستەنگ و لەمپەری گەورە بەرەوڕوو بۆتەوە و لە کۆی ئەو گۆڕانکارییە نێوخۆیی و ناوچەییانەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران چیدی ناتوانێ خۆی بگرێتەوە.

٣٣ ساڵ دوای تێرۆری مێکونووس ئەم ڕاستییە پتر لە هەموو کاتێک خۆی دەرخستوە کە ئەزموونی خەباتی دوورودرێژ بەڵام دەوڵەمەندی کوردستان کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بزووتنەوەی ژینا لە نموونە بەرچاوەکانی بوو، ئەم ئەزموونە وێنای بەریەککەوتنی هێز و بەهاکانی ئازادی، مافی ژیان و کەرامەتی مرۆڤ و نەتەوەکانە بەرانبەر بە ئەزموونی شکستخواردووی ناوەندگەرایی و پاوانخوازی. بۆیەشە لە ساڵیادی تێرۆری دوکتور سادق و هاوڕێیانیدا، بە ورەی بەرز و بە هیواوە درێژە بە ڕێبازی پیرۆزی ئەو شەهیدە مەزنانە دەدەین و خوو و ڕەوشت و وانەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنە هەروا مەشخەڵی ڕووناککەرەوەی ڕێگای خەباتمان دەبێ. هاوکات لەسەر بنەمای مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکان و بنیاتنانی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵ، جەخت لە سەر هاوخەباتی و یەکڕیزیی هەموو نەتەوە بندەستەکان و هێز و لایەنە ئازادیخوازەکان دەکەینەوە.

سڵاو لە ڕۆحی پاکی شەهیدانی کوردستان

سڵاو لە ئیرادەی گشتیی و ڕوحی خۆڕاگری و خەباتکاریی خەڵکی کوردستان

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕی**
**٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٤**

# بزووتنەوەی ژینا سەلمێنەری پێشەنگایەتیی کوردستان
# لە خەبات دژ بە دیکتاتۆریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو

سێ ساڵ پێش ئێستا و لە ڕۆژانی کۆتایی مانگی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاویدا ڕووداوی شەهیدبوونی کچە کوردێکی لاو (ژینا ئەمینی، خەڵکی شاری سەقز) بە دەستی سەرکوتکەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تاران، بوو بە چەخماخەی سەرهەڵدان و بزووتنەوەیەکی بەرینی نارەزایەتی کە بەرفراوانبوونەکەی سەرنجی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دەوڵەتانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

بزووتنەوەکە کە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان لە گۆڕستانی "ئایچی"ی سەر بە شاری سەقز و لە کاتی ناشتنی تەرمی ژینا و بە ئامادەبوونی هەزاران کەس لە خەڵکی ناوچەکانی کوردستان دەستی پێ کرد، بە هەڵگرتنی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، پەیامێکی پڕنێوەرۆک و مانادار لە کوردستانەوە بە ئێران و گشت جیهاندا بڵاو کردەوە. بزووتنەوەیەک کە بە نیشانەگرتنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواویەتی خۆیدا، زۆر زوو توانی لە ئاستێکی بەرینی جەماوەریدا و بەبەشداریی زۆربەی نزیک بە تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان؛ کچان و ژنان، بازاڕی و کاسبکاران، لاوان و قوتابیان، مامۆستایانی ئایینیی نیشتمانپەروەر و خوێندکاران و... سنووری وڵاتان ببڕێ و سەر لە شەقامەکانی ئورووپا و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان دەربێنێ.

لەگەڵ ئەوەی ئاخێزگە و شوێنی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکە و درووشمەکانی کوردستان و یەکەم بانگەوازەکانی مانگرتن و خۆپێشاندانەکان لەسەر داوای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بوو، بەڵام پشتیوانیی خەڵکی شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ئێران لە بزووتنەوەی ژینا و کوردستان و هاتنە مەیدانی بەکردەوەیان بە دروشمی "کوردستان، چاو و چرای ئێران" هەم گوڕوتینێکی تایبەتی بە بزووتنەوەکە بەخشی و هەم ئالەنگاریی زیاتری بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی کردەوە و، هەروەها سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانییشی زیاتر کەوتە سەر. لە بەرانبەردا کۆماری ئیسلامی وەک ماهییەت و ڕەفتاری هەمیشەیی خۆی، بەجێی بەخۆداچوونەوە و ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵک و ویستە ڕەواکانیان کە ئازادی و دەستەبەرکردنی مافە دێموکراتیکەکانیانە، بە شێوەی سیستماتیک و بەوپەڕی دڕندەییەوە هێرشی کردە سەر خۆپێشاندەران. لە ئاکامی پەلاماری سەرکوتکارانەی هێزەکانی ڕێژیمدا، سەدان کەس شەهید، هەزاران کەس بریندار و هەر بەپێی دانانی کاربەدەستان و ناوەندە ڕەسمییەکانی ڕێژیم بە دەیان هەزار کەسیش دەستبەسەر و ڕەوانەی بەندیخانە کران کە وێڕای لەسێدارەدانی دەیان کەسیان کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە، بە هەزاران بەندکراوی دیکە بە نارەوا سزای قورس و گرانیان بەسەردا سەپێندرا.

بزووتنەوەی ژینا لەگەڵ ئەوەی سەلمێنەری پێشەنگایەتیی کوردستان لە خەبات دژ بە دیکتاتۆریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ڕاوەستان بەرانبەر بە بەبارمتەگرتنی ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان لە لایەن ئەم ڕێژیمەوە بوو، ئاکامی پەنگخواردنەوەی ڕق و بێزاریی سەرجەم خەڵک و گەلانی ئێران بوو کە زیاتر لە چوار دەیەیە، ویست و داخوازییە سیاسییەکانیان لە لایەن دەسەڵاتی سەرەڕۆ و ناوەندگەرای ئێرانەوە بە دڕندانەترین شێوەی مومکین وڵام دەرێتەوە و سەرکوت دەکرێن. بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی کە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی بە بەرینترین و جەماوەریترین بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران دادەنرێ و ژنان و لاوان ڕۆڵی بنەڕەتی و سەرەکییان تێدا بینی و نزیک بە دوو مانگی ڕەبەقی خایاند، لە ڕەوتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا خاڵگۆڕانێکی تایبەت بوو کە وەک ئاماژەی پێ درا، زۆرترین سەرنجی کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتیشی کەوتە سەر.

لە بزووتنەوەی ژینادا کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوە سیاسییەکەی ناوەندە و چەقی سەرنجەکان بوون. بۆیە لە ژوورە ڕەشەکانی بڕیار و پیلانگێڕیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بڕیار درا خەڵکی کوردستان و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بکرێنە ئامانج و هاوکات لەگەڵ هێرشی هێزی سەرکوتکەر بۆ سەر شۆڕشگێرانی سەر شەقامەکانی کوردستان، لە ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١هەتاوی‌دا سپای پاسدارانی ڕێژیم هێرشی مووشەکیی کردە سەر بنکە و بارەگای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان و بە دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگە و تەنانەت ژن و منداڵی لێ شەهید کردن.

ئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم هێرشانە کە دواتر لە دوو شەپۆلی دیکەش لە مانگی خەزەڵوەردا دووپات بوونەوە، بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران و لەتواناخستنی حیزبەکان لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەکەدا بوو. بەڵام ئەوەی دواتر لە پشتیوانیکردنی گەلانی دیکەی ئێران لە خەڵکی کوردستان و بەدەنگەوەهاتنی حیزبەکان لە نێوخۆی وڵاتەوە ڕووی دا، دەریخست کە ڕێژیم نەتەنیا مایەپووچ دەرچوو، بەڵکوو یەکگرتوویی نێوان گەلانی ئێران و پێگە و نفووزی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان -بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- لە نێو خەڵکدا چەندە قایم و چەسپاوە.

سرووشت و خەسڵەتە ئەمرۆیی و دێموکراتیکەکانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و پەیام و دروشمە بەڕۆژەکانی بزووتنەوەکە کە هۆکاری سەرەکی بۆ ڕاکێشانی بیروڕای گشتیی جیهانیی بوون، دەرفەتێکی مێژوویی بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا هێنایە ئاراوە. جیا لە شەقامەکانی وڵاتانی ئورووپایی کە دیاسپۆرای کورد و ئێرانی و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەی چەند مانگ کردبوویانن بە گۆڕەپانی پشتیوانی لە خەڵکی نێوخۆی وڵات و گەیاندنی دەنگ و پەیامی بزووتنەوەکە بە خەڵکی جیهانی ئازاد و مەحکوومکردنی سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم، دەرگا و کۆریدۆری کۆڕ و کۆبوونەوەی جۆراوجۆری دەوڵەتی و نێودەوڵەتی بۆ بیستنی دەنگ و پەیامەکانی بزووتنەوەی ژینا خرابوونە سەر پشت.

ئێستا کە یادی سێهەمین ساڵوەگەڕی دەسپێکی بزووتنەوەی ژینا دەکەینەوە و باس لە دەرفەتەکانی بەردەم بزووتنەوەی ژینا و بزووتنەوەی دەیان ساڵەی گەلانی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین، نایەکگرتوویی نێوان هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و نەبوونی ئالترناتیڤێکی بەهێز کە توانیبای و بتوانێ بۆ بنیاتنانی دەسەڵاتێکی گەلی و دێموکراتیک جێگرەوە بێت، کەمایەسییەکی سەرەکی و هەستپێکراوە. لەم پێوەندییە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دانانان بەم خاڵە سەرکییە لە لاوازییەکانی بزووتنەوەکە و بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر نەبوونی ئالترناتیڤ و لەکیسدانی دەرفەتەکان، بەرپرسیارانە لە پێناو داکۆکیکردن لە ماهییەتی بزووتنەوەی ژینا و ڕاوەستان بەرانبەر بە بەلاڕێدابردنی ئامانجەکانی لە لایەن ئەقڵییەتێکی پاوانخوازەوە، هەڵوێستی گرت و ڕاشکاوانە ڕوو بە خەڵکی کوردستان و گەلانی دیکەی ئێران باسی لە مەترسییەکانی ڕەوتە تەواویەتخوازەکان بۆ سەر ئامانجەکانی بزووتنەوەکە کرد.

هەرچەند بزووتنەوەی ژینا بە هۆکاری سیاسەتی سەرکوتکارانەی ڕێژیم و کۆمەڵێک هۆکاری دیکەی بەرهەست و زاتی کە ئاماژەیەکی پێ کرا، نەیتوانی بە ئامانجی سەرەکی و کۆتایی خۆی -کە لادانی



## ڕاگەیەندراوی دەستەی کارگێڕیی حیزب بەبۆنەی سێهەمین ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی)

کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەستەبەرکردنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی گەلی بوو- بگات، بەڵام وێڕای سەرهەڵدانی وەک خاڵوەرچەرخانێکی مێژوویی، بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵک و گەلانی ئێرانی چەند هەنگاوێک پێش خست و دەسەڵاتی سەرەڕۆ و ناوەندگەرای ئێرانی تووشی شڵەژانێک لە نارەوابوونی خۆی کرد.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژیناوە تا ئێستایشی لەگەڵ بێت نەک هەر نەیتوانیوە زامی بەرینبوونەوەی کەلێن و مەودای خۆی لەگەڵ خەڵک ساریژ بکات، بەڵکوو ئەم نێوانە تا دێت بەرین و قوڵتر دەبێتەوە. کەوایە بزووتنەوەی ژینا و ئامانجەکانی لە زەینی هەموو خەڵک و گەلانی وڵاتدا بە زیندوویی ماوەتەوە و لە بەستێن و دەرفەتی گونجاودا سەرهەڵدەداتەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ی زایینی و شەڕی دوازدە ڕۆژەوەی لەگەڵ ئیسرائیل، لە ڕووی هێز و پێگەی ناوچەیی، مەشروعیەتی نێوخۆیی، ماهییەتی ئیدئۆلۆژیکی، گوتار و ڕەوایەتەوە تووشی دارمان و بەتاڵبوونەوە هاتوە، ترسی سەرەکیی ئەو لێکەوتەکانی بزووتنەوەی ژینا و سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتییەکانی خەڵکە کە ئەمجارەیان لێ‌ڕزگاربوونی سەخت و دژوار دەبێت.

بە ئاوڕدانەوە لە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی بزووتنەوەی ژینا، لەسەر حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکە کە وێڕای پاراستنی دەسکەوتەکان و پێڕەوی و پشتیوانی لە شێوازەکانی خەباتێکی سەردەمیانەی گشتگیر و جەماوەری، ئازایانە ئاوڕ لە هەڵە و کەموکوڕییەکان بدەنەوە و پێشگیری لە لەدەستدانی دەرفەتەکان بگرن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا و هەم دواتریش هەوڵی دەستنیشانکردنی دەرفەت و هەڕەشەکانی بەردەم بزووتنەوەکەی دا و بەرانبەر بە هەر جۆرە پاوانخوازی و هەڕەشەیەک بۆ سەر کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی ڕاوەستا، باوەڕی وایە پێکهێنانی یەکگرتوویی نێوان هێزە کوردستانییەکان لەگەڵ یەکتر و، دواتر پێکەوە لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتە کە دەتوانێ دەستەبەری ئامانجەکانی بزووتنەوەی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بکات.

لە سێ ساڵەی ئەم بزووتنەوەیەدا وێڕای بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی سەرجەم شەهیدانی بزووتنەوەی ژینا، سڵاو دەنێرین بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ئەم بزووتنەوەیە کە تا ئێستاش بە بۆنەو و بیانووی جۆراوجۆر، بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ڕێژیم ڕاوەستاون و بە یادکردنەوەی شەهیدەکان، بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادییان لە زەین و یادەوەرییەکاندا بە زیندوویی هێشتۆتەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕی**
**٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٤**

# پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
# بۆ کۆنگرەی نۆهەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**ئەندامان و بەشدارانی کۆنگرەی نۆهەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

بە ناوی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەتان لێ دەکەم و هیوادارم کۆنگرەکەتان بتوانێ بەپێی پلان و بەرنامەی ئامادەکراو، ئەرکەکانی بە سەرکەوتوویی ڕاپەڕێنێ. ئێوە ئەرکێکی پیرۆز و ڕەسالەتێکی مێژووییتان لەسەر شانە و دەتوانن بە خستنەسەریەکی توانا و پوتانسیەلی گەورەی لاوان و ڕێکخستنیان لە ڕێکخراوەکەتاندا، لە بنیاتنانی داهاتووی نیشتمانەکەماندا نەخشی بەرچاوتان هەبێ.

کۆنگرەی نۆهەمی یەکیەتیی لاوان لە کات و هەلومەرجێکی هەستیار و چارەنووسسازدا بەڕێوە دەچێ. لە لایەک گۆڕانکارییە ناوچەییەکان بەتایبەت بەدوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبری حەماس بۆ سەر خاکی ئیسرائیل و تێوەگلانی میلیشیا نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دۆخێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە کە تیایدا ڕێژیم بەرەوڕووی کۆمەڵێک قەیرانی گەورە بۆتەوە و، لە لایەکی دیکە پەیوەندییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسۆنگەی هەوڵەکانی بۆ دەستڕاگەیشتن بە بۆمبی ئەتومی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر گرژی تێ‌دەکەوێ و ئەو ڕێژیمە لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندا پتر تەریک دەکەوێتەوە. هاوکات شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل و کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندە و بەرپرسانی باڵای سوپای پاسداران پەردەی لەسەر لاوازی و دەستەوەستانیی ڕێژیم بەرامبەر هەڕەشەی دەرەکی هەڵدایەوە و بانگەشەکانی هەیمەنەی درۆیینی ڕێژیمی پووچەڵ کردەوە کە چەندین ساڵە هەوڵی جێخستنی لە ناوخۆ و دەرەوە دەدا.

لە نێوخۆی وڵات و پێوەندیدار بە خەڵک، قەیرانی حوکمڕانی و خزمەتگوزاری و دۆخی نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە پەنا سەرکوتی بەربڵاو و سیستماتیکی هەر چەشنە حەڕەکەتێکی نارەزایەتی، تەنگیان بە نەتەوەکانی ئێران هەڵچنیوە. گەندەڵی و بەتاڵان بردنی سامانی وڵات لەلایەن سوپای پاسداران و دامودەزگاکانی نزیک لە دەسەڵات، نابەرپرسیار بوون بەرامبەر ژیان و گوزەرانی خەڵک و خەمساردی و بێ بەرنامەیی لە ئاست پاراستنی ژینگە، بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی دەیان قەیرانی خزمەتگوزاری و ئابووری و ژینگەیی لە ئێراندا.

**لاوانی وشیار و نیشتمانپەروەری کوردستان!**

کەڵەکە بوونی قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە، کە دەرەنجامی ناکارامەیی و لاساریی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمەیە، کاردانەوەی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. لە ناوخۆی ئێراندا بزووتنەوەی ئازادیخوازیی، بەردەوام لە گەشە و بەرەوپێشچوون دایە و گەلانی ئێران شێلگیرانە بەرەنگاری سیاسەتەکانی ڕێژیم بوونەتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵات قووڵتر دەبێتەوە. بزووتنەوەی ژینا لوتکەی نارەزایەتیی خەڵک بەرامبەر کۆی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی بوو کە لاوان بزوێنەر و پێشەنگی ئەو بزووتنەوەیە بوون. سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێ بە پاشخانێکی مەعریفی و شۆڕشگێڕانە، کە خواست و داواکارییەکانی خۆیان بە پێوەرەکانی دنیای ئەمڕۆیی و پێشکەوتوو پێناسە کردوە و چیتر ئامادە نین دەسەڵاتێکی دیکتاتۆڕ و سەرەڕۆ قەبووڵ بکەن، بۆتە دێوەزمەی کۆماری ئیسلامی. لاوانی کورد لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا، دەسپێشخەر و پێشەنگی گەورەترین و درێژماوەترین سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی سەردەمی کۆماری ئیسلامی بوون و توانییان بە هێنانە گۆڕی کۆمەڵێک دروشم و تێڕوانینی نوێ، هیوای ئازادی و ڕزگاری لە نێو گەلانی ئێراندا بچێنن.

سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە و دەستێوەردەرانەی ڕێژیم لە وڵاتانی ناوچە و پەرپێدان بە خۆ پڕچەککردن و بەرنامەی ناوکی و هەروەها هەڕەشە لە بەها مرۆڤایەتییەکانی وەک دیمۆکڕاسی و مافەکانی مرۆڤ، پێدەچێ بەرەبەرە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەو کۆدەنگییەک بەرێ بۆ فشارهێنانی زیاتر بۆ سەر ڕێژیم. نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی کورد قوربانیی سەرەکیی ئەو بارودۆخەن کە ڕێژیم لەماوەی نزیک بە پێنج دەیە دەسەڵاتدارێتیی خۆیدا خوڵقاندوویەتی. لە وەها بارودۆخێکدا کە کۆماری ئیسلامی لە ئەنجامی فشاری دەرەکیدا بەرەو لاوازی و پووکانەوە دەڕوا، دەرفەتێکی گونجاو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان دێتە گۆڕێ کە پێویستە لاوان بیقۆزنەوە و خاوەنداریێتی لێ بکەن. لاوانی وریا و وشیاری کورد کە باش لەوە تێگەیشتوون تەنیا ڕێگای چارەسەری هەموو ئەو قەیرانانەی کە هەژاری و بێ دەرەتانی و بێ مافی لێکەوتۆتەوە، ڕووخانی ئەو ڕێژیمەیە، لە پێناو وەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا لە هیچ فیداکارییەک دریغیان نەکردوە و نایکەن.


**ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڕوای بە هێزی لەبڕاننەهاتووی لاوان هەیە و پێی وایە کوڕان و کچانی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری کوردستان لە ڕیزی هەرە پێشەوەی خەباتی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. حوزوور و بەشداری بەرچاو و کاریگەری لاوان لە چالاکیی فەرهەنگی، هونەری، ژینگەیی و هتد لە چوارچێوەی کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوی جۆراوجۆردا، خەباتی ناسنامەخوازی گەلەکەمانی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێش بردوە. لاوانی کورد چ لە بەرگی پێشمەرگایەتی و لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا و چ لە چالاکییە مەدەنییە شوناسخوازانەکاندا توانیویانە ببنە قەڵای کوردایەتی و بەگژداچوونەوەی ستەمکاری و دیکتاتۆڕی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی لە خەباتی ڕەوای لاوان بۆ دەستەبەر کردنی داهاتوویەکی گەش دەکا و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک بە ئەزموونترین ڕێکخستنی لاوانی کورد هان دەدا لە کار و چالاکیی ناسنامەخوازانە لە پێناو پتەو کردنی بنەما نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا بەردەوام بێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕیی**
**٢٨ی خەرمانانی ١٤٠٤**

کوردستان
• ژماره ٩٠٣
٣١ی خەرمانانی ١٤٠٤ _ ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٥



# بەشێک لە تایبەتمەندی و خسڵەتە بەرزەکانی شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی



مستەفا شلماشی

بۆ یەکەمجار دوکتور شەرەفکەندیم لە دیدارێک لەگەڵ شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملوودا ناسی. پێش کۆنگرەی چوار کە من تازە لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە ناوچەی ورمێ گەڕابوومەوە، لە مەهاباد سەردانێکی شەهید دوکتور قاسملووم کرد. لە دانیشتنەکەماندا دوو کەسی دیکەشی لێ بوون. یەکیان کاک سەلیم بابانزادە بوو و ئەوی دیکەشیان کەسێکی وشیاری خڕە بنەی چاوزیت و دەم بە پێکەنین بوو، کە هەر لە یەکەمین چاوپێکەوتندا هەستێکی تێدا دەبزواندی کە هەوڵ بدەی زۆرتری بناسی. دوکتور قاسملوو ڕووی لەو پیاوە کرد و منی پێ ناساند. پاشان دوکتور شەرەفکەندیشی بە وەسفێکی جوان لە باری خوێندەواری و لێهاتووییەوە بە من ناساند.

لەو ڕۆژە بە دواوە هەرکات من و دوکتور شەرەفکەندی بگەیشتینایە لای یەکتر زۆر بەگەرمییەوە پێکەوە قسەمان دەکرد و دەتوانم بڵێم لە زۆربەی هەڵوێستە سیاسییەکانی حیزبیشدا لێک نیزیک بووین و لە شێوەی کاری حیزبیشدا زۆر پێکەوە هەم ئاهەنگ بووین. ئەڵبەت جاروبار جیاوازی بیروڕاشمان هەبوو کە بەدڵ فراوانییەوە لەگەڵ یەکتر تاوتوێمان دەکرد. دیارە لەو کاتانەدا ئەمن وەک شاگردێک گوێم بۆ دەگرت و ئەو وەک مامۆستایەک بە سەبرو حەوسەلەوە باسی لەگەڵ دەکردم. کاری حیزبی و هەلومەرجەکانی ئەوکات بوو بەهۆی ئەوەی کە بۆ ماوەی چەند ساڵان ببینە هاوکاری یەکتر و تەنانەت هاومەنزڵی یەکتر. لە دوای کۆنگرەی چوار کاتێک هەردووکمان بووینە ئەندامی ڕێبەریی و ئەندامی دەفتەریی سیاسی، زۆرتر یەکترمان ناسی و زیاتر لە تایبەتمەندییەکانی یەکتر شارەزا بووین. لە دوای ساردبوونەوەی وتووێژەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەدوای شکستهێنانی هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیشدا بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد بەشێوەی سیاسی لە ئێراندا، حیزب بڕیاریدا دەفتەریی سیاسی لە شاری مەهاباد بەرێتە دەرێ و یەکەم دەستەی کادرەکانی دەفتەر و دەورووبەری دەفتەری نارده ناوچەی سەرشاخان لە دۆڵە شێخان. هاوکات لەگەڵ ئەو هەنگاوەدا ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانیش دامەزرا و دەنگی زوڵاڵی ئەو ڕادیۆیە لە شیو و دۆڵەکانی کوردستان دەنگی دایەوە.

من و دوکتور شەرەفکەندی و کاک عەزیز ماملێ و کاک فەتاحی کاویان و کاک تەها عەتیقی و زۆر هاوڕێی دیکەش کە ڕەنگە ناوی زۆریانم لەبیر نەمابێ، لەنێو یەکەم دەستەدا بووین کە چووینە دۆڵە شێخان و کاری سەرەکیمان نووسین بۆ ڕادیۆ و ڕۆژنامە بوو، سەرەڕای هێندێک کاروباری دەفتەری سیاسی. وا ڕێکەوت کە چادری من و شەهید دوکتور شەرەفکەندی ڕاست بە پەنای یەکەوە بوون. بەو بۆنەوە کە من عوسمانی خوشکەزام لەگەڵ بوو و بەیانیان خێرا هەڵدەستا دەچوو بەشە نان و ماست و پەنیری خۆمانی دێنا، نانی بەیانانمان هەمیشە پێکەوە لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی دەخوارد. لەوەش گرنگتر کاتێک دەفتەریی سیاسیمان گواستەوە بۆ شیوەجۆ لە ناوچەی سەردەشت، ژوورێکیان دانابوو کە من و دوکتور شەرەفکەندی پێکەوە تێیدا بحاوێینەوە. ژوورەکەمان بە کەندەڵانێکەوە دروست کرابوو کە لای سەرەوەی دیوارەکە هەر خودی کەندەڵانەکە بوو. هەریەکەی لە لایەک بە بلۆک و دەرگای کۆن نەوعێک تەختی نووستنمان دروست کردبوو. بە نێوەڕاستی تەختی هەردووکماندا جۆگەلەیەکمان دروست کردبوو، تا لە بەهاراندا کاتێک ئاو زۆر دەبوو، ئەو ئاوەی لە کەندەڵانەکەوە دەچۆڕایەوە بچێتە نێو جۆگەلەکە و، بڕواتە خوارێ، تا ژوورەکەمان زۆر تەڕ نەکا.

جگە لەو پێکەوە بوونە، ئێمە هەردووکمان پێکەوە لە تەڵەیەک ڕزگاریمان بوو کە کۆماری ئیسلامی بە هاوکاری حیزبی توودە، بەشێک لە گرووپی حەوت کەسی، ڕەحمانی کەریمی و هێندێک کەس لەنێو ڕیزەکانی حیزبدا و بە ئاگاداری قیادەی مووەقەت، بە ناوی وتووێژەوە لە ناوچەی شنۆ بۆیان دانابووین تا بمانگرن. دیارە بە هاوکاریی بێوێنەی یەکتر و بەشێک لە کادرە بەوەفاکانی حیزب توانیمان لەو تەڵەیەش دەرچین کە بەشێوەیەکی زۆر دەقیق بۆ ئێمە و بۆ حیزب بەگشتی داندرابوو. جگە لەوانەش زۆر سەفەر و هاوڕێیەتی دیکەمان لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی پێکەوە هەبووە و تەنانەت لەو کاتەش ڕا کە من هاتوومە دەرەوەی وڵات تا کاتی شەهیدبوونی ئەو ڕێبەرە بلیمەتە، بەردەوام نامە نووسینمان بۆ یەکتر هەبووە و تا ئێستاش بۆ خۆم خاوەنی گەنجینەیەک لە نامەی دەسخەتی ئەو ڕێبەرە بلیمەتەم. ئەو کورتە باسە لە شێوەی ئاشنا بوون و پێکەوە بوون بۆ ئەوە بوو کە بڵێم بە ڕاستی ئەو ڕێبەرە مەزنەم ئەوەندە ناسیوە کە لە خۆم ڕاببینم باسی کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی بکەم.

یەکەم تایبەتمەندیی دوکتور شەرەفکەندی، "خاکی بوون و خۆگونجاندن"ی ئەو بوو لەگەڵ هەر جۆرە ژیانێک کە بۆی بێتە پێش. دیارە ئەوەندەی بیستوومە لە سەردەمی منداڵیدا تووشی تەنگ و چەڵمەی ژیان بووە. بەڵام لەو کاتەوە کە خۆی ناسیبوو بەهۆی زیرەکی و بلیمەتییەکەیەوە توانیبووی ژیانێکی خۆش بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی دەستەبەر بکا. ئەو کە خاوەنی بڕوانامەی دوکتورا بوو لە پسپۆڕییەکی گرنگی وەک شیمی، ئەویش لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک فەڕانسە، ژیانی تا ئەوکاتی زۆرتر بە خوێندن و مامۆستایی و مامۆستایی زانکۆ تێپەڕی بوو. بەڵام دەتوانم بڵێم لەو شاخانەی کوردستان لە هەمووومان خاکیتر و ڕازیتر بوو بەو ژیانە پێشمەرگانەیەی کە لەپێناو ئامانجەکانی نەتەوەکەماندا هەڵمانبژاردبوو. کەسێکی ئەوەندە نەفسبەرز بوو کە ئەگەر دوو ڕۆژیش نانی نەخواردبایە، یا هەر نانی نەدرابایە دەنگی لێ نەدەهات. هەرچی لە بەردەمی داندرابایە بە بێدەنگی دەیخوارد. ئەوەندە خاکی بوو کە خێرا پڕی دەدایە قاپ و قاچاخەکانی خۆی و دەیشتن. جلەکانی دەشتن و هەڵی دەخستن، هەرچەند ئەولاوە پێشمەرگانەی لە دەورمان بوون زۆریان هەوڵ دەدا نەیەڵن ئەو کارانە بکا. هێندە لەگەڵ ژیانی شاخ خۆی گونجاندبوو کە تەنانەت لەگەڵ مارێکی شینی سەرپان ببوو بە هاوڕێ. ئەوکاتەی لە ناوچەی سەرشاخانی مەهاباد بووین، لای خوارەوەی چادرەکانمان کەڵەک بوو و بەردەمی چادرەکانیشمان سەکۆ بوو. شەوانە تا کاتی نووستن کە دوکتور چرا فانۆسەکەی هەڵدەکرد و دەستی دەکرد بە نووسین، یا خوێندنەوە، مارەکە لەنێو ئەو کەڵەکە بەردەوە سەری وەدەر دەنا و ملی بەرز دەکردەوە و چاوی لە دوکتور دەکرد. ئەویش بێ ئەوەی خۆی تێکنێ پێدەکەنی و دەیگوت ها ڕفیق بەخێر بێیەوە! ئەمن بەش بەحاڵی خۆم لەوەی دەترسام ئەو مارە ڕۆژێک کارێکمان بداتە دەست و بەردەوام داوام لە دوکتور دەکرد با بیکوژین. ئەو ڕازی نەبوو دەیفەرموو، لێیگەڕێن بووەتە دۆستمان. ئاخری تا کاتی گواستنەوەمان ئەو مارە زۆر شەوان میوانی بوو.

دووهەم تایبەتمەندی زۆر بەرزی دوکتور شەرەفکەندی "ماندوویی نەناسی"ی ئەو بوو. هیچ کات لە کارکردن ماندوو نەدەبوو. لە ڕاستیدا جگە لەو چەند سەعاتەی کە دەنووست، هەمیشە کارێکی هەر دەکرد. یا لە کۆبوونەوە و باسکردن دابوو، یا دەینووسی و یا خەریکی خوێندنەوە بوو. دیارە جاروباریش وەختی دەدا بە قسەی خۆش و گاڵتەکردن لەگەڵ دەورووبەری. لەگەڵ هەموو کەس دەدوا. پلەی خوێندەواری، تەمەن، پلەی بەرپرسایەتی و پلەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو هیچ کاتێک بەربەست نەبوون بۆ ئەوەی لەگەڵ دەورووبەری هەڵسوکەوت بکا، یا تەنانەت شۆخی و جەفەنگ بکا. ئەو تایبەتمەندییە کارێکی کردبوو کە لە کۆتاییدا ببوو بە هاوڕێی کوڕ و کچەکانی ڕادیۆ و چاپەمەنیی حیزب. هێندە لەگەڵیان ڕێک کەوتبوو کە دایم لەنێو ئەو کۆمەڵە کادرە لاوەی حیزبدا بوو و ڕەفتارێکی لەگەڵ دەکردن کە زۆرتر لە نێوان هاوڕێیانی گیانی بە گیانیدا دەکرێ، تا لەنێو بەرپرس و کادری کاریدا. بۆیەش زیادم نە گوتووە ئەگەر بڵێم دوکتور شەرەفکەندی خۆشەویستترین بەرپرسی حیزب بوو لەنێو کوڕ و کچەکانی ڕادیۆ و چاپەمەنیی حیزبدا.

سێهەمین تایبەتمەندیی دوکتور شەرەفکەندی بریتیی بوو لە: "هۆش و زەکاوەتی بێوێنە"ی ئەو ڕێبەرە. سەری باست بکردایەوە، ئەو ئاخری باسەکەی دەخوێندەوە. هەڵسەگاندنەکانی لەسەر خوێندنەوەیەکی قووڵ و ورد و هەمە لایەنەی ئەو مەسەلەیە بوو، کە باسی لێوە دەکرا. ئەو هەوڵی دەدا بەر لە هەڵوێستگرتن، مەسەلەکە بە باشی تێبگا. شێوەی ئانالیز و هەڵسەنگاندنەکانی زانستی بوون، لە لایەن کەسێکەوە کە هۆش و زیرەکییەکی بێوێنەی هەبوو. لە باس و وڵامدانەوە نەدەترسا و زۆر ئەهلی پۆلیمیک بوو. بەتایبەت لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە ئێرانی و کوردستانییەکاندا هەر کاتێک هەلی بۆ هەڵکەوتبایە ڕاشکاوانە بۆچوونەکانی خۆیی باس دەکرد و بە زمانێکی پاراوی کوردی و فارسی، مەسەلە سیاسییەکانی شی دەکردەوە. ئەو کاتانەی لە شیوەجۆ بووین، یا لە ناوچەی ئالانی سەردەشت، هەیئەتی حیزبە ئێرانی و کوردییەکان بەردەوام سەردانیان دەکردین و یەکێک لە چالاکترین کەسەکانی دەفتەریی سیاسی لەگەڵ ئەو هەیئەتانە دوکتور شەرەفکەندی بوو.

چوارەمین تایبەتمەندی دوکتور شەرەفکەندی ئەوە بوو کە "زۆر باش دەیتوانی بیر و بۆچوونەکانی خۆی فۆرمولە بکا" و بینووسێتەوە. بۆیە یەکێک لە باشترین قەڵەم بەدەستەکانی حیزب بوو. بە فارسی و کوردی زۆر ڕەوان و جوانی دەنووسی. لە باری فەرهەنگیشەوە مرۆڤێکی پڕ و بەتوانا بوو. هەر لەو کاتەدا وەرگێڕێکی باشی فارسی بۆ کوردی، یا کوردی بۆ فارسی بوو. ئەوکاتانەی کە بەرپرسی ڕادیۆ و چاپەمەنی بوو، ئیدی ترس لەوە نەبوو کە بەرنامەیەکی ڕادیۆ یا دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان وەدوا کەوێ. ئەو کاتانەش کە بەرپرسی ئەو بەشە نەبوو، هاوکارێکی بەردەوام و جێگای پشت پێبەستن بۆ ئەو بەشە بوو. من بۆخۆم هەردووک حاڵەتەکەم لەگەڵ تاقی کردوەتەوە. کاتێک بەرپرسی ئەو بەشە بووە، هاوکارێکی بەردەوامی بووم و کاتێک من بەرپرسی ئەو بەشە بووم، پشتیوانێکی بەردەوام و کاریگەرم بووە.

پێنجەمین تایبەتمەندیی دوکتور شەرەفکەندی، کە ئەگەر بۆ کاری سیاسی هەڵی سەنگێنین دەکرێ پلەی یەکەمی لە تایبەتمەندییەکانیدا بدەینێ، بریتیی بوو لە: "سەربەخۆیی لە بۆچووندا" و بێ پێچوپەنا قسەکردنی ئەو کەم وێنە بوو. هەمیشە خاوەنی بۆچوونی خۆی بوو و هیچ کاتێکیش و لەژێر هیچ فشارێکیشدا ئامادە نەبوو بۆچوونی خۆی بشارێتەوە. هاوڕێیەتی و تەنانەت ڕەفاقەتیش بەجێگای خۆی، بەڵام هەر بۆچوونێکی لەسەر هەر کەسیش هەبایە، بێپەردە و زۆر بەڕوونی دەریدەبڕی. ئەهلی پێداگری بوو لەسەر بۆچوونەکانی و جاری واش بوو ئەوە بە باری نەرێنیشدا دەشکایەوە. تا قانیع نەبایە دەستی لە بۆچوونی خۆی هەڵنەدەگرت و ئەوەش جاری وابوو وردە کێشەی لێ دروست دەبوو، چونکە بە هاسانیش نەدەتوانرا قانیع بکرێ. ئەو خاوەنی هزری تایبەت بەخۆی بوو کە بەشی هەرە زۆری لە ستراتێژی خەباتی نەتەوەیی و ستراتێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرگیرابوو.

شەشەمین تایبەتمەندیی دوکتور شەرەفکەندی کە گەورەترین هێزی بۆ درێژەدانی خەبات پێ بەخشیبوو، "ساغبوونەوەی فیکری" ئەوبوو. هەر لە ئەوەڵین ڕۆژەکانەوە کە ناسیوومە بۆم دەرکەوتوە کە ئەو بلیمەتە ئاشقی کوردایەتی بوو. هەرچەند یەکێک لە ڕووناکبیرە گەورەکانی کوردستان بەحیساب دەهات، بەڵام هیچ کاتێک خۆی پێوە ڕانەدەنا و هەوڵی نەدەدا بۆ ئەوەی پۆزی ڕووناکبیری لێ بدا و ئیزم و میزمان بەکار بێنێ. دیارە لەو جێگایەی کە پێویست بایە بەکاری دێنان، بەڵام بۆ خۆنواندن نا. جگە لە مافی نەتەوەیی و دێموکراسی بانگەشەی بۆ هیچ بیر و بۆچوونێکی دیکە نەدەکرد. هەرچەند لەگەڵ ڕێکخراوە چەپە ئێرانییەکاندا نێوانی زۆر خۆش بوو، بەڵام قەت ئیددیعای ئەوەی نەدەکرد کە بیروبۆچوونی چەپی هەیە. باوەڕی بە یەکسانی هەبوو، بۆ بەرهەمهێنانی بەختەوەری بۆ مرۆڤەکان، بەڵام ئەوەی پەیوەست نەدەدایەوە بە ئیدئۆلۆژیکێکی تایبەتەوە. ئەو یەکسانیی وەکوو مافێک دەدیت و کراوەش بوو لەو بارەوە کە ئەو یەکسانییە چۆن و بە چ میکانیزمێک وەدی بێ. ئەگەر پێناسەیەکی گشتی لە بیروبۆچوونی دوکتور شەرەفکەندی بکەم دەڵێم: ناسیۆنالیستێکی سۆسیال دێموکرات بوو. واتە بەر لە هەموو شتێک وەدیهێنانی مافی نەتەوەیی پێ گرنگ بوو، پاشان دێموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی.

حەوتەمین تایبەتمەنی ئەو بلیمەتە "ئازایەتی و بەوڕەیی" بوو. ئەو لە بڕیاردانا ئازا بوو و تەنانەت ئەگەر مەسەلەیەکی زۆر هەستیار و دژواریشی بهاتایە بەردەم، دەیتوانی ساغبوونەوە بکا و بڕیار بدا. ئەمن بۆخۆم شاهیدی زۆر بڕیاری دژوار بووم لەو کاتانەدا کە پێکەوە لە یەک ئۆرگاندا بووین، یا پێکەوە لە مەئموورییەتێکی تایبەتیدا بووین. لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتدا و لە کاتی تەنگ و چەڵمەکاندا هەموو دەورووبەریانی شاهیدی بۆ دەدەن کە مرۆڤێکی بە ئیرادە و بوێر بووە. بەتایبەت دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو زۆر بەجوانی ئەو بوێری و ئیرادەیەی لەخۆی نیشاندا و توانی تا ڕادەیەکی زۆر کەلێنی دوکتور قاسملوو پڕ بکاتەوە. هەر بۆیەش دوژمنی قین لە دڵ هەموو ئیمکاناتی تێرۆریستی و زانیاری خۆی بۆ تەرخان کرد و شەهیدی کرد.

ئەو حەوت تایبەتمەندییە، لەگەڵ زۆر خوو و ڕەوشتی دیکەی ئەو ڕێبەرە مەزنە ئەویان کردبوو بە کەسێکی لێهاتوو بۆ ڕێبەری کردن. دیارە باسی هەموو تایبەتمەندییەکانی دوکتور شەرەفکەندی و هەموو ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی کە لە ژیانی خۆیدا چ بۆخۆ پێگەیاندن و چ لە بواری بەرپرسایەتیی وەعۆدەگرتندا لەخۆیی نیشان دا بوو لە چوارچێوەی گوتارێکی ئاوا کورتدا کە مەجالێکی دیاریکراوی هەیە، ناگونجێ و بێگومان ناساندنی ئەو بلیمەتە بە تەواوی پێویستی بە کتێبێک هەیە. بۆیە بە باسکردنی دوو تایبەتمەندی نەرێنی ئەو ڕێبەرە کۆتایی بە باسەکەم دێنم. سەرەڕای ئەو هەموو لێهاتوویی، خوێندەواری و بوێرییەی کە شەهیدی ڕێبەر هەیبوون، بە باوەڕی من وەک هەر مرۆڤێکی دیکە دەکرێ خاڵی نەرێنیشی هەبووبن. بە بۆچوونی من دوو تایبەتمەندیی تا ڕادەیەک نەرێنی لە دوکتور شەرەفکەندیدا هەبوون:

یەکەم "تووڕە بوون و هەڵچوون" کە زۆرجار لە ڕادەی پێویست زیاتر خۆیان دەنواند. ئەو ڕێبەرە بلیمەتە جاری وابوو زۆر تووڕە دەبوو. تووڕەییەکەی هەڵچوونی تێدا بوو و هێندێک جار کەسی بەرانبەری دەڕەنجاند. ئەڵبەت توندییەکەی زۆرجار یارمەتیدەر بوو بۆ مودیرییەت کردن، بەڵام کاتێک لە کوورە دەردەچوو، ئیدی ڕێگای بۆ باسکردن نەدەهێشتەوە و بەرانبەرەکەی یا دەبوو تەسلیم بێ، یا بەجێی بێڵێ. جاری وابوو بۆ خۆشی دوای ئەوەی کە خاو دەبۆوە، لەو ڕەفتارەی ناڕەحەت بوو.

دووەم "بێموبالاتی لە باری ئەمنییەتییەوە" کە بەداخێکی گرانەوە ئەو تایبەتمەندییە لە زووربەی ڕێبەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە و تا ئێستاش زیانێکی زۆری لە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە. ئەو تایبەتمەندییە لە دوکتور شەرەفکەندیشدا زۆر بوو. هەر ئەوەش هەلی بۆ ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی ڕەخساند تا لە نێوجەرگەی ئورووپادا تێرۆری بکا.

سڵاو لە ڕۆحی پاکی شەهیدی ڕێبەر، دوکتور شەرەفکەندی و ئەو هاوڕێیانەی لەگەڵی شەهید کران، شەهید فەتاحی عەبدولی، شەهید هۆمایونی ئەردەڵان و شەهید نووریی دێهکوردی. یاد و ناویان بەرز و بەڕێز بێ.

***

کوردستان
• ژمارە: ٩٠٣
٣١ی خەرمانانی ١٤٠٤ _ ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٥

# ئایدیۆلۆژیا وەک ئامرازی ڕزگاری:
# شیکارییەکی "ئاڵتوسێر"ییانە بۆ خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵات

(٢-١)






شاڕوخ حەسەنزادە

**پێشەکی:**

بۆچی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ئێران، سەرەڕای زیاتر لە سەدەیەک خەبات و قوربانیدان، هێشتا بە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی نەگەیشتوە؟ ئەم وتارە ئەم بۆچوونە زەق دەکاتەوە کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان، تێوەگلان لە "شەڕی ئایدیۆلۆژیاکان"دا بە شێوەیەکی نارێک بووە. بە بەکارهێنانی چوارچێوەی ڕامان و تیۆریی "لویی ئاڵتوسێر"، باس لەوە دەکەین، لەکاتێکدا ڕێژیمی دەسەڵاتدار ئایدیۆلۆژیایەکی تۆتالیتەر بۆ سەرکوت بەکار دەهێنێت، بزووتنەوەی کوردیش هێندێک جار کەوتۆتە داوی دۆگماتیزمی ئایدیۆلۆژیی نێوخۆییەوە. ڕێگەچارە، نکۆڵیکردن و ڕەتکردنەوەی ئایدیۆلۆژیا نیە، چونکە وەک ئاڵتوسێر دەڵێت: "ئەمە کارێکی مەحاڵە، بەڵکوو چارە، دامەزراندن و بەکارهێنانی "ئایدیۆلۆژیایەکی ئاوەزمەندانە"یە؛ واتە چوارچێوەیەکی هزری؛ وەک ئامرازێکی ستراتیژی و نەرم بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکان بەکار بهێنرێت

**بنەما تیۆرییەکان؛ خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئایدیۆلۆژیا بە ڕوانینی لویی ئاڵتوسێر**

وشەی ئایدیۆلۆژیا (ideologie) یەکەمجار لە دەورووپشتی ساڵی ١٧٩٦ لە فەڕەنسا لە لایەن فەیلەسووفێک بە ناوی "دێستۆت دۆ تراسی" بە واتای "زانستی ئایدیاکان" داهێنرا. بەڵام ئەم واتایە زۆر زوو لە لایەن "ناپلیۆن بۆناپارت"ەوە گۆڕانکاریی بەسەردا هات؛ ئەو ئەم وشەیەی بە شێوەیەکی سووکایەتی پێکردن بە ئاماژەدان بەو ڕۆشنبیرانەی دژبەری بوون و بە دابڕاو لە واقیعی دەزانین، بەکار هێنا. لە کۆتاییدا، "کارڵ مارکس" لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا واتای ڕەخنەگرانە و مۆدێڕنی بەم چەمکە بەخشی و ئایدیۆلۆژیای وەک "وشیاریی چەواشە" پێناسە کرد؛ واتە بیروبۆچوونەکانی چینی دەسەڵاتدار کە بۆ پاساودانەوەی باڵادەستیی خۆیان و شاردنەوەی چەوساندنەوە بەکار دەهێنرێت. بەشێوەیەکی گشتی، پێناسە و ڕوانگەی جیاواز سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی لەم وتارەدا بۆ ئێمە گرنگیی بنەمایی هەیە، چوارچێوەی تیۆریی لویی ئاڵتوسێرە.

بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی جوان گۆڕەپانی ئاڵۆزی ململانێی ئایدیۆلۆژی لە کوردستانی ئێران شی بکەینەوە، پێویستە لە پێناسە ساکار و باوەکانی ئایدیۆلۆژیا (وەک کۆمەڵێک بیروباوەڕی سیاسی) تێپەڕین. چوارچێوەی تیۆریی "لویی ئاڵتوسێر"(١)، فەیلەسووفی مارکسیستی فەڕەنسی، ئامرازی چەمکی و بەهێزمان بۆ توێکاریکردنی چینە شاراوەکانی دەستەڵات و بەرگری پێ دەبەخشێت. ئەو، ئایدیۆلۆژیا نەک وەک "وشیاریی چەواشە"، بەڵکوو وەک پێکهاتەیەکی گشتگیر و پێویست دەبینێت کە پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ جیهاندا پێک دەبەستێتەوە. لەم بەشەدا سەرەتا، باس لە تەتەڵەی چوار چەمکی سەرەکیی تیۆرییەکەی دەکەین کە بۆ شیکارییەکەی ئێمە پێویستن.

**١. دەزگا ئایدیۆلۆژییەکان لە بەرانبەر دەزگا سەرکوتکارەکاندا**

ئاڵتوسێر پێی وایە هیچ حکوومەتێک ناتوانێت تەنیا بە پشتبەستن بە زەبروزەنگ دەستەڵاتی هەبێت. مانەوەی هەموو حکوومەتێک بەندە بە تێکەڵەیەک لە سەرکوت و قایلکردن. ئەو ئەم دوو کارکردە لە چوارچێوەی دوو دەزگای جیاوازدا ئاوابەندی دەکات و دایدەڕێژێت:

. دەزگای سەرکوتکاری دەوڵەت: ئەم دەزگایە ئەو دامەزراوانە لەخۆ دەگرێت کە بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی توندوتیژی یان هەڕەشەی توندوتیژییەوە چالاکی دەکەن: سپا، پۆلیس، دادگاکان و زیندانەکان. ئەرکی ئەم دەزگایە، سەپاندنی باڵادەستیی جەستەیی و سڕینەوەی فیزیکیی نەیارانە.

. دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەت: ئەم دەزگایانە بریتییە لە: دامەزراوەی بە ڕواڵەت ناسیاسی و پەرشووبڵاو، وەک: سیستەمی پەروەردە، بنەماڵە، دامەزراوە ئۆلی (ئایینی)یەکان، میدیاکان، حیزبە سیاسییەکان و ناوەندە کولتوورییەکان. ئەرکی سەرەکیی ئەم دەزگایانە سەرکوت نیە، بەڵکوو بەرهەمهێنانەوەی ئایدیۆلۆژیای باڵادەستە لە ڕێگەی قایلکردن و شێوەپێدانی بیروباوەڕەکانەوە.

شاکلیلی شیکارییەکەی ئاڵتوسێردا ئەوەیە کە حکوومەتێکی سەقامگیر، حکوومەتێکە کەمتر پشت بە دەزگا سەرکوتکارەکان و زیاتر پشت بە دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی ببەستێت. باڵادەستیی ڕاستەقینە کاتێک دێتە دی کە خەڵک، بایەخ و نۆرمەکانی چینی دەسەڵاتدار وەک شتێکی "ئاسایی" و "سەلمێندراو" قبووڵ بکەن و بە شێوەیەکی خۆویستانە پەیڕەویی لێبکەن. ئەم جیاکارییە بۆ تێگەیشتن لە ستراتیژیی دوو لایەنەی حکوومەتی ئێران لە کوردستاندا پێویستە: لە لایەکەوە، ئامادەبوونی قورسی هێزی نیزامی و ئەمنییەتیی دەزگا سەرکوتکارەکان و لە لایەکی دیکەشەوە، هەوڵی بێوچانی بۆ تواندنەوەی کولتووری (ئاسیمیلاسیۆن) لە ڕێگەی قوتابخانە و میدیاکانەوە یان هەمان دەزگا ئایدیۆلۆژییەکان.

**٢. بانگهێشتن؛ ئایدیۆلۆژیا چۆن ئێمە دەکات بە "سووژە"؟**

ئەمە یەکێک لە داهێنەرانەترین چەمکەکانی ئاڵتوسێرە. ئەو دەپرسێت: میکانیزمی ئایدیۆلۆژیا چۆن لەسەر ئاستی تاکەکەسی کار دەکات؟ وڵامەکەی "بانگهێشتن"ە. ئایدیۆلۆژیا "بانگی" تاکەکان دەکات و دەیانکات بە سووژە (Subject). میناکە نەریتییەکەی، هاواری پۆلیسێکە لە شەقامدا: "هۆی، تۆ!" ئەو کەسەی ئاوڕ دەداتەوە، لە هەمان چرکەدا خۆی وەک "سووژەی بەردەنگ" دەناسێتەوە و هاوکات، دان بە دەسەڵات و هێزی ئەو پۆلیسەشدا دەنێت.

ئەم پرۆسەیەی بانگهێشتنە، هەر لە سەرەتای لەدایکبوونەوە و بەشێوەیەکی بەردەوام لە لایەن دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانەوە بەڕێوە چووە. خێزان وەک "کوڕ" یان "کچ"، قوتابخانە وەک "قوتابی"، ئایین وەک "بڕوادار" و دەوڵەت وەک "هاونیشتمانی" بانگهێشتمان دەکات. ئێمە قبووڵی ئەم شوناس و ناسنامانەیە دەکەین و بە بەشێکی ئاسایی و سروشتی لە بوونی خۆمان دەزانین، غافڵ لەوەی ئەم شوناسە، ئێمە لە نێو پێکهاتەی دەسەڵاتی ئاراییدا جێگیر دەکات. ئەم چەمکە ڕاستەوخۆ ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە منداڵێکی کورد چۆن لە لایەن سیستەمی پەروەردەی ئێرانەوە بانگهێشت دەکرێت، تاکوو خۆی لە پلەی یەکەمدا وەک "ئێرانییەک" (بە پێناسەی ناوەندگەرا) بناسێتەوە و چۆن بزووتنەوەکانی کوردیش لە هەوڵی "دژە-بانگهێشتن"ێکدا، هەمان منداڵ وەک "سووژەیەکی نەتەوەیی کورد" بانگهێشت دەکەن.

**٣. بوونی ماددیی ئایدیۆلۆژیا؛ ئایدیۆلۆژیا تەنیا "ئایدیا" نیە**

بەپێچەوانەی تێڕوانینی باو، ئاڵتوسێر جەخت لەوە دەکاتەوە؛ ئایدیۆلۆژیا لە زەینی تاکەکاندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو "بوونی ماددی"ی هەیە. ئەم بوونە ماددییە لە سێ ئاستدا شایەنی وێناکردنە:

. لە دەزگاکاندا: قوتابخانەیەک یان تۆڕێکی تەلەڤیزیۆنی، بوونێکی فیزیکی و ڕێکخراوەییە کە ئایدیۆلۆژیا بەرهەم دەهێنێت.

. لە کردار و ئاکارەکاندا: بیروباوەڕەکانی تاکێک لە ڕێگەی کردارەکانیەوە مانا پەیدا دەکات. باوەڕبوون بە ئایینێک، لە کردەی نزا یان نوێژکردندا دەردەکەوێت.

. لە ڕێوڕەسم و بۆنەکاندا: ئەو کاروچالاکییانەی بەشێوەی بەکۆمەڵ و دووپاتە بەڕێوە دەچن، وەک ڕێوڕەسمی بەیانیانی قوتابخانەکان، جەژنە نیشتمانییەکان یان ڕێوڕەسمە ئایینییەکان، بەهێزترین ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوەی ماددیی ئایدیۆلۆژیان.

ئەم تێڕوانینە یارمەتیمان دەدات هەتا ململانێی ئایدیۆلۆژی لە کوردستان نەک وەک "شەڕی بیرۆکەکان"، بەڵکوو وەک "شەڕ لەسەر کردار و هێماکان" ببینین. سووربوونی حکوومەت لەسەر بەڕێوەبردنی جەژنە فەرمییەکان لە بەرانبەر سوور بوونی خەڵک لەسەر بەڕێوەبردنی پڕشکۆی ڕێوڕەسمی نەورۆز، یان گۆڕینی ناوی شوێنە جوگرافییەکان لە کوردییەوە بۆ فارسی، وێنەیەکی ئەم شەڕەن لە گۆڕەپانی ماددیاتدا.

**٤. جیاوازیی زانست و ئایدیۆلۆژیا؛ ئامرازێک بۆ ڕزگاری**

ئەم جیاوازییە، کلیلی سەرەکییە بۆ دارشتنی ئامانجە کۆتاییەکەی ئێمە. لە ڕوانگەی ئاڵتوسێرەوە: ئایدیۆلۆژیا پەیوەندییەکی "زیندوو" و زۆربەی کات نائاگاهانەی لەگەڵ جیهاندا هەیە. ئایدیۆلۆژیا بۆ کارکردنی کۆمەڵگە پێویستە و ئێمە "هەمیشە-پێشتر" لە ناو ئەودایـن. کەواتە خۆدزینەوە و دەربازبوون لە ئایدیۆلۆژیا ئەستەمە. زانست (کە بۆ ئاڵتوسێر، وێنە بەرزەکەی مارکسیزم یان ماتریالیزمی مێژوویی بوو) هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە "ناسینەوەی بابەتییانە" لە واقیع و میکانیزمەکانی. زانست دەتوانێت لە دەرەوە ڕا بڕوانێتە ئایدیۆلۆژیا و شێوازی کارکردنی بۆ شاردنەوەی پەیوەندییە ڕاستەقینەکانی هێز ئاشکرا بکات.

ئەم جیاوازییە بەو مانایە نیە، کە دەتوانین ئایدیۆلۆژیا وەلا بنێین و لە جیهانێکی "زانستی"دا بژین. بەڵکوو بەو مانایەیە کە دەتوانین بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی شیکاریی ئاوەزمەندانە و زانستی، لە ئایدیۆلۆژیای خۆمان تێبگەین و ئاگادار ببینەوە، ڕەخنەی لێبگرین و لە پێکهاتەیەکی دۆگمایی و کوێرانەوە بیکەین بە ئامرازێکی ئاگاهانە بۆ کرداری سیاسی. ئەمە ڕێک ئەو بنەمایەیە کە ئێمە چەمکی "ئایدیۆلۆژیای ئاوەزمەندانە"ی لەسەر ڕۆدەنێین: ئایدیۆلۆژیایەک کە لەبڕی نکۆڵی و حاشا، بەردەوام خۆی دەخاتە بەر ڕەخنەی ئاوەزمەندانە و عەقڵانی.

**گۆڕەپانی ململانێی ئایدیۆلۆژیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

لەم بەشەدا، ئێمە چەمکەکانی ئاڵتوسێر وەک ئامرازێک بۆ توێکاریکردنی گۆڕەپانی ململانێی ئایدیۆلۆژی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکار دەهێنین. ئەم ململانێیە لە دوو بەرەی سەرەکیدا بەڕێوە دەچێت(دەرەکی و ناوخۆیی): بەرەی دەرەکی، واتە خەبات دژی ئایدیۆلۆژیای هێژموونێکی دەستەڵاتی ناوەندیی و، بەرەی نێوخۆیی، واتە ڕەکابەری و هێندێک جار ناکۆکیی نێوان ئایدیۆلۆژیاکانی ناوخودی بزووتنەوەی کوردی.

١. ئایدیۆلۆژیای هێژموونێکی "ئەوی دی": شیعەگەری-پانفارسیزم لە کردەوەدا

حکوومەتی ئێران بە مەبەستی پاراستنی یەکپارچەیی و بەرهەمهێنانەوەی باڵادەستیی خۆی، کەلک لە ئایدیۆلۆژیایەکی تێکەڵاو و بەهێز وەردەگرێت کە دەتوانین ناوی بنێین "شیعەگەری-پانفارسیزم"(٢). ئەم ئایدیۆلۆژیایە لە ڕێگەی هەر دوو دەزگاکەی دەوڵەت، واتە سەرکوتکار و ئایدیۆلۆژییەوە، بەشێوەیەکی سیستەماتیک و پلان بۆ داڕێژراو جێبەجێ دەکرێت.

. سەپاندنی باڵادەستی لە ڕێگەی دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانەوە

. سیستەمی پەروەردە: قوتابخانە گرنگترین دەزگای ئایدیۆلۆژییە بۆ "بانگهێشتکردنی" منداڵانی کورد. لە ڕێگەی قەدەغەکردنی سیستەماتیکی زمانی کوردی و سەپاندنی زمانی فارسییەوە. منداڵی کورد وا تێدەگەیەنرێت کە زمانی دایکیی بۆ فێربوون و پێشکەوتن ناتەواوە. کتێبەکانی مێژوو، گێڕانەوەیەکی ناوەندگەرا و فارستەوەر لە مێژووی ئێران لەخۆ دەگرن کە تێیدا، مێژوو، کولتوور و کەسایەتییەکانی کورد یان بە تەواوەتی بێدەنگ و ونن یان وەک بەشێکی پەراوێزخراوی "گشتی ئێرانی" پێناسە دەکرێن. لەم پرۆسەیەدا، قوتابیی کورد وەک "سووژەیەکی ئێرانی" بانگهێشت دەکرێت کە شوناسە نیشتمانییەکەی لە پێش ناسنامە نەتەوەییەکەیتی.

. میدیا گشتییەکان: میدیا فەرمییەکان، ئایدیۆلۆژیای باڵادەست لەسەر ئاستی جەماوەری بەرهەم دەهێننەوە. ئەوان بە نیشاندانی وێنەیەکی کلیشەیی لە کوردەکان (وەک سنوورنشینانی ئازا، خاوەنی کولتووری خۆجێیی سەرنجڕاکێش و...)، ناسنامەی سیاسی و داخوازییە نەتەوەییەکانیان پەراوێز دەخەن. هاوکات، هەر جۆرە چالاکییەکی سیاسی یان مەدەنیی کوردی، خێرا بە لکاندنی تاوان و ناتۆرەی ئەمنی وەک "جیاییخوازی"، "سەر بە بێگانە" و "تێرۆریزم" بێبایەخ دەکرێت. لکاندنی ئەم ناووناتۆرە ئامانجدارانە، بیروڕای گشتیی غەیرە کورد بۆ قبووڵکردنی سەرکوت ئامادە دەکات.

. دامەزراوەی ئایینی فەرمی: بە بڵاوکردنەوەی خوێندنەوەیەکی فەرمی لە شیعەگەری وەک بڕبڕەی پشتی ناسنامەی نیشتمانی و بەکارهێنانی گوتاری "ئوممەتی یەکگرتووی ئیسلامی"، هەر جۆرە جەختکردنەوەیەک لەسەر شوناسی نەتەوەیی کوردی وەک هۆکارێکی "دووبەرەکیخوازانە" و هەڕەشەیەک لەسەر یەکیەتیی ئایینیی موسڵمانان دادەنرێت. ئەم پرسە بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی فرە ئایینی بوونی بەشێکی زۆری کوردانی ڕۆژهەڵات، کەلێنێکی ئایینی دەخاتە سەر قەڵشتە نەتەوەییەکەوە.

. تەواوکردنی باڵادەستی لە ڕێگەی دەزگای سەرکوتکارەوە: کاتێک دەزگا ئایدیۆلۆژییەکان لە بەرهەمهێنانی ڕەزامەندی و ملکەچیی بە تەواوەتی دەدۆڕێنن، دەزگای سەرکوتکار دێتە مەیدان. ئامادە بوونی ڕادەی زۆر و بەربڵاوی هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکان، دەستبەسەرکردن و ڕەشبگیری چالاکانی مەدەنی، سیاسی، ژینگەیی، ئەدەبی، زمانی، ژنان، کرێکاران، فەرهەنگییان، ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی زیندانییانی سیاسی، دەرکەوتەی ڕوونی کارکردی دەزگای سەرکوتکارە. بەڵام خاڵە سەرەکییەکەی ئاڵتوسێر لێرەدایە؛ ئەم توندوتیژییە فیزیکییە، هەمووکات لە لایەن ئەو ئایدیایە کە لە ناوەندە ئایدیۆلۆژییەکاندا بەرهەم هاتووە "پاساو"ی بۆ دەهێنرێتەوە، چەواشە دەکرێت و بەلاڕێدا دەبرێت. چالاکێکی کورد بە هۆکاری "بەرگری لە زمانی دایک" دەسبەسەر ناکرێت، بەڵکوو بە تۆمەتی "هەوڵدان بە دژی ئاسایشی نەتەوەیی" دەگیرێ. تێکۆشەرێکی سیاسی لەبەر "هەبوونی بیروباوەڕی سیاسیی جیاواز" لەسێدارە نادرێت، بەڵکوو بە تۆمەتی "شەڕکردن لەگەڵ خودا" (محاربة) پێناسە دەکرێت. بەم شێوەیە، توندوتیژیی فیزیکیی دەزگای سەرکوتکار، وەک بەرگرییەکی ڕەوا لە بەها ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەت، ئاوابەندی دەکرێت.

**(بەشی دووهەم و کۆتایی ئەم وتارە ژمارەی داهاتوو دادەنرێ)**

***

١. Louis Pierre Althusser-1918-1990

٢. ئایدیۆلۆژیای ڕێژیمی پاشایەتی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی دێرینگەرا (بە تەوەریێتی ئاریایی) و مۆدێرنیزاسیۆنی ناوەندگەرا دامەزرابوو. خاڵی هاوبەشی هەردوو ڕێژیم کە بووە هۆی تێڕوانینی وەک یەک بۆ نەتەوەکان، پرۆژەی دەوڵەت-نەتەوەی تاکشوناس و ناوەندگەرا بوو. ڕێژیمی پەهلەوی، شوناسی "ئێرانی" لە چوارچێوەی هاونیشتمانییەکی سێکولار و فارسیزماندا پێناسە دەکرد، کە شانازیی بە مێژووی ئێرانی دێرینەوە دەکرد(کە خۆی دایتاشیبوو) و کۆماری ئیسلامیش شوناسی "ئێرانی" لە چوارچێوەی هاونیشتمانییەکی موسڵمانی شیعە و فارسیزماندا پێناسە دەکات. لە هەردوو ڕوانگەکەدا، شوناسی سەربەخۆی کوردی (و نەتەوەکانی تر) وەک "هەڕەشەیەک" بۆ ئەم پرۆژەی یەکسانسازییە نەتەوەییە و یەکپارچەیی خاک سەیر دەکرا و سەرکوت دەکرا. لەم نێوەدا، تەنیا پاساوی ئایدیۆلۆژیی سەرکوتکردنەکە لە "پاراستنی مۆدێرنیتە و یەکیەتیی نەتەوەیی"یەوە بۆ "پاراستنی ئیسلام و یەکیەتیی ئوممەت" گۆڕاوە.

# خەرمانێک لە خەمەکانی خەرمانان


سەباح نیکخا

لەمسەر بۆ ئەوسەری "خەرمانانی سوور" هەتا چاو هەتەر دەکات، خەرمانەی چرای خوێنی خەباتکارانی ئەو خاکەیە؛ بووە بە ڕووناکیدەری ڕێبازی سەربەخۆیی و سۆمای چاوی ڕۆڵە چاونەترسەکانی خاوەن خولیای ئازادی لە خۆرهەڵاتی خۆراگری کوردستاندا. سەرقافڵەی شەهیدانی ئەم مانگەمان، شەهیدی سەرکردە مەلا ئاوارەیە کە ١١ی خەرمانانی ٤٧ لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوییەوە تێکەڵ بە کاروانی نەمران بوو.

کۆماری ئیسلامییش، هەر هاتە سەر کار، شەڕێکی لەگەڵ کورد دەست پێ کرد کە هەتا ئەمڕۆیش بەردەوام قوربانی دەگرێ. شەڕێک کە بوو بە هۆی شەهیدبوونی خۆشەویستترین ڕۆڵەکانمان و کوشتارگەیەکیش بۆ داگیرکەر. شەهیدەکانی ئێمە قارەمانانی ڕێی ڕزگاری و مافخوازیی نەتەوەیەکن و تا هەتایە بیرناچنەوە و کوژراوەکانی ئەوانیش بە ڕووڕەشی چوونە نێو زبڵدانی مێژووەوە.

لەم شەڕی مان و نەمانەدا، بەناو سەربازەکانی ئیسلام بە فەتوای أَشِـدَّاءُ عَلَـى الْكُفَّـارِ هەموو چەشنە تاوانێکیان لە کوردستاندا تاقی کردەوە و ئەمانەی خوارەوە تەنیا مشتێک لە نموونەی خەرواری برینەکانی "خەرمانانی خوێناوی"ن بە پێی جۆری پیلانەکانی ڕێژیمی ئاخوندی:

**١. تیرۆر:** – یەکەمین ئەندامی ڕێبەریی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵات کە بە شێوازی تیرۆر شەهید کرا سەرگورد حەبیبوڵا عەباسی بوو، ١ی خەرمانانی ٥٩ لە مەهاباد. هەندێک لە سەرکردە تیرۆر کراوەکانی دیکەمان هەر لەم مانگەدا بریتین لە:

– سەعید یەزدان پەنا، ٢٨ی خەرمانانی ٧٠ لە گەڕەکی زەرگەتەی سلێمانی تیرۆر کرا.

– سدیق کەمانگەر کە ١٣ی خەرمانانی ٦٨ لە ئۆردووگای بەردانگا لە ڕانیە تیرۆر کرا.

– دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی: فەتاح عەبدولی و هومایوون ئەردەڵان کە ٢٦ ی خەرمانانی ٧١ لە بێرلینی پایتەختی ئاڵمان تیرۆر کران.

**٢. بۆسە و پیلان:** – کاک فوئاد مستەفاسوڵتانی، هاوڕێ لەگەل هونەرمەندی شۆڕشگێڕ تەهموورس ئەکبەری ٩ خەرمانانی ٥٨ لە کەمینێکدا لە گوندی بسامی سەقز تیرۆر کران.

– خاتوو عیففەت قازی، چالاکی سیاسی و کچی "پێشەوا قازی محەمەد" ١٥ی خەرمانانی ٦٩ لە شاری ڤێستۆسی سوێد بە تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو لە نامەیەکدا گیانی لێ ئەستێندرا.

– شەریف باجوەر و هاوڕێکانی کە ڕۆژی ٣ خەرمانانی ٩٧ بە تەقینەوەی مینێکی پێشوەختە و لە ئاگرکەوتنەوەیەکی ساختەدا لە گوندی سەڵەسیی مەریوان تێکەڵ بە کاروانی نەمران بوون.

**٣. بۆردومان:** ١٧ی خەرمانانی ٩٧ قەڵای دیموکرات لە کاتی بەستنی پلینیۆمی کومیتەی ناوەندیدا بە مووشەکی دوورهاوێژ کرایە ئامانج و ١٦ کادر و پێشمەرگە شەهید بوون کە لە نێویاندا ئەم ٦ کەسە ئەندامی ڕێبەری بوون: نەسرین حەداد، کەریم مەهدەوی، ئیبراهیم ئیبراهیمی، ڕەحمان پیرۆتی، هاشم عەزیزی و سوهەیلا قادری.

**٤. قەڵاچۆ:** کۆمەڵکوژیی گوندەکانی قارنێ و قەڵاتان لە ١١ی خەرمانانی ٥٨ کە تەنیا لەم دوو گوندەدا ٦٨ کوردی مەدەنی شەهید کران.

**٥. ئێعدامی بەکۆمەڵ:** شەش ڕۆژ دوای فتوای جیهادی جەللادەکەی جەماران دژ بە گەلی کورد، و لە دادگاییەکی ٥ خولەکیدا بە فەرمانی خەڵخاڵی جینایەتکار لە ٣ی خەرمانانی ٥٨ دا ٨ ڕۆڵەی تێکۆشەری کورد لە ناو پادگانی مەریوان گوللەباران کران، دوو ڕۆژ دواتریش لە فڕۆکەخانەی سنە ١١ خەباتکاری دیکەیان تیرباران کرد کە یەکێکیان بە برینداری و لەسەر "برانکارد" بردرایە بەر جوخەی ئێعدام.

**٦. لەسێدارەدان:** ئێعدامەکان ڕێژەیان لەم مانگەدا زۆر زۆرە و تەنیا چوار لاوی کورد بە نموونە دەهێنمەوە کە هاوکات لەگەڵ مووشەک بارانەکەی کۆیە و دوو ڕۆژی دواتردا لە تاران و میاندواو لەسێدارە دران: ڕامین حسەین پەناهی، لوقمان، زانیار مورادی و کەماڵ ئەحمەدی‌نژاد کە پارێزەراکانیان دەڵێن هیچیان شایانی سێدارە نەبوون و جگە لە کورد ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و چالاکانی مافی مرۆڤ لە هەموو جیهاندا داوای ڕاگرتنی حوکمی سێدارەی ئەو کۆمەڵە بەندییە سیاسییەی کوردیان کرد. ئێستاکەش دایکە جەرگ سووتاوەکانیان لە گۆڕستانی خاوەراندا وێڵن بە دوای گڵکۆی ڕۆڵە گۆڕبزرەکانیاندا.

بە بێشەڵانی چڕی کارەسات و زامە جۆراوجۆرەکانی خەرمانانەکاندا هاتین و نەبەزین و ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١پارەکە گەیشتینە دەواری بسکە ئاڵۆزەکەی خاتوو ژینا ئەمینی؛ چڵێک لە داربەڕووی سەقز، ئەو داربەڕووەش ڕەگی لە کۆماری کوردستانەوە داکوتابوو و شەمشەمە کوێرەکانی تاران نەیانزانی ئەو کیژە شۆخەمان لە بەر سریوەی ئەستێرە ڕاکشاوەکانی فەیزوڵڵابەگی و تریفەی مانگی سوورە سوارەکەی کۆمەڵەدا باڵای کردووە و بە سانایی، نامرێ و ناوی ئەبێتە ڕەمز.

ئەو بسکە بوو بە تەونی قاڵییەک، بە پانتایی هەموو ئێران. لەو ساتەوە هەر هەڵاڵە برمە دەگرێت و هەتا ئێستاش تابلۆیەکی هیوابەخش و گوڵگوڵینە. ژینا ئێستا نەک هەر پەڵەی شەرمێکی دیکەیە بە نێوچاوانی دزێوی ڕژیمی ژنکوژی ئاخوندییەوە، بەڵکوو ناوی شۆڕشێکە، سەد هێندەی تر ئەو دەسەڵاتەی سووک و بێ‌ئیعتیبار کردوە و دروشمەکەی "ژن، ژیان، ئازادیی" سنوورەکانی کوردستان و ئێرانی بڕیوە و زیاتر لە هەر ڕاپەڕینێکی ترمان کێشەی کوردی بە جیهان ناساندوە.

ناو و یاد و ڕێبازی شەهیدانی مانگی خەرمانان و سەرجەم شەهیدانمان، بەرز و بەرێز و پڕ ڕێبوار بێ و بەڵێن بێ تا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان لە خەبات بەردەوامین.

# بۆچی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران سەرناگرێ؟

## ڕاپەڕینی ژینا وەکوو نموونەیەکی کەم‌وێنە! (٢-١)


عەلی لەیلاخ

سێ ساڵ بەسەر یەکێک لە گرنگترین ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی خەڵکی کوردستان و ئێران بەرانبەر بە دەسەڵاتی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی تێپەڕ بوو، و هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، بەشێکی زۆر لە خەڵک و بەتایبەتی هەڵسووڕاوانی سیاسی بە دوای وڵامی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێن، کە بۆچی سەرەڕای بەربڵاویی ئاستی خۆپێشاندانەکان و بەردەوامبوونی تا چەندین مانگ و تەنانەت دەنگدانەوەی بەرینی جیهانی، بەڵام دیسانەکە کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتەکەی لەم کێشەیەش ڕزگاری بوو؟ سەرەتا با بزانین ناولێنانی ئەم ناڕەزایەتییە لەژێر ناوی شۆڕشی ژینا چەندە پێناسەی شۆڕش (ئینقلاب) لەخۆ دەگرێ، و ئەساسەن جیاوازیی شۆڕشەکان لەگەڵ ڕاپەڕینەکان چین؟ کۆماری ئیسلامی لەسەر چ کۆڵەکە و بە کام دارەڕا تا ئێستا خۆی ڕاگرتوە؟

ئەگەر بمانهەوێ بە زمانێکی سادە باس لە جیاوازییەکانی ئینقلاب لەگەڵ سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بکەین، هەر بەپێی پێناسە و ئەزموونی جیهانی ئەوەیە کە "شۆڕش" بەرهەمی ناڕەزایەتی و تووڕەییەکی پەنگخواردوویە، کە ڕێبەرایەتیی دیاریکراوی هەیە و لە ڕێگای ڕەفتاری جەماوەری و ڕادیکاڵییەوە بە مەبەستی هەڵتەکاندن و سەرووبنکردنی ڕێژیمی دەسەڵاتدار، ڕوو دەدا و بەرچاوترین ئەو شۆڕشانەی کە بە چاوگەی شۆڕشەکانی دیکە دەناسرێن لە مێژوویی جیهاندا، بریتین لە: شۆڕشی فەڕەنسا (١٧٩٩–١٧٨٩) و شۆڕشی ١٩١٧ی زایینی لە ڕووسیە، و هەتا ئەوەی پێوەندیدارترە بە ئێمەوە بێ، واتە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا.

خاڵی هاوبەشی سەرنەگرتنی کۆیی گشتیی ڕاپەڕینەکانی ئێران کە تا ئەمڕۆ بەرچاوترین و بەربڵاوترین بووە، دەتوانین بەم شێوەیە گەڵاڵەی بکەین:

### گشتگیر نەبوونی ناڕەزایەتییەکان و تووڕەیی کۆمەڵایەتی

سەرەکیترین ماتریاڵی شۆڕشەکان، تووڕەیی و بەشداریی خەڵکە، بە مەبەستی لادان و لەنێوبردنی دەسەڵاتی سەرەڕۆوە.

هەردوو حەوتوو دوای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، کاتێک کە خومەینی لە مەدرسەی "ڕفاه"وە فەرمانی حیجابی ئیجباری لە شاری تاران دەکرد، لە ڕۆژی ١٧ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، نزیک بە ٨٠٠٠ هەزار ژنی کارمەند و فەرمانبەر بە دژی ئەو یاسایە دەستیان کرد بە خۆپێشاندان و تا ئەمڕۆکە، واتە ساڵی ١٤٠٤، زیاتر لە ١٣ زەنجیرە ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانی چووکە و بەربڵاو لە ئێران و کوردستان بە دژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چووە، و تێچوویەکی قورس و خوێناویی لەسەر دەستی خەڵک داناوە.

لە کۆتاییەکانی دەیەی نەوەدی هەتاوییەوە، دەتوانین بڵێین ڕێژەی بەشداریی خەڵک و بەربڵاویی خۆپێشاندانەکان لەچاو ساڵانی پێشوو زیاترە، بەڵام هەمان چارەنووسیان بەسەر هاتوە. ئەویش مودیرییەتی ئەو قەیرانە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بەشێوەی جۆراوجۆر بووە. هۆکاری سەرەکییەکەی ئەمەیە کە هیچ کات ئەم ناڕەزایەتییانە بەربڵاو و بەردەوام و گشتگیر نەبوون و چینی"خۆڵەمێشی" غائیبی گەورەی ئەم ناڕەزایەتییانەن کە لە پێوەندیی لەگەڵ ڕووداوەکاندا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە.

### "چینی خۆڵەمێشی" ئێران و" ئاساییکردنەوەی خەراپەکاریی "ئارێنت"ی

هانا ئارێنت، فیلسووفی ئاڵمانی لە کتێبی "ئایشمەن لە ئۆرشەلیم"دا باس لە ئاساییبوون و جێگرتنی نەگبەتی و خراپە دەکات لە کۆمەڵگەدا و بەو پێیە "بێ‌تەفاوەتی تاکەکان" لە بەرانبەر چارەنووسی سیاسیی خۆیان بە هۆکاری سەقامگیریی تۆتالیتەر دەزانێ. بەش و پشکی بەرچاوی خەمساردان بە نیسبەت ڕەوشی هەنووکەیی (وضع موجود) بە چینی خۆڵەمێشی پێناسە دەکا.

ئارێنت دەڵێ:"پەیتا پەیتا درۆکردن لەگەڵ کۆمەڵگە، تەنیا جێکەوتنی درۆی لە کۆمەڵگە لێ‌ناکەوێتەوە، بەڵکوو چیتر خەڵک بڕوای بە قسەی کەس نامێنێ". ئەم وتەیە لەگەڵ دۆخی خەڵکی ئێران ڕاست دێتەوە و، پێویستی بە توێژینەوەی کۆمەڵناسانەیە.

خەڵکێک کە گرنگایەتیی بە بەرژەوەندی تاکی بدا، خەڵێک کە لە پرسە سیاسییەکان دووری گرت و ڕێگای دا بڕیاری بۆ بدەن، خەڵکێک کە تەماحی ئابووری وەپێش ویست و مافی سیاسی خست، ئیتر لە تاکێکی شوێندانەرەوە کە ڕەنگدانەوەی هەبێ لە ڕووداوەکان، بەرەبەرە دەبنە چینی خۆڵەمێشی و ناڕاستەوخۆ، دوورەپەرێزی ئەوان لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان بە قازانجی دەسەڵاتە و با لەگەڵ دەسەڵاتیش نەبن.




ڕاستە لە ڕاپەڕینی ژینادا سەرەتا هەموو چین و توێژەکان بەشدار بوون بەتایبەتی لە کوردستان، بەڵام نەبوونی پرۆژەی ڕوونی سیاسی، پەرتەوازەیی و تەنانەت سەنگەری دروشم لە یەکترگرتنی ئۆپۆزیسیون و نەبوونی ناوەند و مەرجەعێکی کارا بۆ ڕێکخستن و ئاراستە بەخشین بە شەقام، هۆکاری سەرەکی بوون لە چۆڵبوونی شەقام و دوورگرتنی چینی خۆڵەمێشی. لە مێژوویی سەرهەڵدانەکانی ئێرانیش، پاش شۆڕشی ٧٥ی هەتاوی، ئەم چینە یان سەیرکەری ڕووداوەکان بوون، یان لە نێوەڕاستی ڕێگاکەدا کشاوەنەتەوە. هۆکارکەشی جیا لە سیاسەتی سەرکوتی حاکمییەت، دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی ڕێبەریی لە شۆڕشەکان. کۆماری ئیسلامی وەکوو هەمیشە لە ئاڵنگارییەکانی بەردەمی لە ڕاپەڕینی ژینا دەستی کرد بە ورووژاندنی هەستی خەڵکی خۆی و دوو سیاسەتی پێڕەو کرد. هاوشان لەگەڵ خەڵکانی دیکە، تەنانەت لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات بە قامکدانان لەسەر هەستی ئێرانگەریی (فارسی– شیعە) و دروشمی "مەرد، مەیهن ئابادی" لە بەرانبەر بە "ژن، ژیان، ئازادی" دانا و، حەقیقەتی ڕاپەڕینی ژینای بە ئاژاوەیەک بۆ لێدان لە بنەما ئیسلامی و ئێرانییەکان ناوبرد و هەبوونی دەستی دەرکیی وێرانکەر و "تەجزیەتەڵەبی" دووپاتە ورووژاندەوە.

لە بەرانبەر پیلانەکانی ڕێژیم، بێ‌پلانی لە ڕاپەڕینی ژینا، دەستی دەسەڵاتی ئاوەڵاتر کرد، ئەم بێ‌پلانییە بریتیی بوو لە: تەسککردنەوەی ویستی نەمانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی دروشمی سێنفی و ڕەگەزی و بەستنەوەی بە شێوەی جلوبەرگ، ئەمەش جۆرێک کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر چینی خۆڵەمێشی دانا، کە بۆچی تێچوو بدەن؟ لە کاتێکدا جلوبەرگی ئەوان هێندەش نەبەستراوەتەوە بە دەسەڵاتەوە، بەڵکوو بەشێک لە عورف و فەرهەنگی ئەوانە! کەواتە مافە بنەڕەتییەکانی ڕاپەڕینی ژینا بەرەبەرە پەراوێز خراون، و جێگەی خۆیاندا بە داواکاریی و دروشمی چینانیەتی و دابەزاندنی ڕەفتاری ڕادیکاڵی سەر شەقامەکان، تا ئاستی تەوس و تەنز و هەواڵی درۆ! کە دواتر دەپەڕژێمە سەر ئەم خاڵانەش.

ڕاپەڕینی ژینا تا کاتێک کارایی خۆی هەبوو کە، دروشمەکان سیاسی و بەشێوەی بەربڵاو خەڵک لە بێ‌تەفاوەتی لەهەمبەر "جێکەوتنی خراپەکاری" هاتبوونە دەرەوە و ترسێکی گەورەی خستبووە جەستە پرتووکاوی کۆماری ئیسلامییەوە، بەڵام کەلکی خراپوەرگرتن لە سۆشیال میدیا و کاریگەریی نەباشی "کەڵە میدیا"کان و لە لایەکی دیکەش دەزگای بەربڵاو و خاوەن ئەزموونی تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامی لە کوێرکردنی ڕێگاکە و بەلاڕێدابردنی ئەو ڕاپەڕینە کە ماتەوزەی "شۆڕش"ێکی بنەڕەتی تێیدا هەبوو، بووە هۆی دامرکانی بڵێسەکانی ئەو ڕاپەڕینە مەزنە.

### سەرکوت و تۆقاندنی خەڵک وەکوو چەکێکی بەهێز

سەرجەم حکوومەتە ناوەندییەکان لە مێژووی ئێراندا و بەتایبەتی لە سەفەوی بەملاوە بە زەبروزەنگ و کوشتن، دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتوە و درێژەیان بە دەسەڵات داوە. کۆماری ئیسلامی لەم بارەوە ڕێژیمێکی تایبەت و دەسەڵاتێکی جێ‌ڕامانە. بە گشتی زۆرداری ئەو ڕێژیمە وەکوو دیکتاتۆرەکانی دیکە، فراوانیی هێز و پۆلیسی سەرکوتکەرە، کە هەر لە سەرەتای ئینقلابەوە بەشێوەی بنچینەیی بناغەی هێزی خۆیانیان لە دامەزرانی سپای تێرۆریستی پاسداران و لقەکانییەوە بەتایبەتی "بەسیج" داڕشت و پەرەیان پێ‌دا .

فراوانی و باوەڕمەندبوونی چەکدارەکان و هێزەکانی ڕێژیم تا ڕادەیەک بووە، کە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناڕەزایەتییەکان، تەنیا بەرگرییان لە دەسەڵات نەکردوە، بەڵکوو بەتوندترین شێوەی بەرژەوەندیی و قازانجی خۆیانیان پاراستوە. چونکە نەبوونی پرۆژەیەکی ڕوونی سیاسیی هەنووکەیی و بەرنامە بۆ دوارۆژ ئەوانی خستۆتە خانەی بەرگرییەوە. هەتا خەمساردی و خۆدزینەوە لە سەرکوت! نەمانی کۆماری ئیسلامی بە نەمانی خۆیان و بنەماڵەیان دەزانن. بۆیە لە هیچ چەشنە توندوتیژییەک سڵ ناکەن، بەتایبەتی کە خەڵکی سەرشەقام دەستیان بەتاڵ بێ و تەنیا لە دروشمدا ڕادیکاڵ بن.

نموونەی جێی‌وەبیرهێنانەوەی خوێناویکردنی شەقامی ناڕەزایەتییەکان دەتوانین ئاماژە بە ڕاپەڕینی ژینا بکەین کە لەو شەش مانگەدا کۆماری ئیسلامی و هێزە سەرکوتکەرەکانی لە لێدان و کوشتن، کۆتاییان نەکرد و ئەم چاوترساندنە لە تەکانەوەی خەڵک لە شەقام زۆر ئاساییە. بەتایبەتی دەزگای پڕوپاگاندای بەهێزی ڕێژیم ژێرپێستی ڕادەی توندوتیژیی و ڕەفتاری تەجاوزکارانەی خۆی بە مەبەستی تۆقاندنی خەڵک بڵاو دەکردوە. ئەمانە بەشێک لەو هێزانەن کە بە دڕندەیی لە ڕادەبەدەر "ڕاپەڕینی ژینا"یان سەرکوت کرد: فەرماندەریی ئینتزامی، سپای تێرۆریستیی پاسداران، هێزە وشکانییەکانی ئەرتەش، پۆلیسی بەرگری، پۆلیسی ئاگاهی، پۆلیسی ئاسایشی گشتیی، پۆلیسی کەشی بەرهەمهێنان و ڕاگواستنی زانیاریی (فەتا)، هێزە تایبەتەکان (یگان ویژە)، نوپو (هێزە تایبەتەکانی ویلایەت) گوردانەکانی ئیمام عەلی، نخسا (هێزە خۆڕسکەکانی سپای ئیسلام) کە قاسم سولەیمانی کاتی خۆی دایمەزراندبوو، هەتا تێڵابەدەستەکانی دیکە

لەبیرمان نەچێت کە سەرجەم ئەم هێزانە، تەنیا هێزی ئەمنییەتی و ئینتیزامی نین، بەڵکوو بەشێکی گرنگن لە قاچاخچییەتی و مافیای ئابووریی وڵات، هەربۆیە بۆ پارووی چەورتر، دەستیان لە خوێنی خەڵک و گیرفانی ڕێژیمە.

### چاوەڕوانیی "ئیسلاح" و ئیسلاحتەڵەبی حکوومەتی

هەر بەپێی ستراکتۆری شەرقییانەی خەڵکی ئێران و بەتایبەتی شیعەگەرایی چاوەڕێکردنی "ڕزگاریدەر" و سپاردنی عیلاجی کێشە و گرفتەکان بە دەستی قەزا و قەدەر، لەسەر دابەزینی ئیرادەی جەمعی و هزری گشتیی کۆمەڵگە کاریگەریی نەرینی داناوە.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ڕوانگەیەش تەنانەت "سیاسەتی چاوەڕوانی" شتێکی نامۆ نەبووە، لە گۆڕەپانی سیاسەتی دژبەرانی ئەو ڕێژیمە کە بەتایبەتی بە گۆڕینی سەرۆککۆمارەکانی ئامریکا زیاتر شاهیدی دەبین و لە ٧ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ی زایینییەوە زۆرێک لە چاوەکان سەیرکەری ئاسمان بوون کە هێرشی هەوایی ئیسرائیل و ئامریکا، کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ، ئەم هێرشەش ڕووی دا، بەڵام بۆ پەروپۆکردنی ڕێژیم بوو هەتا ڕووخاندنی ڕێژیم کە دیسانەکە نەبوونی "پرۆژەی سیاسی" بۆ جێگرەوەی ڕێژیم و ناڕوونی لە چارەنووسی بەرژەوەندییەکانیان پاش کۆماری ئیسلامی، پرسی ڕووخانی لە لایەن زلهێزانەوە سڕ کرد.

لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنانەت خۆدی ناڕەزایەتیی بەربڵاوی خەڵک ناتوانێ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە مسۆگەر بکات و پێویست بە دەستی دەرکییە و کاتێک باس لە دەستی دەرکیش دەکرێ خۆدی ڕەخنەگرانی ئەم بابەتەش لە دەرەوەی کۆماری ئیسلامی و بە ناو ئۆپۆزیسیۆن کەم نین.

ئەمە زەروورەتێکی هەنووکەییە زۆرینەی ویست لەسەر تێپەڕبوون لە گشتییەتی ڕێژیم بێ هەتا مانەوە لە "وەهمی"چاکسازیی حکوومەتی و وادەی "ئیسلاح"کردنی گرفتارەکان. کە بە چاوخشاندنێک بە ڕاپەڕینەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، بۆمان دەردەکەوێ کە ویست و ئیرادەیەکی گشتگیر نەبووە بۆ گۆڕینی ڕێژیم. ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە و باڵی بەناو ئیسڵاحخواز لە ڕووداوەکان دەکەونە نێوانی خەڵک و دەسەڵاتەوە. ڕاستە کە بەشێکیان بەجیدی ڕەخنەگری نیزامن، بەڵام لە ڕووداوەکانی هاوشێوەی "ژینا" ناچنە بەرەی شەقامەوە، بەڵکوو ئەوان دەزانن لە دوارۆژدا نوێنەر و دەمڕاستی شەقام نین و بوونی خۆیان لە مانەوەی دەسەڵاتدا دەبینن. ڕۆڵی ئەوان بە لیدەر و ڕۆژنامەنووسانیان لە هێورکردنی دۆخی ڕادیکاڵی ڕاپەڕینەکان و هیوابەخشین بۆ "سارێژ"ە لە جیاتی ڕووخانی ئێگجاری.

# ڕەهەندی کوردی لە ڕاپەڕینی ژینادا



حەسەن قارەمانی



١٦ی سێپتامبر ٢٠٢٥ سێ ساڵ بەسەر شەهیدکرانی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تێپەڕی. شەهیدکرانی ژینا وەرچەرخانێکی مێژووییە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان و ئێراندا و، هێمایەکی نوێی بەرخۆدانی بە جیهان بەخشی. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" هەر زوو بوو بە هێمایەکی هاوبەشی خۆڕاگری، نەک تەنیا بەرانبەر بە چەوساندنەوەی جێندەری کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بۆ پێکهاتە پاوانخوازانەی بەرفراوانی کۆماری ئیسلامی. درووشمەکە گشتگیر دەرکەوت و لەگەڵ ژنان لە سەرتاسەری ئێران قسەی دەکرد. بەڵام گەشتەکەی لە کوردستانەوە بۆ ئێران تیشک دەخاتە سەر دینامییەکی ئاڵۆزتر، پرۆسەیەک کە تێیدا ئەزموونێکی تایبەت گۆڕدرا بۆ سیمبولێکی گشتگیر لە مەترسی لەدەستدانی مانا ڕەسەنەکەیدا.

"ژن، ژیان، ئازادی" بەرهەمێکی خۆبەخۆی ڕاپەڕین نیە، بەڵکوو سەرچاوەی خۆی لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردەوە هەیە، کە لەمێژە ڕزگاریی ژنان بە دانەبڕاو لە ڕزگاری نەتەوەیی دادەنرێت. ژنی کورد لە مێژوودا دوو بارگرانی هەڵگرتوە، وەک ژنێکی ملکەچی نۆرمەکانی پیاوسالاری و وەک کوردێک لە مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکان بێبەش بووە. بەڵام کاتێک ئەم درووشمە لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتری ئێراندا وەرگیرا و دووبارە لێکدانەوەی بۆ کرا، کورت کرایەوە بۆ دروشمێکی فێمینیستیی گشتی کە ڕەهەندی نیشتمانییەکەی لە پاشخانەکەیدا کاڵ بۆوە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی میکانیزمێکی دووبارەبووەوەیە لە مێژووی مۆدێرنی ئێراندا کە پرسی کورد نابینێ و پەراوێزی دەخات، ئەویش ڕێگەی گشتگیری ئایینی، یان ئینتێرناسیۆنالیزمی سۆسیالیستی، یان گوتاری مەدەنیی لیبڕاڵ.

دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بووەتە ڕەمزی ئەم ڕاپەڕینە. ئەو دروشمە کە لە بنەڕەتدا ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە خەباتی سیاسیی کورددا داکوتاوە، لە چوارچێوەی ئێراندا بووە دروشمێکی گشتی بۆ مافەکانی مرۆڤ و یەکسانیی ڕەگەزی. ڕزگاریی ژن لە کوردستان هەرگیز ناتوانرێت بە جیا لە پرسی نەتەوەیی بێت. جیاکردنەوەی ئەم کایەیانە بە شێوەیەکی کاریگەر شەرعییەت بە هێژموونی فارس دەدات و نکۆڵی لە چەوساندنەوەی دووانەی ژنانی کورد دەکات، چ وەک ژن و چ وەک ئەندامی نەتەوەیەکی حاشاڵیکراوی سەرکوتکراو.

ساڵرۆژی ڕاپەڕینی ژینا زیاتر لە ڕۆژێک بۆ یادکردنەوەی ڕاپەڕینێکی جەماوەری دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. هەروەها پەنجەرەیەکی شیکاری بۆ دەسەڵاتی سیاسیی دروشم و هێماکان دابین دەکات. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" هەڵگری کاراکتەری دووانەیە و لە سەرنجڕاکێشییەکەیدا گشتگیرە، بەڵام لە گرنگییە مێژوویی و سیاسییەکەیدا تایبەتمەندە. بۆیەشە بۆ ژنان لە سەرانسەری ئێراندا و بۆتە هێمای خۆڕاگری، بەڵام بۆ کورد دەربڕینێکی وجوودیانەی خەباتێکی نەتەوەیی و کولتووریش پێکدەهێنێت .ساڵیادی ڕاپەڕینی ژینا دووانەی دروشممان بیردەخاتەوە. "ژن، ژیان، ئازادی" هەم گشتگیرە و هەم تایبەتە. ڕەنگە لەگەڵ هەموو ژنانی ئێراندا قسە بکات، بەڵام بۆ کورد مانایەکی دیاریکراوی مێژوویی و سیاسیشی هەڵگرتوە. نکۆڵیکردن لەم جیاوازییە، بەرهەمهێنانەوەی نەزمێکی سەد ساڵەی نەبینینە کە تێیدا خەباتی وجوودیی کورد لە پرسێکی پەراوێزدا کورت دەکرێتەوە. هەروەها تێنەگەیشتنە لە پەیامی سەرەکی بزووتنەوەی کورد، کە ڕزگاریی ژن و ڕزگاری نەتەوەیی بە شێوەیەکی دانەبڕاو بەیەکەوە گرێ دراون. نکۆڵیکردن لەو دووانەیە کردەوەیەکی بێلایەن نیە، بەڵکوو بەرهەمهێنانەوەی نەزمێکی لەمێژینەی نەبینینە، کە تێیدا خەباتی کورد بە شێوەیەکی سیستماتیک لە پەراوێزدا کورت دەکرێتەوە.

بەم پێیە دروشم نەک تەنیا دەربڕینی هیوا، بەڵکوو دەبێتە ئامرازێک بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی نێوان ناوەند و پەراوێز، لە نێوان هێژموونیی فارس و پەراوێزخستنی کورد. دەتوانین بە تیشک خستنەسەر خاڵە سەرەکییەکانی "ڕەهەندی کوردی لە ڕاپەڕینی ژینا ئەمینی" دەست پێ بکەین. دووفاقی دروشم "گشتگیر و تایبەت" گشتگیربوونی "ژن، ژیان، ئازادی" لە زمانە ڕوونەکەیدایە سەبارەت بە کەرامەتی مرۆڤ. قسە لەگەڵ هەموو ئەو ژنانە دەکات کە لەژێر پێکهاتەی پیاوسالاری و تاکڕەوەکاندا دەژین. هیچ گەلێک، هیچ ئایینێک، هیچ نەتەوەیەک لە دەرەوەی ئەم ئەزموونە نیە. بۆ ژنانی ئێرانی بەڕەچەڵەک فارس، ئەو دروشمە بوو بە ڕەمزێکی یەکگرتوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری و کۆنترۆڵکردنی ڕەگەزی کە لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا پەرەی سەندوە. بەڵام دروشمەکە ڕەهەندێکی تایبەت و تایبەتیشی هەیە و بۆ کورد و بەتایبەت ژنانی کورد، ماناکەی لە خەباتێکی سەدە ساڵەی دانپێدانان و چارەنووس و مانەوەدا داکوتاوە.

میکانیزمی نەبینین کاتێکە دروشمەکە بە زمانی ئۆپۆزیسیۆنی فارسی دەگوترێتەوە و سەرلەنوێ لێک دەدرێتەوە کە تەنیا سەبارەت بە ڕزگاریی ڕەگەزییە، لەکاتێکدا ڕەگ و ڕیشە نەتەوەییەکانی بێدەنگ دەکرێن. ئەمەش درێژەپێدەری نەزمێکی کۆنی دەسەڵاتە، کە ئەزموون و قوربانیدانی کورد لە گێڕانەوەیەکی گەورەتری ئێرانیدا تێکەڵ دەکرێن ، بەڵام هەمیشە بەو مەرجەی ئیدیعای نەتەوەیی تایبەتیان بسڕدرێتەوە. ئەمەش بەڕێکەوت نیە، بەڵکوو میکانیزمی دەسەڵاتە. ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بە کورتکردنەوەی خەباتی کورد بۆ "مەسەلەی ژن لەنێو ئەوانی دیکەدا"، هەم دەتوانێ هاودەنگی نیشان بدات و هەمیش لە هەمان کاتدا خۆی لە دانان بە شەرعییەتی پرسی نەتەوەیی کورد بەدوور بگرێت. بەم شێوەیە هێماگەرایی گشتگیر دەبێتە درێژەپێدەری پراکتیکێکی مێژوویی نەبینین.

ڕزگاریی ژنان و ڕزگاری نیشتمانی وەک ئەوەی لەیەکتردا تێکەڵاو بوون، ڕەهەندێکی دیکەی ئەو باسەیە. بزووتنەوەی کورد بە ڕوونی باسی لەوە کردوە کە پرسی ڕزگاریخوازیی ژنان لە خەباتی نەتەوەیی ئەوان جیا نابێتەوە. ژنی کورد هەم هەڵگری فەرهەنگ و زمانە، هەم ئەکتەرە لە ڕزگاری سیاسیدا. بۆیە ژێردەستەییەکەی دوو هێندەیە، بەشێکی پیاوسالاری، بەشێکی کۆلۆنیالی. تێگەیشتن لە "ژن، ژیان، ئازادی" تەنیا لە ڕووی ڕەگەزییەوە مەترسیی کەمکردنەوەی ئەم ئاڵۆزییەی هەیە. ئازادی لای ژنانی کورد تەنیا ئازادیی ئەوە نیە کە بە ئارەزووی خۆیان جلوبەرگ لەبەر بکەن یان بەشداری لە ژیانی گشتیدا بکەن. دەبێ هەروەها ئازادیی قسەکردنە بە زمانی خۆیان، فێرکردنی منداڵەکانیان بە زمانی کوردی، خۆڕێکخستن لە ڕووی سیاسییەوە، بەبێ ئەوەی وەک جودایخواز ناوزەد بکرێت، بەکورتی وەک کوردبوونیان هەبێت. لە ڕووی مێژووییەوە بزووتنەوەی کورد هەرگیز ڕزگاریی ژنانی لە پرسی نەتەوەیی جیا نەکردۆتەوە. هەر لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە پێوەندی لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ژنان چالاکانە لە کاری سیاسیدا بەشدار بوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە جەختی لەوە کردەوە کە پەروەردە و بەشداریی کۆمەڵایەتی و ڕزگاری ژنان بۆ مۆدێرنیزاسیۆن و مانەوەی میللەت پێویستن. لە کوردستانی ئەمڕۆدا، چ باسی بەشەکانی ئێران، عێراقی، سووریە یان تورکیە بکەین، بەشداریی ژنان لە خەباتدا بووەتە بەردی بناغە. بۆیە جێگای سەرنجە کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بە دابڕانی پرسی ژنان لە پرسی نەتەوەیی، بە دیفاکتۆ نەزمێکی دەسەڵات بەرهەم دەهێنێتەوە کە تێیدا ژێردەستەیی کورد نەبینراو دەکرێت.

سیاسەتی هێماکان لە دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکانیش باسێکی دیکەیە. ڕاپەڕینی ژینا و دروشمەکانی ئەو ڕۆڵە ناوەندییە نیشان دەدەن کە هێماکان لە دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکانی وەک ئێراندا دەیگێڕن. ئەو هێمایانەی کە گشتگیر دەردەکەون، لە ڕاستیدا دەتوانن بە شێوەیەکی هێژموونانە کار بکەن بە داپۆشینی ناهاوسەنگییەکان. ژنانی فارس کاتێک باس لە "ژن، ژیان، ئازادی" دەکەن، لە پێگەیەکی دەسەڵاتی زۆرینەیەوە ئەو کارە دەکەن، هەرچەندە خۆیان لە ڕیزبەندی ڕەگەزیدا ژێردەستەن. ژنانی کورد کاتێک هەمان دروشم بەکاردەهێنن، لە دوو ژێردەستەیی ژن و نەتەوەییەوە، ئەو کارە دەکەن. بۆیە شیکاری دووانەیی دروشمەکە ئەوە نیشان دەدات کە چۆن خەبات بۆ یەکسانی لە ئێراندا مەترسیی ئەوە هەیە ببێتە خەبات بۆ هێندێک لە ژنان، لەکاتێکدا ژنانی دیکە بە ژێردەستەیی دەمێننەوە. گوتاری فێمینیست، ئەگەر بەڕاشکاوی دان بە پرسی کورددا نەنێت، مەترسی ئەوە هەیە ببێتە ئامرازێک بۆ بەردەوامی هێژموونی نەک ڕزگاری. ئێران دەوڵەتێکی فرە نەتەوەییە، بەڵام خۆ وێناکردنی فەرمی لەسەر هێژموونێکی فارسی دامەزراوە و زمان و فەرهەنگ و دەسەڵاتی سیاسیی فارسەکان زاڵن.

ئێستا با باس لە "ژن، ژیان، ئازادی" و پرسی کورد بکەین. ساڵیادی ڕاپەڕینی ژینا ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە دروشمەکان هەرگیز بێلایەن نین. "ژن، ژیان، ئازادی" دروشمێکە کە هەم دەتوانێت یەک بگرێت و هەم بشارێتەوە. ژنان لە ئێران لە بەرەنگاربوونەوەی ستەمی پیاوسالاریدا یەک دەخات، بەڵام ڕەهەندە نەتەوەیی و کۆلۆنیالیزمەکانی ئەزموونی ژنانی کوردیش دەشارێتەوە. نکۆڵیکردن لەم جیاوازییە، بەرهەمهێنانەوەی ڕیزبەندییەکی سەد ساڵەی نەبینینە کە تێیدا بوونی کورد لە مێژووی ئێراندا بۆ تێبینییەکی ژێرەوە کورت دەکرێتەوە. هەروەها تێنەگەیشتنە لە پەیامی ناوەندی بزووتنەوەی کوردی، کە ڕزگاریخوازیی ژنان و ڕزگاریی نەتەوەیی بە شێوەیەکی دانەبڕاو بەیەکەوە گرێدراون. کورد لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا بەردەوام ئەزموونی ئەوەی کردوە کە چۆن گەردووناسی و ئایدۆلۆژیا گشتگیرەکان بۆ شاردنەوە و شەرعییەتدان بە ژێردەستەیی خۆیان بەکار دەهێنرێن. وەک:

ئومەتی ئیسلامی کە بە وێناکردنی موسڵمانان وەک پێکهاتەیەکی ئایینی یەکگرتوو، مافە نەتەوەیی و نەتەوەییەکانیان لێ زەوت دەکا. داخوازییەکانی کورد وەک دابەشکەرێک سەیر دەکران. یان ئینتێرناسیۆنالیزمی سۆسیالیستی کە لە سەردەمی شەپۆلی چەپگەرایی سەدەی بیستەمدا، زۆرجار خەباتی کورد لە بەشێک لە خەباتی "پرۆلیتاریا"دا کورت دەکرایەوە، کە پرسی نەتەوەیی کەم دەکرایەوە. هەروەها گوتاری مافە مەدەنییە لیبڕاڵەکان کە لە سەردەمی هاوچەرخدا، گرنگیدان بە مافە مەدەنییە یەکسانەکان بۆ هەموو تاکەکان لە ئێران، مەیلی بۆ تەمومژاوی جیاوازیی دەسەڵاتی پێکهاتەیی لە نێوان فارس و کورددا هەبووە. ئەم گەردووناسیانە، چ ئایینی، سۆسیالیستی یان لیبڕاڵ، لە پراکتیکدا بەو مانایە بووە کە پرسی کورد هەرگیز وەک واقیعێکی وجوودی و سیاسی نەناسراوە.

کەواتە مانای ڕاستەقینەی "ژن، ژیان، ئازادی" تەنیا کاتێک دەتوانرێت تێبگەین کە دووانەییەکەی قبووڵ بکەین، وەک هێمایەکی گشتگیر بۆ کەرامەتی ژن، بەڵام وەک دەربڕینێکی تایبەتیی خەباتی نەتەوەیەک دژی لەنێوچوون. دانپێدانانی ئەمە بۆ دابەشکردنی خەبات نیە، بەڵکوو بۆ پێدانی قووڵایی و دادپەروەریی تەواوی خۆیەتی. ڕزگاری ژن لە کوردستاندا هەرگیز ناتوانرێت بە جیا لە پرسی نەتەوەیی تێبگەین. جیاکردنەوەی ئەم کایانە بە شێوەیەکی کاریگەر شەرعییەت بە هێژموونی فارس دەدات و نکۆڵی لە چەوساندنەوەی دووانەی ژنانی کورد دەکات، چ وەک ژن و چ وەک ئەندامی نەتەوەیەکی ئینکاریکراو. دابڕانی خەباتێک لە خەباتێکی دیکە، نەک هەر لە ڕووی شیکارییەوە نادروستە، بەڵکوو لە ڕووی سیاسیشەوە مەترسیدارە.

# ژن، ژیان، ئازادی؛ مانیفێستێک لە کوردستانەوە



ڕەحیم نزهەتزادە

٢٥ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا، خاڵی وەرچەرخان بوو. لە ڕۆژێکی وەک ئەم ڕۆژەدا ژینا ئەمینی کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵ، کچی بنەماڵەیەکی کورد، لە پایتەختی ئێران گیانی لەدەست دا. ئەو قوربانیی توندوتیژیی دەسەڵاتێک بوو کە چوار دەیە بە ئامرازەکانی سەرکوتکردن بە سەر ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی خەڵکدا زاڵ بووە. شەهیدبوونی ژینا نەک هەر برینی کۆنی بۆ خەڵکی کوردستان نوێ کردەوە، بەڵکو هاوکات بوو بە بڵێسەی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری بە دروشمی نوێ و ڕەگداکوتاو.

ڕاپەڕین لە سەقز دەستی پێ کرد، کە خەڵکی کوردستان بە نەریتی خەبات و پاشخانی مێژوویی کە هەیانە، مردنی ژینایان نەک وەک ڕووداوێکی تاکەکەسی، بەڵکوو وەک ڕەمزی چەوساندنەوەی سیستماتیک دەبینی. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە شەقامەکانی کوردستاندا دەنگی دایەوە و لە ماوەیەکی کورتدا، لە سنووری ئەم جوگرافیایە دەرچوو و بوو بە زمان و کولتووری خەباتی هەموو ئێران. ئەم دروشمە لە کولتوورێکەوە سەرچاوەی گرتوە، کە جەخت لەسەر ئازادی ژن، یەکسانی کۆمەڵایەتی و مافی ژیانی مرۆڤ دەکاتەوە؛ کولتوورێک کە دەیان ساڵە، ڕەگ و ڕیشەی لە خەباتەکانی گەلی کورددا داکوتاوە، و ئەمڕۆ توانیویەتی بە هێزێکی سەرسوڕهێنەر ڕۆحی نارەزایەتی بۆ هەموو ئێران بگوازێتەوە.

لە ماوەیەکی کورتدا، ئەم ڕاپەڕینە بناغە لەرزۆکەکانی کۆماری ئیسلامیی هلۆڵ کرد. لە شارە گەورە و بچووکەکاندا ژن و پیاو، گەنجان و قوتابیان، کرێکاران و ڕۆشنبیران، هەموویان ڕژانە سەر شەقامەکان. ئەو دیواری ترسەی کە ڕژیم بەدرێژایی ساڵان دروستی کردبوو، دارما و نەوەیەکی نوێ بە دەنگی بەرز ڕایگەیاند، کە چیتر نایەوێت بە دیکتاتۆرییەک حوکمڕانی بکرێت. سەرەڕای هەمووی ئەمانە و وەک مێژوو شاهیدی بۆ داوە و دەریخستووە، هەرکاتێک بزووتنەوەیەکی جەماوەری و ئازادیخواز لە ئێراندا سەری هەڵدابێت، هێزە ناوەندگەرەکان و هەلپەرستەکان، هەوڵی ڕفاندن و لادانی ڕێبازەکەیان داوە. لە سەردەمی ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی"شدا ئەمە خۆی بەرجەستە کردەوە. هەندێک کەسایەتی پەیوەست بە پێکهاتە کۆن و پاشایەتییەکان، بە ئیدیعای بێ بنەما سەبارەت بە "یەکپارچەیی خاک" و بە کەڵکوەرگرتن لە کورتبینی هەندێک کەسایەتی ئەکادیمی و میدیایی، هەوڵیان دا ئەم ڕاپەڕینە لە ناوەڕۆکی ڕەسەنی خۆی بەتاڵ بکەنەوە، و بیکەن بە ئامرازێک بۆ ئامانجە شەخسی و سیاسییەکانی خۆیان. ئەم ئیدیعایانەش، لە بەرهەمهێنانەوەی هەمان لۆژیکی شێخ و پاشا زیاتر نەبوون و نین؛ لۆژیکێک، کە هەمیشە لەسەر دروشمی یەکگرتوویی، بە کردەوە لەسەر نکۆڵیکردن لە مافی نەتەوەکان، سەرکوتکردنی ژنان و نکۆڵیکردن لە فرەچەشنی کولتووری و زمانەوانی دامەزراو بووە. بەڵام واقیعەکە ئەوەیە، کە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" هەر زوو لە چوارچێوە داخراوەکانی ناوەندگەرایی تێپەڕی و بەبێ جاوازی، بوو بە زمانی هاوبەشی هەموو ستەملێکراوان. لە کوردستانەوە تا بەلوچستان، لە تارانەوە تا ئەهواز، هەمووان ناسنامەی هاوبەشی خۆیان لەگەڵیدا ناسییەوە.

هەرچەندە ئەم ڕاپەڕینە، بە شەهیدبوونی سەدان کەس، هەزاران بریندار و زیندانیی سیاسی، تێچووی زۆری بەسەر خەڵکدا سەپاند، بەڵام دەستکەوتەکانیشی حاشا هەڵنەگرن. یەکەم: ئەم ڕاپەڕینە دەریخست، کە هیچ حکومەتێک ناتوانێت بە تەنها بە توندوتیژی دەنگی خەڵک بێدەنگ بکات. دووەم: لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، بۆ یەکەمین جار دروشمێک کە لە دڵی فەرهەنگی کوردەوە سەرچاوەی گرتبوو، توانی ببێتە هێمایەکی نەتەوەیی هەموو پێکهاتە نەتەوییەکان و تەنانەت نێودەوڵەتی. سێیەم: ئەم بزووتنەوەیە توانی، پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لە نێوان ژن و پیاو، نەتەوە جیاوازەکان و نەوەی گەنج، لەگەڵ نەوەکانی پێشوودا دروست بکات.

لەم نێوەندەدا، هەندێک لە بزووتنەوە هەلپەرستەکان، هەوڵیاندا بە ئیدیعای پووچ و بێبنەما، خۆیان وەک "سەرکردە"ی ئەم بزووتنەوەیە بناسێنن. بەڵام گەل زۆر باش لەوە تێگەیشتبوو، کە ئایندەی ئازادی، بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوویەکی پڕ لە ستەمکاری و نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی بنیات نایەت. ئەزمونە تاڵەکانی سەدەی ڕابردوو ئەوە دەخەنە بەر دید، کە هەر جارێک دەنگی ئازادی بەرز بووەتەوە، هێزەکانی دەسەڵات بە دروشمی فریودەرەوە چوونەتە مەیدان، و جگە لە سەرکوتکردن و پاشەکشە هیچ ئەنجامێکیان نەهێناوە.

بۆیە گرنگی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" تەنیا بە ڕەهەندە نارەزایەتییەکانیدا سنووردار ناکرێت. ئەو بزوتنەوەیە مۆدێلێکی نوێی خەباتی خستە نمایشەوە: یەکێکیان لەسەر بنەمای سێ پرەنسیپ – ئازادی ژن وەک هێمایەک بۆ ئازادی کۆمەڵگا، مافی ژیان و کەرامەتی مرۆڤ، و ئازادی لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری، جا چ ئایینی بێت یان شاهانە.

ئەمڕۆ ئەرکی ڕۆشنبیران، چالاکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و هەموو ئەوانەی دڵیان بۆ ئازادی لێدەدات، ئەوەیە کە پارێزڤانی ڕەسەنایەتی ئەم بزووتنەوەیە بن. نابێت هیچ دەرفەتێک بدرێتە هێزە ناوەندگەرا و هەلپەرستەکان، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بە گەمە سیاسییەکانیان، ڕێبازی خەڵک بەلاڕێگادا ببەن. ئەم ڕاپەڕینە هی تاک و گرووپێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو سەرمایەیەکی گەلانە، کە بە خوێنی شەهیدان، هاواری ژن و پیاوی ئازادیخواز بنیات نراوە. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ئەمڕۆ لە دڵ و مێشکی ملیۆنان مرۆڤدا هەڵکەندراوە. ئەم دروشمە گوزارشت لە ئایدیاڵەکانی نەوەیەک دەکات، کە چیتر ئامادە نییە لە ژێر بارگرانی ستەمکاریدا بمێنێتەوە. ئەمجارە خەڵک فێری ئەوە بوون، کە ڕێگای ئازادی لە کوردستانەوە دەست پێدەکات، بەڵام شوێنی مەبەست هەموو ئێرانە و تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانیش. ئایندەیەک کە هیچ پاشا و شێخێک، مافی ئەوەی نییە حوکمڕانی چارەنووسی گەلان بکات، بەڵکو ئەوە گەلان خۆیانن، کە بە یەکڕیزی، هۆشیاری و کۆڵنەدان، ئازادی و یەکسانی بنیات دەنێن

## هەگبەی شاخ و شۆڕش





برایم چووکەڵی

لاپەڕە زێڕینەکانی خەباتی حەقخوازانەی نەتەوە زۆڵملێکراوەکەمان هەتا هاتوە زیاتر بە جوامێری و گیانفیدایی ڕۆڵە بوێر و خۆنەویستەکانی نەخشاوە.

ئەگەر چاوێک بە ڕابردوودا بخشێنین، بە دەیان و سەدان بیرەوەری تاڵ و شیرینمان دێتەوە یاد. لەگەڵ هەڵکێشانی هەر ئاخ و حەسرەتێک، ئەم بەسەرهاتانە ئەزموونی پێویستیان لێ وەردەگیرێ و، دەبنە هۆی دڵگەرمی زیاتر بۆ بڕینی ڕێگای پڕ لە کەند و لەندەکانی لوتکەی سەرکەوتن. بەڵام بێگومان تاڵترین بیرەوەری لە مێژوویی خەباتی ئەو نەتەوە ماف لێزەوتکراوە، بیرخەرەوەی ژیانی ڕۆڵەکانیەتی کە بۆ ڕزگاری خەڵک گیانیان پێشکەش بە ئازادی کرد.

لاوەکانی نەتەوەی ئێمە لاپەڕەکانی مێژوویان بە خوێنی خۆیان نووسیوەتەوە و دەنگی ئازادیخوازانەی کوردیان بە دنیا گەیاندوە و نەیانهێشتوە بۆ ساتێک دەنگی ئازادی کپ بێ و بەردەوام بۆ ئازادی لە بەرەنگاری و گیانفیداییدا بوون. ئەوان بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادی نەتەوەکەیان هیچ کات لە خەبات نەوەستان. ئەو خەباتە هەمیشە لە گەشەکردندا بووە، و لە سۆنگەی مێرخاسیی ئەوانەوە ئاڵای خەبات نەتەوەکەمان هەر شەکاوە بووە.

لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەدا دەچینە دەڤە دڵڕفێنەکانی شومالی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە کوێستانە دڵگیرەکانی تاوێک پشوو دەدەین. دەگەڕێینەوە بۆ ٤٢ ساڵ بەر لە ئێستا بۆوەێ بزانین لەو دەڤەرە تەژی لە فەرماندەی قارەمانە، کە بە گیان و ماڵەوە خۆیان بۆ سەربەستی نیشتمانەکەیان تەرخان کرد، باڵابەرزێکی دیکەی مەیدانی خەبات و خۆڕاگری بە خوێنەران بناسێنین. بەڵێ، لەنێو دەیان خونچەی تازە پێگەیشتوودا، و لەنێو باخچەی فەرماندەراندا یادێک لە شەهید "نوورەدین شکووهی" دەکەینەوە.

شەهید نوورەدین شکوویی کوڕی شوکوور دووهەمین شەهیدی بنەماڵەیە. نوورەدین لە ساڵی ١٣٠٩ی هەتاویدا، لە گوندی نێچەلا سەر بە ناوچەی سۆماوبرادۆست لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەردا چاوی بۆ ژیان هەڵێنا. لەنێو ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا وردە وردە گەورە بوو و وەسەر پێکەوت.

نوورەدین خەریکی کار و کۆیرەوەری بوو بۆ پەیداکردنی نانی ڕۆژ. ناڕەحەتی و جەفای زۆری کێشا و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەپاندنی شەڕێکی ماڵوێرانکەر بە سەر خەڵکی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، نوورەدین یەکێک لەو لاوانە بوو کە بۆ داکۆکی لە کەرامەت و خاکی کوردستان بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی لەبەر کرد و لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە هێزی شەهید سەرگورد عەباسی سازمان درا.

نوورەدین زۆر زوو بە ئاکار و کردەوەی باش توانی جێگای خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانی بکاتەوە. وەک پێشمەرگەیەکی بە نەزم و ئازا ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە دەبرد و ڕۆژبەڕۆژ سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا. لە مەیدانی خەبات و بەرخۆداندا کاری زۆر بە نرخی بەڕێوە برد، و لە زۆر شەڕی ناوچەدا بەشداری ئازایانەی کرد. هەر ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی کە پلەکانی پێشمەرگایەتی یەک لە دوای یەک ببڕێ و وەک سەرپەل، جێگری لک و فەرماندەری لک ئەرکی پێئەسپێردرا.

نوورەدین لە بەرپرسایەتیی فەرماندەری لکدا گەلێک ئازاتر و بەرپرسانەتر ئەرکی حیزبی بەڕێوە دەبرد و هیچ کۆسپێک نەیاندەتوانی پێش بە پێشمەرگەی قارەمانی دێموکرات بگرێ و هەموو کەند و کۆسپەکانی لەسەر ڕێگای خۆی لا دەبرد و هەموو ڕەنج و ئازارەکانی کە بۆ خەبات و وەدەستهێنانی ئاواتەکانی گەلی کورد بە هەرزان دەزانی. لە مەیدانی فەرماندەییدا فەرماندەیەکی هەڵکەوتوو، چالاک و خەڵک خۆشەویست، خۆش ئەخلاق، بەئیمان و بە بیروباوەڕ بوو.

بەداخەوە شەوی ٢١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٢کە چەند ڕۆژێکی بۆ نەورۆز نەما بوو، و وردە وردە زستان جێی چۆڵ دەکرد بۆ بووکی سروشت، ساڵی تازە کە لەڕێدا بوو؛ گوڵی تەمەنی ئەو فەرماندەیە هەڵوەری.

پێشمەرگەکانی دێموکرات لە ناوچەی شومالی کوردستان هێرشیان کردە سەر پایەگای گوندی دۆبرە لە ناوچەی تەرگەوەڕ و بە چەکی ئاگرینیان پایەگایان وێران کرد. لەو عەمەلیاتەدا چەندین بەکرێگیراوی دوژمن کوژران و بریندار بوون، بەڵام بەداخەوە لەو شەڕەدا سینگی نوورەدین شکوویی فەرماندەی خەباتکاری ناوچەی شومالی کوردستان کەوتە بەر گوللەی داگیرکەرانی کوردستان و خوێنی سووری لەپێناو ڕزگاری و دیفاع لە ئازادی و بەختەوەری نەتەوەکەیدا ڕژایە سەر خاکی پیرۆزی نیشتمان.

شەهید نوورەدین لەنێو خەم و پەژارەی هاوڕێیانیدا لە زێدی خۆی بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا، و تێکەڵ بە کاروانی سەربەرزی شەهیدان بوو.

# پرۆژەی تێرۆر و ئامرازی تێرۆریزم؛ لە ژینگەی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا


زانیار حوسێنی



ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەکاتێکدا ٤٨ ساڵەی تەمەنی تێدەپەڕێنێ کە قەیرانگەلێکی زۆر لە چەشنی سیاسی و ئابووری لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی گەرووی مانەوەی دەگوشێ. لە ئاستی نێوخۆیی وڵاتی ئێرانیشدا، جیا لە قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان، قەیرانە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر و بەرفراوانتربوونی ئاستی و ڕادەی ویست و داخوازیی چینە جیاوازەکان و ئاڵۆزی لە نێوان باڵە بناژۆخواز و چاکسازیخوازان بۆتە مۆتەکەی سەر لەشی پیر و نەخۆشی هەیکەلەی پێکهاتەی سیاسی-ئیداری سیستەمی دەسەڵاتدارییەکەی؛ شەڕی ١٢ ڕۆژەی نێوان ئەو سیستەمە و وڵاتی ئیسرائیل، هەروەها بەردەوامی شەڕی نێوان ئیسرائیل و گرووپە پرۆکسییەکانی ئەو ڕێژیمە، بۆتە هۆی تەشەنەکردنی هەرچی زیاتری قەیرانەکان و ئاڵۆزی زیاتری بژاردەکانی بەردەم دەسەڵاتدارانی بۆ دەربازبوون لەو دۆخە ئەستەم و کوشەندەیە.

بزاڤێکی سیاسی-ئایینزایی کە بەختی ئەوەی هەبوو لە قەوارەیەکی سیاسی-جوگرافیی پان و بەرینی وەک ئێراندا، دەسەڵات بگرێتە دەست و پێچەوانەی زۆرینەی بزاڤ و گرووپەکانی هاوشێوەی، دەست بەسەر هەموو جومگە و کۆڵەکەکانی دەسەڵاتداریدا بگرێ و لەئێستادا ببێتە یەکێک لەو دەسەڵاتانەی کە خەونی گۆڕینی ناوچە و تەنانەت جیهان ببینێ؛ ئەو ڕوانگەیەش لە کۆی تەمەنی سیاسی ئەو ڕێژیمەدا، لە ئێستادا پتەوتر لە هەمیشەیە، بەڵام هاوکات زیاتر لە هەموو کات و ساتێک لە لێواری ڕووخان نزیکتر بۆتەوە. ڕەوتێک کە بەر لە هاتنە سەرکار و بەدەستگرتنی دەسەڵات، بەشێوەی جۆراوجۆر و هێندێک جاریش بە چەند جیاوازی بچووکی ئایینزایی لە هەوراز و نشێوی مێژووی ئاڵۆزی ئەو قەوارەیە، ئەزموونی تاقیکراوی بووە و دەریخستوە کە بە ڕادەی دەرفەت و تواناییەکانی، دەستی لە هیچ چەشنە ڕەفتارێکی نەرێنی بۆ وەسەریەکخستنی دیواری ئامانج و ئاواتەکانی نەپاراستووە.

کۆمەڵەی فیداییەکانی ئیسلام کە بەر لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی دامەزرا و دەستی بەکار کرد، جگە لە تیرۆر، تۆقاندن و پەروەردەکردنی ئەندام بۆ کردەوەی تێرۆریستی بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی ئایینی (ئایینزایی)، چی تری پێ نەبوو بۆ دەرخستن؛ لەدوای شۆڕشی ٥٧، سەر گۆڕی نەوابی سەفەوی لە قوم کرا بە مەزارگە و هێمای لێ فێربوون بۆ لایەنگران و ئەندامانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بەشێک لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە لەنێوچووە دوای ساڵی ٥٧ی هەتاوی چوونە ڕیزەکانی ڕێکخراوە تازە دامەزراوەکان و کەسانێکی وەک سادق خەڵخاڵی، عەبدوڵڵا کەرباسچیان، محەممەدمەهدی عەبدیخودایی، محەممەدعەلی لەواسانی، جەواد واحیدی و ئەبولقاسم ڕەفیعی زۆریان هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەو ڕێکخراوەیەدا. هەرچەند سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام یەکەکانی هاوپەیمانی ئیسلامی (هیئتهای موتلفە اسلامی) لە ناخی هەوڵەکانی ئەندامان و لایەنگرانی پێشووی کۆمەڵەی فیداییەکانی ئیسلامی هەڵقووڵان، سەقامگیربوون و بوون بە یەکێک لە باڵ و فراکسیۆنە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، و پێوەندییەکی نیزیک و قووڵیان لەگەڵ داهێنەر و چەسپێنەری بیرۆکەی ویلایەتی فەقی هەبوو و ئێستاش بەشێکی دیارن لە چارتی پێکهاتەیی ئەو ڕێژیمەدا.

ڕەوتێک کە بە ڕەخنەگرتن لە سیستەمی مەوجوود، فریودانی دژبەرانی دیکەی ڕێژیمی پەهلەوی بۆ پێکهێنانی بەرەیەک و هاوپەیمانی لە دژی ئەو ڕێژیمە (دوای شۆڕشی ٥٧ یەک بە یەکی هاوپەیمانەکان وەک توودە، چریک فیدایی، موجاهدینی خەڵق و... هتد سەرکوت کران ) دۆخی نالەباری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کارەساتی وەک سووتانی سینەما ڕێکس و تەقینەی توورەیی کەڵەکەبووی خەڵک هاتە سەرکار. بەڵام بەپێچەوانەوە بە هەڕەشەکردن، تۆقاندن، سەرکوتی بێبەزەییانە و ئێعدامی بەکۆمەڵ دەسەڵاتی بەتەواوی قۆرخ کرد و پێچەوانەی دروشمەکانی بەر لە سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ و هەتا ئێستاش لە هەوڵی یەکدەستکردنی هەموو جۆراوجۆرییە فکری، مەعنەوی و جومگەکانی ژیانی خەڵکدایە. هاوکات بەشێکی بەرچاو لە بنەمای سیاسەتی دەسەڵاتداری نێوخۆیی و دیپلۆماسی دەرەوەی لە ئاستی ناوچەی و نێودەوڵەتییەوە لەسەر بنەمای تێرۆر و تێرۆریزم دامەزراوە و بۆ سەقامگیرکردنی هەرچی زیاتری بازنەی دەسەڵاتداری و برەوی پراکتیکیشی، بەشێوەی بەردەوام پەرە بەوجۆرە سیاسەتەی دەدا و ئەوەش وەک مافێکی نەگۆڕی ئایینی و ئاسمانی لە ئایدیای سیاسییەکان لە ئەژمار دێت کە ئاماژەیە بە باوەڕێکی قووڵی لقی ویلایەتی فەقیه لەو ئایینزایەدا کە دەڵێ: دژایەتی وەلی فەقیە و ویلایەتی فەقیە دژایەتی خودایە

تێرۆر و تێرۆریزم یەک لە سەرەکیترین کۆڵەکەکانی سەقامگیریی دێپارتمانی کۆماری ئیسلامییە، کە نەبوونی هەیکەلەی ئەو سیستەمە دەخاتە لەرزین و ڕەنگە بەتەنیایی هەتا هەڵدێری ڕووخانیشی بەرێ؛ سیاسەتی فکری و پراکتیکی هەموو تەمەنی ئەو ڕێژیمە لە ئاستی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیدا، باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە هەتا ئەو جێگەیە کە بە گەورەترین پشتیوانی تێرۆریزمی دەوڵەتی لە جیهاندا ناسراوە.

تێرۆریزم دەوڵەتان کە بە تێرۆریزمی دەوڵەتی ناسراوە، بەگشتی دەکرێ بەسەر سێ بەشی تێرۆریزمی دەوڵەتی، دەوڵەتی سپۆنسەری تێرۆریزم و دەوڵەتی پشتیوانی تێرۆریزم دابەش بکرێ.

### تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران:

لەگەڵ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، یەکەم هەنگاو لەو بارەوە، کوشتن و تیربارانکردنی بەرپرسانی ئیداری، ئەمنی، نیزامی و تەنانەت بەڕێوەبەرانی مامناوەندی دەسەڵاتی پێشوو، بە دادگاییکردنی کتوپڕ بە بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ مافێک بەو جۆرە کەسانە یان بە بێ دادگاییکردن بوو.

دووهەم هەنگاو، فەتوای خومەینی بە دژی گەلی کورد و بەحەڵاڵکردنی خوێن، گیان، ماڵ و خاکی کورد بۆ پاسدار، چەکدارانی و باوەڕمەندانی بوو کە ڕادە و ڕێژەی لێکەوتەکانی ئەو کارەساتە هەتا ئێستاش بە تەواوی ڕوون نەبۆتەوە؛ بەڵام تاڵان، کۆمەڵکوژی، ئەشکەنجە جەستەیی و دەروونی، کاولکاری، تۆقاندن، ڕفاندن و بێبەشکردن لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆیی بەشێکی دانەبڕاو لەو جینایەتە تێرۆریستییە بووە. بۆ نموونە: ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادی، کارەساتی قارنێ و قەڵاتان و کاولکردنی دەیان گوند و ئاوایی دیکە لە کوردستان.

سێهەم هەنگاو لەو بارەوە، کۆمەڵک وژکردنی زیندانیانی سیاسی بە بێ دادگاییکردن، مافی بەرگریی لە خۆیان و تەنانەت بەبێ ڕادەستکردنەوەی تەرمی کوژاوەکان بە بنەماڵەکانیان لە هاوینی ١٣٦٧ی هەتاوی بە فەرمانی خومەینی و ناشتنیان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا بوو.

چوارەم ڕەشبگیری، ڕفاندن و ئەشکەنجەی لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدوای ساڵەکانی ٦٣ و ٦٤ی هەتاوی بە بیانووی گەڕاندنەوەی ئارامی و سەقامگیرکردنی ئاسایشی وڵات و هۆکاری جۆراوجۆر کە لە ڕاستیدا بەردەوامی لە سەقامگیرکردنی دۆخێکی تۆقێنەر بوو، هاوشێوەی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی داعش لە عێراق و تاڵەبان لە ئەفغانستان لەدوای سەرهەڵدانیان؛ ئەو فەزایە هەتا کۆتایی دەیەی ٦٠ی هەتاوی زەق و بەرچاو بوو.

پێنجەم لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق کوشتنە زنجیرەیی یان سریاڵییەکان هاتە ئاراوە. کەسانی نەناسراو دەستیان کرد بە تێرۆری تۆقێنەرانەی نووسەران، کەسانی سیاسی و چالاکوانانی مەدەنی دیار و بەرچاو لە نێوخۆی وڵات و بە شێوەی جۆراوجۆری وەک ڕووداوی هاتوچۆ، چەکی گەرم و سارد، دەرزی ژەهراوی و خنکاندن بە پەتک کوژران کە کەسانی وەک داریووش فروهەر، پەروانە ئەسکەندەری، محەممەد موختاری، محەممەدجەعفەر بوویەندە و مەعسوومە موسەدیق بەشێک لە قوربانیانی ئەو جینایەتە و تێرۆری بە سیستمکراوی دەوڵەتی بوون. بەگوێرەی ئامارەکان زیاتر لە ٨٠ کەس قوربانیی ئەو زنجیرە تێرۆرانە بوون، بەڵام هێندێک سەرچاوە وەک بەرنامەی ماهوارەیی لاپەڕەی کۆتایی (صفحە آخر) لە دەنگی ئامریکا، لەو باوەڕەدایە کە قوربانیانی ئەو پرۆژەیە لە ٣٠٠ بۆ زیاتر و نیزیک هەزار کەسی گرتۆتەوە کە تەنیا ١٨٠ کەسیان لە بازنەی زەمەنیی ساڵەکانی ٦٩ هەتا ٧٧ی هەتاوی تێرۆر کراون. ئاکامی ئەو جینایەتە بێ سنوورە بوو بەهۆی دەسبەسەرکرانی هێندێک لە فەرمانبەرانی پایەبەرزی وەزارەتی ئیتلاعات و لە سەرووی ئەوانیشەوە کەسی وەک سەعید ئیمامی یەکێک لە جێگرەکانی وەزیری ئیتلاعاتی سەردەم. ناوبراویش وەک فەرماندەر و بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئەو پرۆژەیە ناسێندرا و بەر لەوەی بچێتە ناو پرۆسەی دادگایی و لێپرسینەوەی یاسایی، لە گرتووخانەی کاتیدا بەشێوەی گوماناوی گیانی لەدەستدا و لەسەر بەردی گۆڕی هۆکاری مردنەکەی نووسراوە، کە بەهۆی بەکارهێنانی بەهەڵەی دەرمانی پاکوخاوێنی لەش!

شەشەم، تێرۆری بە ئاشکرای دژبەرانی ڕێژیم لە ناوچە و لە سەرانسەری جیهاندا کە زیاتر لە ٤٠٠ تێرۆری چالاکوانانی سیاسیی کورد تەنیا لە عێراق ئەنجام درا. تێرۆرکردنی ڕێبەرانی بلیمەتی کورد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لەسەر مێزی وتووێژ و دوکتور شەرەفکەندی لە ڕێستورانی میکۆنووس کە دواتر ئەو تێرۆرە بوو بە گەورەترین پەروەندەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆردا و بڕیاری دادگای میکۆنۆس باڵاترین بەرپرسانی ئەو سیستەمەی گرتەوە و بوو بە دەرخەری ئەو ڕاستییە کە تێرۆری چالاکوانانی سیاسی و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی، یەک لە هەرە سیاسەتە گشتی و سەرەکییەکانی ئەو ڕێژیمەیە کە لە ئاستی ڕێبەری ئەو سیستەمە و بەیتەکەیدا بەڕێوە دەچێ.

حەوتەم، ڕفاندن، هەوڵی تێرۆر و تێرۆری دژبەرانی ڕێژیم لە نەتەوەکانی تر وەک تورک، فارس، عەرەب، بەلووچ و تورکمان لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات هەر وەک فرود فوولادوەند، حەبیب ئەسیوەد، ئەحمەد مەولانیسی و ڕۆحوڵڵای زەم؛ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی برومەند لە ساڵی ١٤٠٠ هەتاوی لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێ: کە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە هەتا ئێستا زیاتر لە ٥٤٠ عەمەلیاتی سەرکەوتووی لە جۆری تێرۆر و ڕفاندنی چالاکوانانی سیاسی و ڕۆژنامەوانانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەنجام داوە.

هەشتەم، تێرۆری کەسانێک کە بەهۆی پلە و پایەی نیزامی و پیشەیان، لە ڕابردوودا لە دوژمنانی ڕێژیم لە ئەژمار دەهاتن؛ ڕادیۆ فەردا لە وتارێکدا دەڵێ: بەپێی بەڵگە بڵاوکراوەکانی سایتی ویکیلیکس، لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس لە عێراق، فەرمانبەران و مەئمووران نهێنیی کۆماری ئیسلامی، نیزیک بە ١٨٠ فڕۆکەوانی فڕۆکەی شەڕکەری عێراقی تێرۆر کردوە کە لە شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق لە شەڕەکاندا بەشدار بوون.

نۆیەم، ڕفاندن، بزرکردن، ئەشکەنجەکردن و تێرۆری بەردەوامی دژبەران، خۆپێشاندەران و ناڕازییەکانی نێوخۆی وڵات وەک سەرکوتی خوێندکارانی زانکۆی تاران لە ٧٨ی هەتاوی، لەقاودرانی گرتووخانەی کەهریزەک لە کاتی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ٨٨ لەدوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری بوو بە شوێنی ئەشکەنجە و کوشتنی کەسانی ڕفێندراو و خۆپێشاندەر؛ بزاڤی ژینا ئەمینی نموونەی هەرە بەرچاو و ناسراوە لەو بارەوە کە بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجاب، دەستبەسەر و لە بنکەی پۆلیس تێرۆر کرا و ئەو تێرۆرە بوو بەهۆی تەقینەوەی توورەیی و هاتنە سەرشەقامی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وێناکردنی بەرخۆدانێکی مێژوویی لە کەرامەتی ژن و لاوێکی کورد؛ بەگوێرەی ڕێکخراوە و سەرچاوە سەربەخۆکان ئەو خۆپێشاندانە بوو بە گەورەترین بزاڤ، بەرفراوانترین خۆپێشاندان و هاتنە سەرشەقام..

درێژە بۆ لاپەڕەی ٩

# داهاتووی ئێرانی داڕماو





ئەلبورز ڕوئینتەن

دوای شەڕی دوازدە ڕۆژ کە بەرهەمی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئێرانی قەیرانلێدراو بوو، کۆماری ئیسلامی بەرەو دارمانی زیاتر و خێراتر هەنگاو دەنێ. چونکە ئەو شەڕە شکستی بە گوتار و پڕۆپاگەندەی چل و حەوت ساڵەی کۆماری ئیسلامی بۆ دژایەتیی ئیسڕائیل و تەنانەت ئیسلامی سیاسی هێناوە و سەلماندویەتی ئەو پڕۆپاگەندەیە قەڵغانی دیکتاتورەکانە بۆ دژایەتیکردنی خەڵک، نەک دژایەتیی ئیسرائیل.

لە دوای ئەو شەڕە هیچ گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ڕووی نەداوە و تەنانەت ڕۆژەقی دانوستاندنەکان، گەمارۆکان، قەیرانەکانی نێوخۆی و دەرەکی بە زیادەوە وەک خۆی بەردەوامە، و دەستی لایەنی بەرانبەر واتە ڕۆژئاوا و ئیسرائیلی دژی ئێران زیاتر ئاوەڵا بووە. جاران ئەگەر ئیسرائیل ترسی کاردانەوای هێزە نیابەتییەکان یا هێزی مووشەکی و درۆنییەکانی ئێرانی هەبوو کە کۆماری ئیسلامی ئەو هەمووە پڕۆپاگەندەی بۆ کردبوو، ئێستا بە دوای شەڕی دوازدە ڕۆژە نەک ئاسمان و زەویی ئێرانی کۆنترۆڵ کردوە، بەڵکوو ژووری خەوتنی بەرپرسە باڵاکانی ئێرانیش لەژێر کۆنترۆڵی ئەوان‌دایە، هەر بۆیەش دەستی بەتەواوی بۆ هەموو کردەوەیەک کراویە.

وڵاتانی ئورووپاییش کە پێشتر لە ترسی ئەو کاردانانەوە زیاتر لایەنگری دانوستاندن و مێزی بەناو ڕێککەوتن و تێگەیشتن بۆ ئیمتیازدان بە ئێران بوون، ئێستا مکوڕترن لەسەر سزادانی ئێران تەنانەت هەندێک جار توندتریشن لە ئەمریکا؛ چونکە بۆ ئەوانیش دەرکەوتوە کە کۆماری ئیسلامی دەتوانی دوژمنی پلە یەکی ئەوانیش بێت.

لێدوانی ماکرۆن سەرۆک کۆماری فەڕانسە لەسەر پێشنیارەکەی عێراقچی، وەزیری دەروەی کۆماری ئیسلامی کە دەڵێ ئەو پێشنیارە باشیش بێ دیار نیە پێشنیاری وەزارەتی دەروە و عێراقچیە یا پێشنیاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی؛ واتە ئەوان باوەڕ بە وەزیری دەروەی ئێرانیش ناکەن؛ و دەڵێن دەبێ خامنەی قسە بکات و تەنیا بڕیادەر هەر ئەوە! بۆیە لە دۆخێکی وا دا بەرکارهێنانی میکانیزمی ماشە وەک تەنیا ڕێگەی چارەسەری ڕۆژئاوا دژی ئێران دەبیندرێ و بەبێ ترس لە هەوڵی جێبەجێ کردنیدان.

ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە ڕوونترە کە ئەوەی داهاتووی ئێرانی داڕماو دیاری دەکات نەک هێرشی دەرەکی، نەک گەمارۆ، بەڵکوو هەبونی ئاڵتێرناتیڤە؛ چونکە ئەگەر ئاڵتێرناتیڤ هەبێ حکومەتی کۆماری ئیسلامی ڕووخاوە، نەشڕووخێ بە گوشارە جیاوازە فرە ڕەهەندەکانی ئورووپا، ئەمریکا و ئیسرائیل و پشتیوانی لە ئاڵترناتیڤی داهاتوو زۆر بە ئاسانی دەڕووخێ. هەر نەبوونی ئەو ئاڵتێرناتیڤەیە کە دەستی ئیسرائیل و ئەمریکا و ئورووپاشی بەستووە، چونکە هەر چەند بەستەری یارمەتیدەر دێتە ئاراوە بەڵام کەس نیە بیقۆزتەوە بۆ ڕووخاندنی ئەو حکومەتە. ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بە جێگای خۆی هەندێک بەناو ئۆپۆزسیونی ئەو ڕێژیمە یارمەتیدەری مانەوەی ڕێژیمن، چونکە دەبینن بیر و هزری فاشیستیاین کەمتر نیە لە هی کۆماری ئیسلامی.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئاڵتێرناتیو نەبێ، کە واتە ئێران ناڕووخێ؟ بە ئەگەری زیادەوە وایە، بەڵام ئەگەرێکی دیکەش هەیە کە نابێ پشتگوێ بخرێ و بەڵکوو پێویستە بە جیدی لە بەرچاو بیگرێ؛ ئەویش تەقینەوەیەکی لە ناکاو و ڕووخاندنی ئەو حکومەتەیە لە نێوخۆ و بە دەستی خەڵکی وڵات. هەر ئەو ڕۆژانە ڕووداوەکانی وڵاتی نیپاڵ کاریگەرییان لە سەر خەڵک داناوە کە نابێ تا سەر چاوەڕێی ئاڵتێرنایڤ و ڕێبەری کاریزما بن، بەڵکوو بۆخۆیان دەتوانن بێنە مەیدان و لە کاتی هەڵەیەکی ڕێژیم یا دۆخی چاوەڕواننەکراو یا هەر بابەتێکی دیکەدا چارەنووسی ڕێژیم یەکلا بکەنەوە.

ئەوەی دەبێ جێگای سەرنج بێ لە ئەگەرێکی وەهادا ئەو لایەنە سەرکەوتوو دەبێ کە زیاترین ئامادەیی تێدابێ، چونکە دەتوانێ باشتر هەلەکان بیقۆزتەوە و دۆخەکە مودیرییەت بکا. بەتایبەتیش بە نیسبەت کوردەوە ئەو بابەتە زۆر گرینگە. هەر بۆیەش پرسیاری ئەوەی کە چەند ئامادەین لە وەڵامی کردەوەکانمان بۆ ڕووخاندندا شارەواەیە، چونکە هێزی بکەری ڕووخاندن پلان و ئامادەیشی بۆ داهاتوو دەبێ.

ئەوە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە داهاتووی ئێرانی داڕماو بەرەو ڕووخان و نەمانە، ئەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگرە شتێکی نوێ نیە و پێویستی بە شیکردنەوە و بەڵگە هێنانەوەی زۆریش ناکات، بەڵام خاڵی وەرچەرخانی ئەو دۆخە ئەو ڕاستییەیە کە کورد لە ئەگەری ئامادەنەبوون بەرەو نادیارێک هەنگاو هەڵدەگرێ کە ئاسۆیەکی ڕوونی تێدا نابیندرێ.

... لە تەمەنی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیدا. بە گوێرەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، لەو بزاڤەدا زیاتر لە سەدان کەس ڕفێندران، و زیاتر لە ٦٠ هەزار کەس دەستبەسەر کران و زیاتر لە ٥٠٠ کەس کوژران کە ٧١ کەسیان منداڵ و میرمنداڵ بوون. هیچ یەک لەو خۆپێشاندان، ڕێپێوان، تێکۆشانە مەدەنی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت بزاڤی ژیناش، نەبوونە هۆی گۆڕین یان گۆڕانی سیاسەتی نێوخۆیی ڕێژیم کە لەسەر بنەمای تێرۆریسمی دەوڵەتی بینا کراوە. کەمڕەنگ بوونەوە یان ڕاگرتنی کاتی ئەو جۆرە ڕەفتارانە تەنیا وەک تاکتیک و ئەکتێکی کاتی بۆ بازنەیەکی زەمەنی دیاریکراو بووە.

### دەوڵەتی سپۆنسەری تێرۆریزم:

یەک لە ڕوخسارەکانی تێرۆریزم، سپۆنسەریی ڕاستەوخۆ لە تێرۆریزم و کردەوە تێرۆریستییەکانە لە جیهاندا.

کۆماری ئیسلامی یان باشترە بڵێین کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، تەنانەت بەر لە هاتنە سەرکاریان و قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریی وڵات، پێوەندی قووڵ، پتەو و پڕاکتیکییان لەگەڵ ڕێکخراوە تێرۆرستییەکانی وەک ڕێکخراوی ڕزگارکەری فەلەستین (سازمان آزادیبخش فلسطین)، ئەمەل (امل ، ڕێژیمی بەعسی سووری و تەنانەت دەسەڵاتی قەزافی هەبووە بۆ وەرگرتنی ڕاهێنانی نیزامی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک تەقینەوە، تێرۆر، شەڕی پارتیزانی و نێوشار و هتد؛ کەسانی وەک مستەفا چەمڕان، سادقی قووتبزادە، ئیبراهیم یەزدی و ڕەحیم سەفەوی نموونەی هەرە بەرچاون لەو بارەوە. جیا لەوانەش بەر لە شۆڕشی ٥٧ی هەتاوی، زۆر جارانیش بوونەتە هاوکار و یارمەتیدەر بۆ دامەزرانی لق و پۆپی نیزامی ڕێکخراوی تێرۆریستی لە وڵاتانی تر وەک لوبنان یان ڕاهێنانی تێرۆریست لە وڵاتانی سوورییە، میسر، ئەلجەزایر و هتد. لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧، بەشێکی بەرچاو لەو پێوەندییانە ئاشکرا و پتەوتر کران و بووە هۆی پشتیوانیی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی لەو گروپانە بە شێوەی سیاسی، ئابووری و نیزامی؛ جیا لەوە ئەو ڕێژیمە بۆ دامەزراندنی گرووپی چەکداری تر لەو وڵاتانە و وڵاتانی تری دراوسێی وەخۆ کەوت

تەیارکردن، پڕچەککردن و گواستنەوەی تەکنۆلۆژی نیزامی، پشتیوانی ئابووری و پلانی پەروەردەیی تەنیا بەشێک لە پشتیوانییە ئاشکرا و دیارەکانی ئەو ڕێژیمەن لەو گروپانە کە لە سیاسەتی فەرمی ئەو دەسەڵاتەشدا ڕەنگی داوەتەوە و بە سەدان جار لە مێدیا فەرمییەکانی لە لایەن باڵاترین بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە دانی پێدانراوە. دامەزراندن یان یارمەتیی کاریگەر و بەرچاو بۆ دامەزراندن، ڕێکخستن و ئامادەکردنی گروپەکانی وەک حەشدی شەعبی، کەتائیبی حیزبوڵڵا، حیزبوڵڵای لوبنان، حیزبوڵڵای عێراق، حیزبوڵڵای ئەفغانستان، حیزبوڵڵای ئێران، لەشکری فاتیمییوون، لەشکەری زەینەبییوون، پارێزەرانی حەرەم و هتد، یارمەتی و سپۆنسەری ڕاستەوخۆی ئەو ڕێژیمەیە لە سیاسەتی دەوڵەتی بۆ سپۆنسەری تێرۆریزم.

### دەوڵەتی پشتیوانی تێرۆریزم

جیا لە تێرۆریزمی دەوڵەتی و سپۆنسەری تێرۆریزم، پشتیوانی لە تێرۆریزمیش وەک سێهەم بەشی ئەو بابەتە لە کارنامەی کاریی ئەو ڕێژیمەدا بەشێوەی بەسیستمکراو و دووپاتبووە، بەرچاوە و حاشاهەڵنەگرە. بەو مانایە کە زۆر گروپی تێرۆریستی هەن لەبواری هزری ئیدئۆلۆژیکی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ناکەونە بازنەیەک، بەڵام بەهۆی هاوتەریب بوونی بەرژەوەندیی یان هاندانی ئەو گرووپانە بۆ زەبر وەشاندن لە دژبەرانی ناوچەیی و جیهانیی ڕێژیم، هاوکاری و یارمەتیی جۆراوجۆر وەک دابینکردنی شوێنی حاوانە، زانیاریی پێویستیان پێ دراوە یان بۆ ئەنجامی کردەوەکانیان، ڕێخۆشکەرییان بۆ کراوە. لەو بوارەوە ڕێژیم هەمیشە خۆی بواردوە لە درکاندن یان دانپێدانان و هەموو کات ئەو بابەتەی ڕەت کردۆتەوە. بەڵام وەک ئامارە دزەپێکراوەکانی ناوەندە ئەمنییەکانی ئەمریکا و هێندێک لە وڵاتانی ئورووپایی باس لە هاوکاریی ڕێژیم لەگەڵ تاڵەبانی ئەفغانستان، ئەلقاعیدە و تەنانەت داعشیش دەکەن و تەنانەت باس لە دابینکردنی جێگا و ڕێگا بۆ ئەندامانی باڵای هێندێک لەو گروپانە وەک کەسانی پلە یەکی بنەماڵەی ئۆسامە بن لادین کراوە؛ ڕۆژنامەی واشنگتۆن پۆست لە وتارێکدا باس لە هاوکاریی ئاسایشی بەعسی سووری و کۆماری ئیسلامی دەکا کە ڕێخۆشکەربوون بۆ دامەزرانی داعش بۆ ئەوەی هەم بەرەنگاریی ئەرتەشی ئازادی سوورییە ببنەوە و هەمیش عێراق لە ئەمریکا و هاوپێمانەکانی بکەن بە جەهەننەم.

جێی سەرنجە و پێویست بە هێنانە بەرباسە، کۆماری ئیسلامی لە بیرۆکەیەکی نوێدا، هەوڵی لێکبەستنەوەی ئەو سێ بەشەی تێرۆریزمی دەوڵەتیدا و بەرەیکی بەناوی بەرەی مقاوەمە بە مەبەستی دروستکردنی هیلالی شیعی پێکهێنا کە ئەوە یەکێک لە هەرە گەورەترین هەوڵەکانی دەوڵەتێکە بە مەبەستی پێکهێنانی گەورەترین هاوپەیمانی لە نێوان گروپە تێرۆریستییەکان کە جیا لە هاوکاری و یارمەتی جۆراوجۆری یەکتر، بەکردەوە دەبووە هۆی لێکگرێدانی خاکی چەند وڵات پێکەوە و پێکهاتنی بازنەیەکی ئەمن بۆ تێرۆریستان و دەستداگرتن بەسەر بەشێکی بەرچاو لە ناوچە ئاڵۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست؛ بەرەی مقاوەمە بەفەرمی دەبووە هۆی هاوپەیمانی زیاتر لە ٤٥ تاقم و گرووپی چەکداری زەبەلاح، مامناوەند و بچووک.

هاوشێوەی ئەو ڕەفتارەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دەکرێ لە هاوپەیمانی هەیئەتی تەحریرولشامدا بەدی بکەین، کە لە تێکەڵبوونەوەی زیاتر لە ١٣ گرووپی چەکداری تێرۆریست پێکهات و دەستی بەسەر دوو لەسەر سێی خاکی سوورییادا گرت و ئێستاش خەریکن حکوومەت پێک دەهێنن.

کۆماری ئیسلامی بە دامەزرانی لەسەر فەلسەفەی ویلایەتی فەقی، هەتا ئێستاش بە کەلکوەرگرتن لە هەر سێ بەشی تێرۆریزمی پێناسەکراو، چالاکانە کار دەکا و بەکاریان دەهێنێ؛ هەر وەک لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٢٣ی زایینیدا هاتووە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، یەکێک لە هەرە گەورەترین پشتیوانانی تێرۆریسمی دەوڵەتی لەسەر ئاستی جیهانییە.

بەچاولێکردن لە سیاسەت و ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی لە هەموو تەمەنی دەسەڵاتداری خۆیدا، ئەو پرسیارە لە زێهن دوور ناکرێتەوە کە وڵاتانی جیهانی لە چ کاتێکدا ئامادە دەبن وڵامێکی گونجاو و هاوتەریب بە کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتەکانی هاوشێوەی بدەنەوە و سەقامگیریی دێموکراسی، ئاسایشی نێودەوڵەتی کە دوو کۆڵەکەی سەرەکیی پاراستنی بازرگانی جیهانی و دابینکردنی ژیانی شایەنی مرۆڤایەتییە، نەکەنە قوربانی بەرژەوەندیی ئابووری و قازانجی خۆیان.

ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەیە دادگایەکی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بە تێرۆریسمی کۆماری ئیسلامیدا پێک بهێنێ؟ ئایا پێویست نیە حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان بەتایبەتی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان، چالاکانەتر لە بازنە یاساییەکانی وڵاتانی ئورووپایی بۆ پەروەندەی تێرۆریسمی کۆماری ئیسلامی بەدواداچوون بکەن؟ یان دژبەرانی کۆماری ئیسلامی (بەگشتی و جیا لە هەر بیروبۆچوون و ڕوانگەیەکی جیاواز) ئامادەن لەمەڕ بەڵگەمەندکردنی جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە، هاوپەیمانییەک بۆ وەدواکەوتنی ئەو کەیسانە پێک بهێنن و گوشاری زیاتر بهێنن بۆ ناوەندە پێوەندیدارەکانی نێودەوڵەتی و جیهانی؟

## وێستگە

# یەکگوتاریی ژنان



ئاسۆ مینبەری

سێ ساڵ بەسەر شەهیدبوونی ژینا ئەمینی و دەسپێکی شۆڕشی ژینادا تێدەپەڕێ. لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا و بە کاریگەریوەرگرتن لە شۆڕشی ژینا کە بە شەهیدبوونی ژینای بێتاوان و هاتنە مەیدانی خەڵکی کوردستان دەستی پێ کرد، کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵێک ڕووداوی جیاواز و لە هەمان کاتدا پڕبایەخی ئەزموون کرد. هەر لە سەرهەڵدانەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە گۆڕستانی ئایچییەوە بگرە هەتا شەهیدبوونی سەدان کەس لە خۆپیشاندەران و وتە جوان و پڕ لە ورەکانی بنەماڵەی شەهیدان و بە سەدان ڕووداوی دیکە. شۆڕشی ژینا لەگەڵ خۆی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی لە کۆمەڵگەدا پێک هێنا و بوو بە هۆی ئەوەی کە لایەنێکی دیکە لە خەبات لە کوردستان خۆی نیشان بدات.

پاش سێ ساڵ لە سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە، خەسارناسیی شۆڕشەکە و دەستنیشانکردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ئەتوانێ بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو زیاتر یارمەتیمان بدات.

ئەوەی لەم وتارەدا جێگا دەگرێ ئاوڕدانەوەیەکە لە پرسی ژنان، چونکە لەم شۆڕشەدا لایەنە تایبەتەکانی شۆڕشەکە کە پێوەندیی بە بەستێنی سیاسیی ئەوکاتی کۆمەڵگە و هەڵوێستی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی هەیە، بابەتێکی گرینگە کە جێی تێڕامان و وربوونەوەی زانستییە.

دۆخی ژنان لە کوردستان پێش شۆڕشی ژینا و دوای شۆڕشی ژینا گۆڕانی زۆری بەسەردا هات بەڵام ئەمە نابێ ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە ئێمە خاڵە بەهێزەکانی ئەم پرسە پێش شۆڕشەکە لەبیر بکەین.

پێش دەسپێکی شۆڕشی ژینا، ئەگەرچی کۆمەڵگەی کوردستان وەک هەمیشە لەژێر کاریگەری و سەرکوتی سیستماتیکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بوو، بەڵام ژنان بە شێوازی جیاواز هەوڵیان دەدا، بوونی خۆیان لە مەیدانی کردەوەدا بسەلمێنن. بە دەیان ڕێکخراو و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە شارەکانی کوردستان دامەزران و کاریان کرد کە بەشێکی بەرچاوی ئەندامان و دامەزرێنەرانیان ژنان بوون و بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی بەرانبەر بە دۆخی کۆمەڵگە و ژیانی خۆیان و نەوەی داهاتوو، لەو ڕێگەیەوە هەوڵیان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەدا. هاوکات لەگەڵ ئەمە سەرکوتکارییەکانیش لەلایەن ڕێژیمەوە بەردەوام بوو و بە دەیان ژنی ئازا و تێکۆشەری کوردستان، بە تۆمەتی بێبنەما ڕەوانەی بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی کران تاکوو دەنگی مافخوازییان کپ بکرێت. لەو کاتەدا ئەو ژنانە پێشەنگایەتیی کۆمەڵگەیان دەکرد و بە چوونی خۆیان بۆ بەندیخانە و بە بەخشینی هیوا بە دەوربەرییەکانیان ئەو پەیامەیان دەگەیاند کە سووچی زیندانیان قوتابیخانەیە!

بە دەسپیکی شۆڕشی ژینا، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی دروست بوو، ژنانی دیکە لە بینەربوونەوە بوون بە ئەکتەری سەرەکیی خەباتەکە و ئەمجارە ئەوە خۆیان بوون کە پێشەنگایەتیی خەباتیان دەکرد و بەرانبەر بە سەرەڕۆیی ڕاوەستابوون. هەواڵ و زانیارییەکان و بەتایبەت ئەو ڤیدیۆیانەی کە لە سەردەمی شۆڕشەکە ماونەتەوە نیشانمان دەدەن کە ژنان لەو خەباتەدا لە ڕۆڵی جیاوازدا پێشەنگایەتیی خەباتەکەیان لە ئەستۆ گرت و مانیفیستی شۆڕشەکەیان نووسیەوە. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەمانە، کۆمەڵێک بابەتی دیکەش هەیە کە وەکوو خەسار دەبێ بوروژێنرێن تاکوو وانەیان لێ وەربگیرێ و هەوڵ بۆ چارەسەرکردنیان بدرێت.

لە پێش شۆڕشی ژینادا، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەرانبەر بە ژنان، لە ئاستێکی مەترسیداردا بوون، بەڵام لە قۆناغی شۆڕشەکەدا ئەم جۆرە دیاردانە ڕوویان لە کزی ناوە و بە وتەی کارناسان و پسپۆڕانی بوارە پێوەندیدارەکان، گەڕانەوەی هیوا بە ژیان و هیواداربوونی خەڵک بە گۆڕانی بنەڕەتی لەلایەک و پێناسەکردنەوەی ڕۆڵ و ئەرکی ژن لە کۆمەڵگە کە لە ڕەوتی شۆڕشەکەدا هاتە ئاراوە، لە لایەکی دیکەوە وای کرد ئەم جۆرە دیاردانە کەم ببنەوە. بەڵام لە دوای دامرکانەوەی شۆڕشەکە، ئەو دیاردانە دیسان سەریان هەڵدایەوە و کۆمەڵگەیان تەنی و ڕۆژ نییە هەواڵێکی دڵتەزێن لە ژنکوژی و خۆکوژییەکانی ژنان تایبەت لە کوردستان بڵاو نەکرێتەوە.

ئەم پرسە گرینگە، چونکە دەبێ بە وردی کاری لەسەر بکرێت و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردانە بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە و وڵامێکی زانستییان بۆ بدۆزرێتەوە.

ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خەسارەکانی دوای شۆڕشی ژینا لە پێوەندی لەگەڵ پرسەکانی ژناندا، بۆشاییەک بووە کە ژنان و بەتایبەت چالاکانی بواری ژنان لە درووستبوونیدا تاوانبارن چونکە ئەم شۆڕشە بە پێچەوانەی هەموو بزووتنەوە و ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران لەسەر خاڵێک ڕاوەستابوو کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژنانەوە بوو؛ کوژرانی کچێک لە پێتەختی ویلایەتی فەقیدا! لێرەدا بوو کە بەریەککەوتنی ئیدئۆلۆژیی زاڵ لە باری سیاسی و کۆیلە و ملکەچکردنی ژنان لەلایەن دەسەڵاتەوە کەوتبووە ژێر تەوژمی نارەزایەتیی گشتییەوە و ژنان ناوەندی ڕووداوەکە بوون، کەوایە پێویست بوو ژنان هەر لە سەرەتاوە خاوەندارێتی لە شۆڕشەکە بکەن و نەهێڵن دەسکەوتەکانی شۆڕشەکە بۆ ژنانی چەوساوە و سەرکوتکراو بەفیڕۆ بچێت.

پێویست بوو لە دوای دامرکانەوەی شۆڕشەکە، هەوڵەکان زیاتر پەرە بستێنن و هەوڵ بۆ ڕێکخستنی ژنان بدرێت تاکوو بتوانن خۆیان بۆ قۆناغەکانی دواتر ئامادە بکەن. لە پێوەندییەدا، ئەگەرچی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە هەندێ بابەتدا جیاوازیی بیرکردنەوەیان هەبوو و نەکرا یەکگرتووییەک پێک بێت، بەڵام دەکرا ژنان لە ڕێکخراوەکانی ژنانی حیزبە سیاسییەکان بە گرینگیدانی زیاتر بە پرسی ژنان، هاودەنگییەک پێک بێنن و بتوانن کار لەسەر پرسەکای ژنان و بابەتەکانی پێوەندیدار بە ژنان لە شۆڕشی ژینادا بکەن. ئێستا کە سێ ساڵ بەسەر شۆڕشی ژینادا تێدەپەڕێ با خۆمان بەرەوڕووی ئەم پرسیارە بکەینەوە کە چ هەنگاوێکی ئەرێنیی بەکردەوەمان بۆ ژنان و باشتربوونی دۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگرت و چۆن ئەتوانین خاڵە لاوازەکانمان دەستنیشان بکەین و بە کردەوە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنیان بدەین. یەکگرتوویی و یەکگوتاریی ژنان بەرانبەر بە دەسەڵاتی زاڵی پیاوسالاری خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی، خاڵێکی گرینگ و جێی بایەخە کە لەم پێناوەدا دەبێ گرینگیی زیاتری پێ بدرێت.

# دوکتور شەرەفکەندی؛

## ڕووناکبیری ئۆرگانیک و خەبات بۆ هێژموونی فەرهەنگی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورددا!



ئیبراهیم لاجانی



هەڵسەنگاندنی ژیان و خەباتی شەهید دوکتور شەرەفکەندی لەبەر ڕووناکایی تیئۆرییەکانی ئەنتۆنیۆگرامشیدا، بەتایبەتی چەمکەکانی ڕووناکبیری ئۆرگانیک و هێژموونی فەرهەنگی، دەتوانێ دەرگایەکی تازەمان بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵ و پێگەی ناوبراو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی کوردستاندا بە ڕوودا بکاتەوە. گرامشی لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا نیشان دەدات کە بزووتنەوە ئازادیخوازەکان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان تەنیا هەر لە شکڵی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و نیزامیدا دەرناکەون، بەڵکوو بۆ ئەوان مەیدانی سەرەکی خەبات و ململانێ و بەربەرەکانی بریتییە لە: مەیدانی کار و تێکۆشانی فەرهەنگی و فیکری. لێرەدایە کە دەبینین دوکتور شەرەفکەندی نەک بەتەنیا هەر وەک ڕێبەرێکی سیاسی، بەڵکوو وەک ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێڕ و ئۆرگانیک دەورێکی سەرەکی هەیە.

### ڕووناکبیری ئۆرگانیک و دوکتور شەرەفکەندی

گرامشی ڕووناکبیران لە دوو دەستەدا دابەش دەکات: ڕووناکبیرە سونەتییەکان کە سەر بە دامەزراوە جێکەوتووەکانی وەک زانستگە، دین و نیهادە بۆرۆکراتیکە دەوڵەتییەکانن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، لە ڕاگرتن و پاراستنی هەلومەرجی مەوجووددا نەخشیان هەیە. هەروەها ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک کە لە نێو دڵی بزووتنەوە چینایەتی، نەتەوایەتی، یا کۆمەڵایەتییەکان دێنەسەر و بیرو ئەندێشەکانیان بۆ ڕێکخستن و ڕێبەری کردنی خەبات و تێکۆشانی ئەو جووڵانەوانە دەکار دەکەن. بەوجۆرە ڕووناکبیری ئۆرگانیک نەک هەر لە بوورجی عاجەوە تەماشای وەزعەکە ناکات، بەڵکوو دێتە نێو جەرگەی مەیدانی خەبات.

شەرەفکەندی مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕێکی بەرجەستەی شیمی بوو، بۆیە دەیتوانی ژیانێکی خۆش و ئارام لە ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکاندا بەرێتە سەر. بەڵام ئەو ڕێگایەکی دیکەی هەڵبژارد. ناوبراو بە بوون بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لەبەرکردنی بەرگی پێشمەرگایەتی، زانست، ئیعتیبار و توانا و لێوەشاوەییەکانی خۆی بۆ خزمەت بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد تەرخان کردن. ئەوە گۆڕانە لە ڕووناکبیریی سوننەتییەوە بۆ ڕووناکبیرێکی ئۆرگانیک و خەباتگێڕ.

دوکتور شەرەفکەندی نەک هەر لە بوارەکانی نەزەری و داڕشتنی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتدا چالاک و کاریگەر بوو، بەڵکوو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵانی هەراوی خەڵک پێوەندیی هەبوو، ڕۆڵی لە ڕێکخستن و ڕێبەری‌کردنی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەیدا هەبوو. لەوەش زیاتر، تەنانەت لە بردنەپێشی دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ پرسی کورد لە ئێراندا، چالاک و هەڵسووڕ بوو. بە تەعبیری گرامشی کەسانێکی ئاوا ڕۆڵی (عەقڵی جەمعی) بزووتنەوەیەک دەبینین. ئەو جۆرە کەسانە ڕێبەرانێکن کە دەتوانن نارەزایەتیی خەڵک لە پڕشووبڵاوی دەربێنن و ئاستی وشیاریی سیاسی و ڕێکخستنی بزووتنەوەکە بەرنە سەر. بۆ نموونە: دوکتور شەرەفکەندی بە وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی دەزگای چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حیزب، نەخشێکی بنەڕەتی لە داڕشتن و بڵاوکردنەوەی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب و وشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان و ئێراندا گێڕا. ئەو ئەرکە بەتەنیا هەر بریتیی نەبوو لە کاری ڕاگەیاندن و بەس، بەڵکوو جۆرێک خەباتی فەرهەنگی بوو بۆ هێنانەکایەی ڕیوایەت و دیسکۆرسێکی تازە لە بەرانبەر ڕیوایەت و وێژمانی فەرمی ڕێژیمدا.

### خەبات بۆ هێژموونی فەرهەنگی

لە ڕوانگەی گرامشییەوە، دەسەڵاتی سیاسیی جێکەوتوو کاتێک شکڵ دەگرێت کە چینێک، دەستەیەک یا توێژێکی کۆمەڵایەتی بتوانێ، نەک هەر بەتەنیا لە ڕێگای زەخت و زۆرەوە، بەڵکوو لە ڕێگای وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی زۆربەی کۆمەڵگەوە، هێژموونی بەدەستەوە بگرێت. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو بارەوە نموونەیەکی زیندووە. ئەو ڕێژیمە لە ڕێگای دەکارکردنی سەرکوت و زەبروزەنگ و ئیدئۆلۆژیی مەزهەبییەوە توانی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ.

دوکتور شەرەفکەندی بە باشی لەو ڕاستییە تێگەیشتبوو کە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی هەر بەتەنیا لە بواری نیزامی و سیاسیدا، بە ئاکام ناگات. ئەو دەیزانی بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کوردستان بە سەرکەوتن بگات، پێویستە هێژموونی فیکری و فەرهەنگی و ڕیوایەتێکی تایبەت بەخۆیی وەک ئاڵتێرناتیڤی فەرهەنگ و ڕیوایەتی ڕێژیم، بێنێتەکایەوە. ئەو هێژموونییەی دوکتور شەرەفکەندی مەبەستی بوو لەسەر چەند پایە ڕاوەستابوو.

**یەکەم: دێموکراسی وەک نرخ و بایەخی سەرەکی**

دوکتور شەرەفکەندی هەمیشە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئامانجی حیزبی دێموکرات بەتەنیا هەر ئەوە نیە، کە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی بۆ گەلی کورد دەستەبەر بکات، بەڵکوو بریتییە لە: دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک کە بتوانێ ماف و ئازادییەکانی هەموو گەلانی ئێران و هاونیشتیمانانمان دابین بکات. ئەو سیاسەتە پێشگیریی لەوە دەکرد کە جووڵانەوەی کوردستان لە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی ئێران داببڕێ و وەک جووڵانەوەیەکی ناوچەیی نەتەوەیی کورد دوورەپەرێز بکەوێتەوە.

**دووهەم: مافی گەلان و هاوپێوەندیی نێوانیان**

دوکتور شەرەفکەندی لەو بڕوایەدا بوو کە بەبێ هاوکاری و هاوپێوەندیی خەباتگێڕانەی هەموو هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران ئیمکانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕێدا نیە. هەربۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو لە نێوان بزووتنەوەی کوردستان و باقی بزووتنەوە ئازادیخوازیەکانی دیکەی وڵاتەکەمان پرد دروست بکات.

**سێهەم: پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی ناسنامە و شوناسی کوردستان**

کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشا گەلی کورد و خەڵکی کوردستان وەک (جیاوازیخواز) و (دژی ئیسلام) بناسێنێ و لەنێو بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێراندا بەدناویان بکات. دوکتور شەرەفکەندی بەپێداگرتن لەسەر زەقکردنەوەی فەرهەنگ و زمان و مێژوو و ئەدەبیاتی کوردستان، بەتایبەت لە ڕێگای ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە، ناسنامە و شوناسێکی سیاسیی نوێی خوڵقاند، کە نەک هەر خاوەنی ڕەگ و ڕیشەیەکی ڕەسەن بوو، بەڵکوو پشتی بە بایەخە بەرزە جیهانییەکانی وەک ئازادی و عەداڵەتیش دەبەست.

ئەو هەوڵانە بە بەشێک لە خەباتی هێژموونیک دادەنرێن کە گرامشی لە لێکۆڵینەوەکانیدا باسیان دەکات. خەباتێک کە نەک هەر کار لەسەر داگیرکردنی خاک، بەڵکوو کار لەسەر دەستبەسەرداگرتنی زەین و بیر و دڵی خەڵکدا دەکات.

### ڕۆڵی شەرەفکەندی لە سەردەمی قەیرانی هێژموونیکدا

دوکتور شەرەفکەندی لە سەردەمێکدا بوو بە سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە دنیا لەگەڵ ئاڵوگۆڕیی گەورە و قووڵ بەرەوڕوو بوو. ڕووخان و لەبەریەک هەڵوەشانی یەکیەتی سۆڤییەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات، بزووتنەوە چەپی و ناسیۆنالیستییەکانی لە سەرتاسەری دنیادا تووشی قەیران کرد. گرامشی ئەو قۆناغانە، ئەوجۆرە ڕووداوانە بە قەیرانی هێژموونیک لە قەڵەم دەدات. لەو حاڵەتانەدا ئیدئۆلۆژییە قەدیمییەکان مەشروعییەتی خۆیان لەدەست دەدەن و هیچ دیسکۆڕس و وێژمانێکی تازەش نەهاتۆتە ئاراوە تا جێگایان بگرێتەوە. لەو دۆخەدا شەرەفکەندی توانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێلێونبوون و سەرلێشێواوی ڕزگار بکات. دوکتور شەرەفکەندی بزووتنەوەی کوردستانی لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژییە چەقبەستووەکان هێنادەر و پێی لەسەر بردنەپێشی سیاسەتێکی عەمەلی، پڕاگماتیستی و دێموکراتیک داگرت.

خەباتی گەلی کورد و بزووتنەوەی کوردستانی لە شکڵی جووڵانەوەیەکی مەحەللی هێنایەدەر و لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازەکانی سەرتاسەری ئێران و ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە ئاستی دنیادا لێکگرێدان. ئەو هەنگاوانە، لە هەلومەرجی تایبەتی ئەودەمدا، شەرەفکەندیان کرد بە مێعماری هێژموونییەکی ئاڵتێرناتیڤ. هێژموونییەک کە دەیتوانی لە بەرانبەر ڕیوایەتی کۆنەپەرستانەی ڕێژیمدا ڕابوەستێ و ڕێگا و ڕێبازێکی تازەش بۆ پتەوکردنی پێکەوە ژیانی گەلانی ئێران پێشنیار بکات.

### دادگای میکۆنۆس و تێکشکاندنی هێژموونی و ڕیوایەتی ڕێژیم لە ئورووپ

تێرۆری شەرەفکەندی لە ١٣ی سێپتامبری ١٩٩٢دا، لە ڕێستۆڕانتی میکۆنۆس لە بەرلین، هەوڵی کۆماری ئیسلامی بوو، بۆ لەبەینبردنی دەنگی ئەو ڕیوایەتە ئاڵتێرناتیڤە. بەڵام ئاکامەکەی بەپێچەوانەی ویستی ڕێژیم هاتەدەر. دادگای میکۆنۆس، کە دواتر پێکهات، کاربەدەستانی هەرە بەرزی ڕێژیمی وەک تاوانباری ئەو تێرۆرە ناساندن و مەحکوومی کردن. ئەو مەحکوومییەتە، لە ئاستی نێونەتەوەییدا، زەبرێکی کاریگەریی لە مەشروعییەتی کۆماری ئیسلامیدا. لەوەش دەرکەوت کە تەنانەت بەکارهێنانی توندوتیژی و تێرۆر و تۆقاندنیش ناتوانن جیاوازییە هێژموونییەکان بشارنەوە.

بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی کوردستان دادگای میکۆنۆس و بڕیارەکانی سەرکەوتنێکی سیاسی و فەرهەنگی گەورە بوون. بۆ بیروڕای گشتیی خەڵکی دنیا دەرکەوت کە کوردەکان نەک هەر تێرۆریست نین، بەڵکوو قوربانی تێرۆر و توندوتیژی دەوڵەتیشن. ئەوە ئەو شتەیە کە گرامشی وەک سەرکەوتن لە مەیدانی فەرهەنگ و بیروڕای گشتییدا باسی دەکات.

### شەرەفکەندی وەک سیمبولی ئەخلاق و ڕێبەرایەتیی دێموکراتیک

کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی نەک هەر لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکوو لە ڕووی ئەخلاقیشەوە یارمەتییەکی گەورەی بە دروستبوونی هێژموونی ئاڵتێرناتیڤ کرد. گرامشی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ڕێبەرایەتیی هێژموونیک دەبێت لەسەر بناغەی ئەخلاق و ڕەزامەندیی ڕاوەستێ، نەک بەتەنیا لەسەر ئەساسی زەخت و زۆر. تایبەتمەندییەکانی وەک سینگفرەوانی، سەداقەت، ئازایەتی، دلێری، فیداکاری و لەخۆبوردوویی لە کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندیدا زەق و بەرچاو بوون. ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کە دوکتور شەرەفکەندی ببێتە جێگای متمانەی بەدەنە و ڕێبەرایەتی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. ئەو هیچکات خەڵکی وەک ئامرازی بردنەپێشی مەبەست و بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆی نەدەدی، بەڵکوو ژیانی خۆی بۆ بەرگری و دیفاع لە ماف و ئازادی و ئامانجەکانی ئەوان تەرخان کردبوو. ئەو لایەنە ئەخلاقییە لە مێتۆدی ڕێبەرایەتیی دوکتور شەرەفکەندیدا، ئەو ڕیوایەت و هێژموونییەی بەهێز دەکرد کە بزووتنەوەی کوردستان وەک ئاڵتێرناتیڤی هێژموونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێنابوویە کایەوە. بەر لەوەش زیاتر مەشروعییەتیشی بە هێژموونی ئاڵتێرناتیڤ دەبەخشی.

### ڕووناکبیری ئۆرگانیک لە بزووتنەوەی کوردستاندا

بزووتنەوەی میللی و دێموکراتیکی کوردستان بەدرێژایی مێژوویی خۆیی پێویستی بە کۆمەڵێک لەو ڕووناکبیرانە بووە کە بتوانن زمانێکی هاوبەش لە نێوان سیاسەت، فەرهەنگ و خەڵکدا دروست بکەن. دوکتور شەرەفکەندی باشترین نموونەی ئەو ڕووناکبیرانەیە.

ئەو بەهۆی ئاگاهی زانستیی و وشیاریی سیاسی خۆی توانی پردێک لە نێوان زانستگا و کۆمەڵگەی کوردستاندا دروست بکات.

ئەو لە ڕێگای چالاکی سیاسی و فەرهەنگییەوە، یارمەتیی زۆری بە چوونەسەری ئاستی وشیاری سیاسیی خەڵکی کوردستان کرد. بەتایبەتی لە ڕێگای کار و تێکۆشانی وەک مۆدیر و بەڕێوەبەریی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران.

بەهێنانە گۆڕ و بڵاوکردنەوەی ئیدە و بیرۆکە دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازەکان، دیسکۆرسێکی تازەی بۆ بزووتنەوەی کوردستان خوڵقاند کە ئێستاش هەروا سەرچاوەی ئیلهامە بۆ هەموو ئازادیخوازانی ئێران. ئەوە دەریدەخات کە بەبێ بەشداری ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک، هیچ بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە نارواتەپێش و بە سەرکەوتن ناگات. هەر بەو جۆرە کە گرامشی دەڵێت: (هەموو بزووتنەوەیەک بۆ سەرکەوتنی خۆی، بێجگە لە سوپایەکی نیزامی، پێویستی بە لەشکرێکی گەورە لە بیرۆکەو ئیدە و ئەندێشە هەیە).

### کۆتایی:

ژیان و خەباتی دوکتور شەرەفکەندی لەبەر ڕووناکایی بیروبۆچوونەکانی گرامشیدا، نوێنگەی یەکگرتنی نێوان ئەندێشە و کردەوەیە. دوکتور شەرەفکەندی وەک ڕووناکبیرێکی ئۆرگانیک توانی زانست و ئەزموونی خۆی بخاتە خزمەت جووڵانەوەی میللی و دێموکراتیکی کوردستان و بە تێکۆشان و کارو چالاکی لە بوارەکانی فەرهەنگ و سیاسەت و دیپلۆماسیدا، دیسکۆرسێکی تازە بێنێتەکایەو هێژموونی ئاڵتێرناتیڤ لە بەرانبەر ڕیوایەتی دەوڵەتی ناوەندی و ڕێژیمی ئاخوندیدا بخوڵقێنێ.

تێرۆری ئەو لە بەرلین لە لایەن تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، دەریخست کە ڕێژیمی ئاخوندی تەواو هەستی بەو هێژموونییە ئاڵتێرناتیڤە کردبوو کە شەرەفکەندی و حیزبەکەی ئاڵاهەڵگری بوون. بەو حاڵەش ئەو بیرۆکانە، ئەو ئەندێشە و ئیدەبەرزانە، ئەو وێژمانەی کە شەرەفکەندی و حیزبەکەی بنیاتیاننناوە، هەروا زیندوونە و ڕێنیشاندەری خەبات و تێکۆشانی ئێستا و داهاتووی خەڵکی کوردستانن.

میراتی خەباتگێڕانەی شەرەفکەندی نەک هەر بۆ کوردستان، بەڵکوو بۆ هەموو ئازادیخوازانی ئێران سەرچاوەی وزە و گڕو وتینە. ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سەرکەوتن لە مەیدانی سیاسەتدا، پێش هەر شتێکی تر بریتییە لە: سەرکەوتن لە مەیدانی فەرهەنگ و بیر و ئەندێشەدا. بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە شەرەفکەندی نموویەکی بەرچاوی ئەو شتەیە کە ئەنتۆنیۆ گرامشی ئارەزووی دەکرد:"ڕێبەرییەک کە بە ئاوێتەکردنی ئەندێشە و ئەخلاق عەمەل، کۆمەڵگە بەرە و ئازادی و دێموکراسی ڕێبەری بکات".

کوردستان
• ژمارە: ٩٠٣
٣١ی خەرمانانی ١٤٠٤ _ ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٥

# "مام وێنس" فیلمی چاکە، ببینن!



عاشق ئیسماعیلی

"فیلمەکە باسی مامۆستایەکی نۆروێژی دەکا کە ناوی ئاکامە. ئەو مامۆستایە ژیانێکی ئاسوودە و بێدەردەسەریی هەیە و لەگەڵ چەند هاوڕێی لە خانوویەکی هاوبەشدا دەژی. ئەو ژیانە ئارام و ئاسوودەیەی ئاکام بە کتوپڕ پەیدابوونی مامی، لە نیوەشەوێکدا کە بارانێکی توند دەبارێ، پێچەوانە دەبێتەوە و تێک دەچێ. سەرەتا مامی دەڵێ: هەردوو شەوان لەلای دەمێنێتەوە و ئاکامیش لەگەڵ ئەوەی کە خانووەکەی هاوبەش و زۆر بەرتەنگە و بۆ میوان و میوانداریی نابێ، ڕێگا دەدا مامی بمێنێتەوە، تەختەکەی خۆی دەداتێ و بۆخۆی لەسەر تاقە مۆبلێک کە دەنێو ژوورەکەدا هەیە، دەخەوێ. دوو ڕۆژەکە تێدەپەڕن، بەڵام مامی ئاکام دەمێنێتەوە و باسی ڕۆیشتنێ هەر ناکا.

بڕوا وەهابپوور، سیناریۆی فیلمەکەی نووسیوە، دەرهێنەریش هەر بۆخۆی بووە و ئەو فیلمەش ئەوەڵ فیلمی درێژیەتی. فیلمەکە بۆ یەکەمجار مانگی مارسی ٢٠٢٥، لە فێستیواڵی جیهانیی "ساوتوێست" لە تێگزاس هاتۆتە سەر پەردە و دواتریش فێستیواڵی فیلمی "کۆسمۆراما"ی لە شاری ترۆندهایمی نۆروێژ، پێکراوەتەوە.

پەیمان عەزیزپوور کە لە دەوری "ئاکام"دا دەردەکەوێ و "هەمزە ئاگووشی" کە دەبێتە مام خدر، یان با بڵێین "مام وێنس"، دەورە سەرەکییەکانی ئەو فیلمە دەگێڕن. لە فیلمەکەدا ناوی "خدر" کراوەتە " Jens"، چونکە نۆروێژییەکان "خدر"یان باش بۆ نایە. (ئەڵبەت مام خدریش "Jens"ی بۆ نایە و هەر دڵێ: "وێنس". وەرگێڕ)

مام وێنس بەسەرهاتێکە لە جیاوازیی کولتوورەکان، ئەمبەرەوبەرکردنی مرۆڤەکان لە نێوان دوو کولتووردا، گرنگیی زمان بۆ ناسنامە و ئەو هەودا نادیارانە کە بنەماڵەکان و خزم و کەسوکار بەیەکەوە دەبەستنەوە.

فیلمەکە بە تێکەڵکردنی کۆمێدی و هێندێک جاریش شێوە دەربڕینێکی ڕاستەوخۆ، تیشک دەخاتە سەر ئەو بەرەنگاری و جیاوازییانە، کە هێندێک جار لە نێوان داب و نەریتە کۆنەکان و شێوەی ژیانی مۆدێرن و نوێ پێکدێن".

(ئەوە تا ئێرە دەقی ناساندنی فیلمەکە بە زمانی سوئێدی بوو، کە سینەماکە کردوویەتی و من کردوومەتە کوردی)

***

### ئێمەش "مام وێنس" مان دی

من و چەند کەس لە بنەماڵەکەمان ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٨ی ئاگۆستی، لەگەڵ ژمارەیەک کوردی دیکەی دانیشتووی شاری ڤێستڕۆس، لە خانووی کولتوور"Culturen"ی ئەو شارە، کە ناوەندێکی هونەری و کولتوورییە، فیلمەکەمان دی، کە بەرهەمێکی نۆروێژی - کوردییە و پێمان وایە هەم جوان دەرهێنراوە و هەم لە باری دەق و نێوەڕۆکەوە باش و دەوڵەمەندە.

لاوی بە بەهرە کاک بڕوا وەهابپوور، دەرهێنەری فیلمەکەیە. بڕوا تا ئێستا فیلمی دیکەشی بەرهەم هێناون و لە نێوانیاندا "شوانەکە"، کە ئاگووشی لە ویشدا دەوری گێڕاوە، ناسراوە.

لە فیلمەکەدا هەمزە ئاگووشی "مام وێنس"، لە وێنەی پیاوێکی کوردی پەنابەر و تەرە لە وڵاتی خۆیدا دەور دەگێڕێ و پەیمانی عەزیزپوور "ئاکام"، لە دەوری برازای هەمزەیدا دەردەکەوێ. ئەو دووانە کە ئەکتەرە سەرەکییەکانی فیلمەکەن، زۆرباشیان دەوری خۆیان گێڕاوە و ئەلحەق توانیویانە پەیام، یان پەیامەکانی بەسەرهاتەکە زۆر باش بخەنە بەرچاوی بینەر و سەرنجی بۆ هەڵسەنگاندنی مەبەستی فیلمەکە و ئەو ڕاستییە ورد و گرنگانە کە بەدرێژایی فیلمەکە، زەق دەبنەوە و زۆر پرسیاری بە وەڵام و بێوەڵام دەخولقێنن، ڕابکێشن. هەروەها دەبێ بڵێم کە ئەکتەرە نۆروێژییەکانیش لە بەڕێوەبردنی دەوری خۆیاندا سەرکەوتوون.

لە نیوەشەوێکدا کە باران وەک گۆزەی سەرەوژێر دەبارێ و ئاکام دەغوڕابی خەوێ دایە، لە دەرگا دەدرێ و کاتێک ئاکام حەیران و سەرسووڕماو دەرگا دەکاتەوە، لەگەڵ "مام خدر"ی مامی ڕووبەڕوو دەبێ، کە دەڵێ تازە لە وڵاترا هاتووە و دەیەوێ دوو شەوان بە میوانی لەلای بمێنێتەوە.

ئاکام، کە بابیشی پێشمەرگە بووە، چکۆڵە بووە کە بنەماڵەکەیان وەک پەنابەر هاتوونەتە نۆروێژێ. ئەو لە نۆروێژێ گەورە بووە، پێگەیشتووە، بۆتە مامۆستا و ئێستا لە فێرگەیەکی ئەو وڵاتە وانە دەڵێتەوە. ئاکام ڕەبەنە و لەگەڵ چەند ژن و پیاوان لە خانوویەکدا بەشێوەی هاوبەش "collective" پێکەوە دەژین. لەو خانووەدا هەرکەسەو ژووری خۆی هەیە و چێشتخانە و ئاودەستیشیان پێکەوەن

بۆ ئاکامی، کە لە وڵاتی نۆروێژێ گەورە بووە و بە کولتووری ئەو وڵاتە ڕاهاتووە، ئەویش بەو بارودۆخ و شێوە ژیانەوە کە ئەو هەیەتی و وەک باسمان کرد، لەگەڵ چەند کەسی نۆروێژی دەخانوویەکدا دەژی، ڕاگرتنی مام خدری زۆر زەحمەتە. چونکە مامی گوێ ناداتە ئەو جیاوازییانە، بە پێوەر و نەریتی خۆی لێدەخوڕێ و هەڵسوکەوت دەکا و دیارە لەبەرچاوی هاوماڵەکانی زۆر نائاسایی و سەیر و سەمەرە دێتە بەرچاو. بەو حاڵەش ئاکام هێشتا ئاسەواری داب و کولتووری خەڵکی خۆی دەبیر و ویژدانیدا ماون. هەر بۆیەش هەرچەند مامی دوای دوو شەوانیش ناڕوا و بە هەڵسوکەوتە سەیر و سەمەرەکانی هەر جارە و کێشەیەکی بۆ دروست دەکا، هەوڵ دەدا تاقەت بێنێ و دڵی نایە مام خدری جواب کا.

هێندەی پێ ناچێ، مام خدر یان مام وێنس هۆی هاتنی خۆی بۆ نۆروێژ لە لای ئاکام دەدرکێنێ و دەڵێ: بەهۆی یارمەتیدانی پێشمەرگەیەکی بریندارەوە لە کوردستان قاچاغ بووە و ناچار بووە هەڵێ. لێرەش نەیتوانیوە ئیجازەی مانەوە وەرگرێ و ئێستا بە قاچاغی دەژی.

شەوێک لەنەکاو پۆلیس لە دەرگا دەدا. مام خدر بە حاڵەحاڵ دەتوانێ بە پەنجەرەی لایەکی دیکەی هاڵی ماڵەکەیدا خۆی فڕێ داتە دەرێ و لە گرتن ڕزگاری بێ. پۆلیس ماڵی ئاکام دەپشکنێ و ئاکامیش دەخەنە بەر لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەو حاشا دەکا و جێگای مامی ئاشکرا ناکا.

لێرە بەدواوە ئاکام دەکەوێتە نێو گێژاوی کێشەیەکی قورسەوە. لە لایەک هەستی پاراستنی یاسا و ئەرکی هاووڵاتیبوون لەم وڵاتە، گوشار بۆ بیر و دەروونی دێنن و بەهۆی پەنادانی مام خدریەوە تاوانباری دەکەن و لە لایەکی دیکەشەوە ویژدانی کوردایەتی و مرۆڤایەتی و سۆزی مام و برازایەتی تێی ڕادخوڕن کە دەبێ هەر چۆنێک بێ یارمەتیی مامی بکا و بیپارێزێ.

لەگەڵ تێپەڕینی کات و سات، گێژاوی ئەو کێشە و بێنەوبەرەیە، دەروونی ئاکامی لاو، ئاڵۆزتر دەکا. جارێکیان هەتا سنووری ڕاپۆرتدان لە مامی هان دەدرێ، بەڵام سەرەنجام سۆزی خزمایەتی و هەست بە کوردبوون و هاودەرد بوون بەسەر ویژدانیدا زاڵ دەبێ و وای لێدەکا هەر چۆنێک بێ یارمەتیی مام خدری بکا و بێپشت و پەنای نەهێڵێتەوە.

تایبەتمەندییەکی فیلمەکە کە هەستێکی خۆش و جوان دەدا بە بینەری کورد، ئەوەیە کە بەشی زۆری فیلمەکە بە زمانی کوردییە و تێکستی سوئێدیی (لێرە لە سوئێد) بۆ دانراوە، هەر بۆیە تەنانەت ئەو بینەرە کوردانەش کە بە تەواوی شارەزای زمانەکانی سوئێدی و نۆروێژی نین، دەتوانن دەمەبەستی فیلمەکە بگەن و چێژ لە دیتنی دیمەنەکانی وەرگرن. ئەوەش با بڵێم هێندێک ئەکتەری دیکەش کە لە فیلمەکەدا دەورێکی کەمتریان هەیە، لە ڕێستووڕانێکن و هاوڕێ و یارمەتیدەری مام خدرن، وەک ئەمیر و عوسمان و... لەگەڵ ئەوەی پێشتر لە فیلم و شتی وادا یارییان نەکردوە، بەو حاڵەش توانیویانە دەوری خۆیان بە باشی بگێڕن.

لە کۆتاییدا مام وێنس ئاکام بەجێدێڵێ و بێسەروشوێن ون دەبێ، تەنیا سەعاتەکەی دەستی لەسەر پەردە زەق دەکرێتەوە، کە ڕۆژێک ئاکام بە جەفەنگ داوای لێ کرد و ئەویش دەستبەجێ گوتی: "پێشکەشت بێ. ئێمەی کورد ئەگەر خۆشەویستێکمان داوای شتێکی ماڵی خۆمان لێبکا، پێشکەشی دەکەین و پەژیوانیش نابینەوە"، بەڵام ئاکام گوتی: مامە گاڵتە دەکەم، پێشکەشی خۆت بێ. مام یۆنس ئەو سەعاتەی لەبەر دەرگای ماڵەکەی بۆ بەجێ هێشتوە.

ئیدی وڵامی ئەو پرسیارە کە ئەو بۆ کوێ دەچێ و سەرەنجام چارەنووسی ئەو کوردە بێئەنوایە چیی لێ دێ، بۆ بینەر دەمێنێتەوە. ئەوەش بە باوەڕی من لایەنێکی بەهێزی فیلمەکەیە. ئاخر فیلمەکە بەشێوەیەکی سیمبولیک بەسەرهاتی کوردی مافخوراوی بێدەسەڵاتی بێ وڵاتە، کە ئێستاش ناتوانێ لە نیشتمانی خۆی بە ئازادی بژی و هەروا یان ژێردەست و دەستبەسەرە، یان ماڵ لە کۆڵ و دەربەدەرە و ئەو چیرۆکەش هەروا درێژەی هەیە!

بڵێی ئەو سەعاتە کە دوایین چرکەکان دەردەکەوێ، گەورە دەبێتەوە و هەموو پەردەکە دادەگرێ، ئەو ڕەمزە نەبێ کە کات و ساتی ڕزگاریی گەلی ئێمەش سەرەنجام دەگاتێ و با هیواداربین کە ئەو ڕۆژە دوور نیە؟!

***

کورتەیەک لەسەر ژیانی هەمزە ئاگوشی، ئەکتەری سەرەکیی فیلمی سینەمایی «مام وێنس»:

هەمزە ئاگوشی، لە دایکبووی گوندی خەلیفەلیانی ناوچەی سندووسی نەغەدەیە و ساڵانێکی زۆرە لە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا چالاکی هەیە و وێڕای کاری سیاسی و ڕاگەیاندن لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، خاوەنی دەیان بابەت و چیرۆک و دەقی ئەدەبی و بەرهەمی هونەرییە.

هونەرمەند هەمزە ئاگوشی، لە درێژەی کارە هونەرییەکانیدا، بە ڕۆڵگێڕانی لە درامای تەلەفزیۆنیی "نۆشک ئیش" کە لە نووسینی "بەهارە بەدەوی" و خاتوو مەلیکا و دەرهێنانی "تێریا ڕانگنێس و بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی میللی وڵاتی نۆروێژ "ئێن ئار کۆ NRK"یە، توانی سەرەنجی کۆمەڵگای هونەریی و بینەرانی ئەو وڵاتە بۆ خۆی ڕابکێشێ و لە نێو ٨٠ دراما و بەرنامەی تەلەڤیزیۆنیدا، وەک باشترین ئەکتەری ڕۆڵی دووهەم. بۆ وەرگرتنی خەڵاتی gullruten واتە "چوارچێوەی زێڕین"ی ساڵی ٢٠٢١ کە گەورەترین خەڵاتی تەلەڤیزیۆنیی وڵاتی نۆروێژە، کاندید بکرێ و لەگەڵ سێ ئەکتەری بە ئەزموونی ئەو وڵاتە بکەوێتە کێبەرکێ و پلەی سێهەم بەدەست بێنێت.

کورتە فیلمی "شوانەکە" لە دەرهێنانی هونەرمەندی کورد "بڕوا وەهابپوور" یەکێکی دیکە لە بەرهەمەکانی هونەرمەند هەمزە ئاگوشییە کە جیا لە چەندین خەڵاتی جۆراوجۆری نێودەوڵەتی، توانی خەڵاتی "گەڵای زێڕین"ی باشترین کورتە فیلمی کوردیی فێستیڤاڵی دهۆک بباتەوە.




---

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

## بەرەو دانانی ویلایەتی فەقیهی دیجیتاڵی

لە سەردەمێکدا تەکنۆلۆژیا هەموو کونج و کەلەبەرێکی ژیانی داگیر کردوە، لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانەوە بگرە هەتا گەیشتن بە ئەستێرەکانی ئاسمان، پرسیارێکی گەورە دێتە ئاراوە: ئایا ناکرێت ئەم نیعمەتە زانستییە بۆ چارەسەرکردنی یەکێک لە هەستیارترین و چارەنووسسازترین پرسەکانی "امت همیشه در صحنه"، واتە پرسی جێنشینی و بەردەوامیی "وەلیی فەقیه"، بەکار بهێندرێت؟ کێشەی بنەڕەتیی دانانی ڕێبەرێکی ڕەها، وەک هەر بوونەوەرێکی زیندووی دیکە، لە فانیبوون و سنوورداربوونی جەستەییدا خۆی دەبینێتەوە. ئەمەش ڕاستییەکی تاڵە و چەندین کێشەی گەورە بۆ "امت همیشه در صحنه" دروست دەکات کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:

**یەکەم: کێشەی بەساڵاچوون و نەخۆشییە زەمینییەکان**

ڕێبەریش، وەک هەموو مرۆڤێکی ئاسایی، بە تێپەڕبوونی کات پیر دەبێت. تەنانە ئەگەر بە کەڵکوەرگرتن لە دەواودەرمانی سروشتی و تەنانەت تریاکی بێگەردیش تەمەنی پیرۆزی درێژ بکرێتەوە، ناتوانرێت ڕێگە لە یاساکانی بایۆلۆجی بگرێت. بۆ نموونە، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی "پرۆستات" لە تەمەنی بەساڵاچووندا زۆرە و ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەرکە گرنگەکانی ڕێبەرایەتی دەبێت. ئایا "امت همیشه درصحنه" دەتوانێت بەرگەی ئەوە بگرێت ڕێبەرەکەی لەبری بیرکردنەوە لە چارەنووسی گەلان، بە دەردی چرکەمیزەوە بناڵێنێت؟

**دووەم: مەترسیيە ئەمنی و فیزیکییەکان**

جەستەی ڕێبەر لە دەمار و ئێسقان و گۆشت پێکهاتووە و لە بەرانبەر هەڕەشە دەرەکییەکان زۆر ناسکە. لە کاتی هەر هێرشێکی ئاسمانی و مووشەکیی دوژمناندا، هیچ گەرەنتییەک نیە بۆ ئەوەی جەستەی پیرۆزکراوی ڕێبەر پارێزراو بێت. لە وەها دۆخێکدا، ئەگەر بەشێک لە جەستەی زەرەرمەند بێت یان هەموو جەستەی بە تەواوی ببێتە خۆڵەمێش، زیانێکی ئەوەندە گەورە بەر "نظام مقدس" دەکەوێت و "امت همیشه در صحنە"ش بۆ قەرەبووکردنەوەی دەستی لە هەرامەی هیچ کەس بەند نابێت

**سێیەم: قەیرانی دیاریکردنی جێنشین**

یەکێک لە ئاڵۆزترین کێشەکان دوای ئاوابوونی ڕێبەر سەرهەڵدەدات. "امت همیشه در صحنه" دەکەوێتە دووڕێیانێکی سەختەوە: ئایا "ئاغازادە" (کوڕی ڕێبەر) بکرێتە جێنشین و سیستەمەکە بەرەو پاشایەتییەکی میراتی ببرێت، یان ئاخوندێکی دیکەی بەتەمەن بدۆزرێتەوە کە پێی لەسەر لێواری گۆڕ بێت؟ ئەگەر بژاردەی دووەم هەڵبژێردرێت، کێشەیەکی دیکە سەر هەڵدەدات؛ چونکە ئەم جۆرە ئاخوندانە وەک بنەماڵەی ڕێبەر، بە تێری و تەسەلی نەژیاون و ئەگەری ئەوە هەیە بەخێرایی تووشی نەخۆشی و مەرگ بن، ئەمە سەرەڕای ئەوەیە ئەو کۆلکە ئاخوندانەی چاویان لە پۆستەکەیە، دژایەتیی ڕێبەری نوێ دەکەن.

**ڕێبەری دیجیتاڵی لەسەر بنەمای هۆشی دەستکرد چارەسەرێکی باشە**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کێشە بنەڕەتییانەی باسمان کردن، زانست و تەکنۆلۆژیای سەردەم چارەسەرێکی شۆڕشگێڕانەمان پێشکەش دەکات: "ڕێبەری دیجیتاڵی" یان "وەلیی فەقیهی دەستکرد". ئێمە دەتوانین زۆر زیرەکانە کەڵک لە داهێنانەکانی ڕۆژئاوا وەربگرین؛ با ئەوان باسی دێموکراسی و مافی ژنان و شتی لەو بابەتە بکەن و ئێمە تەکنۆلۆژیاکەیان بۆ بەهێزکردنی بنەماکانی ویلایەتی فەقیه بەکار دەهێنین. بۆ نموونە، بۆمبی فسفۆری و هێشوویی و تەنانەت ئەتۆمیش لە کاتێکدا دروستکراوی ئەوانن، ئەگەر لەژێر دەسەڵاتی وەلیی فەقیهدا بن، دەبنە مایەی خێر و بەرەکەت بۆ ئوممەت.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەمەیە: ئایا هۆشی دەستکردیش وەک تەکنۆلۆژیای پێشوو دەتوانێت خزمەت بە ئامانجی پیرۆزی دروستکردنی وەلیی فەقیهی باش بکات؟ وەڵامەکەی بە دڵنیاییەوە "بەڵێ"یە. هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە، لەم دواییانەدا، وڵاتی ئەڵبانیا وەزیرێکی دیجیتاڵیی بۆ کابینەکەی دروست کردوە، بۆئەوەی بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە. ئەگەر ئەم ئەڵبانیا بچووکە بتوانێت هەنگاوێکی وا گەورە بهاوێت، بۆچی ئێمە نەتوانین هەنگاوێکی لەوە گەورەتر بنێین و ڕێبەرێکی دیجیتاڵی بۆ خۆمان دابنێین؟

**تایبەتمەندییە بێوێنەکانی وەلیی فەقیهی دیجیتاڵی:**

١. نەمریی و بەردەوامی: ڕێبەری دیجیتاڵی تەمەنی لەگەڵ تەمەنی مرۆڤایەتیدایە و هەرگیز نامرێت. ئەمەش کۆتایی بە قەیرانی جێنشینی دێنێت و سەقامگیرییەکی هەمیشەیی مسۆگەر دەکات.

٢. سیما و ڕوخساری گەنجانە: دەکرێت بیچم و قەڵافەتێکی گەنجانە و پڕ وزەی بۆ دیزاین بکرێت و ببێتە هۆی هیوا و ورەبەخشین بە گەنجان.

٣. یادگەیەکی بێهاوتا: ڕێبەری دیجیتاڵی هەموو ڕێکەوتی ڕووداوەکان، فەتواکان و وتارەکانی بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر دێنەوە یاد و هیچ کاتێک دووچاری لەبیرچوونەوە و لێکچوونی بابەتان نابێت.

٤. بێ پێویستی بە خواردن و پشوودان: ئەم جۆرە ڕێبەرە پێویستی بە خواردن، خەوتن و تەنانەت تریاک و جگەرە و پشوودانیش نییە و ٢٤ کاتژمێری حەوت ڕۆژی هەفتە لە خزمەتی ئوممەت دایە. ئەمەش خەرجییەکی زەبەلاحی دەوڵەت کەم دەکاتەوە کە بۆ تەندروستی و خۆشگوزەرانیی ڕێبەری بایۆلۆجی خەرج دەکرێت.

٥. بەردەوام لە نوێبوونەوەدا: ڕۆبۆت و نەرمامێری ئەم کەسایەتییە دەکرێت بەردەوام نوێ بکرێتەوە و بە نوێترین زانیاری و لێکدانەوەی ڕۆژ بارگاوی بکرێت.

٦. چارەسەری پرسی جێندەری: بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، دەتوانرێت ڕێبەرێک بئافرێندرێت نە نێر بێت و نە مێ. ئەمەش دەبێتە هۆی بنەبڕکردنی هەر جۆرە مشتومڕێک لەسەر یەکسانیی جێندەری و دادپەروەرییەکی ڕەها دابین دەکات.

٧. ئەم جۆرە ڕێبەرە پێویستیی بەوە نابێت زەوی هەڵکۆڵێت و لە کونەتەیارەدا خۆی حەشار بدات.

لە کۆتاییدا، وێڕای پێزانین و سوپاسمان بۆ زانایانی هۆلەندی و ئەمریکایی کە بنەماکانی هۆشی دەستکردیان داڕشتووە، بە پەلە و بێ ڕاوەستان داوا لە کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژیا و هۆشی دەستکرد دەکەین، ڕێبەرێکی "فوول کوالیتی" و بێخەوشمان بۆ بئافرێنن، تاوەکو ئوممەت لەم دڵەڕاوکێ و کێشە زەمینییانە ڕزگاری بێت و بۆ هەمیشە لە سایەی ویلایەتی فەقیهی نەمر و هۆشمەندا بژییت.

KURDISTAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO: 903   22 September 2025

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com   www.kurdch.tv
Yahsat 1A @ 52.5° East   Frequency: 12149
polarization: Vertical -27500  FEc : 3/4

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# حیزبی دێموکرات: کۆنفڕانسی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مزگێنیدەری قۆناغێکی نوێ لە هاوخەباتیی هێزە سیاسییەکانی کوردە

٧ حیزبی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێهەمینساڵیادی بزووتنەوەی ژینادا کۆنفڕانسێکی هاوبەش لە کۆڵنی ئاڵمان بەڕێوە دەبەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، پارتی ئازادیی کوردستان (پاک) و کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێکهێنەری ئەم کۆنفڕانسەن کە ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ی سێپتامبر بەڕێوە دەچێ



محەممەدنەزیف قادری، بەرپرسی

ناوەندی پێوەندییە کوردستانی و ئێرانییەکانی حیزبی دێموکرات لە لێدوانێکدا بۆ «کوردستان‌مێدیا» ڕایگەیاند پێکهێنانی ئەم کۆنفرانسە لە بارودۆخی سیاسیی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا هەنگاوێکی نیشتمانی و خەباتگێڕانەیە و هاوکات دەربڕی یەکگرتوویی و یەکیەتیی بەکردەوەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانە. هاوکات ئەم کۆنفڕانسە کە لە سێهەمین ساڵیادی شەهیدکرانی ژینا و بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا دەبەسترێ، مزگێنیدەری قۆناغێکی نوێ لە هاوخەباتیی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بە هەماهەنگی و یەکڕیزیی زیاترەوە لەپێناو دەستەبەری دەسکەوتی سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد بەرەوپیلی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێران و کوردستانەوە بچن.

ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا هیوای خواست ئەم یەکیەتی و یەکڕیزییەی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوێنی دەستەبەری مافە نەتەوەیی و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دڵی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێستای ئێران و ناوچەدا و، هەروەها یارمەتیدەری سەرخستنی ڕەوتی دێموکراسیخوازی لە ئێران لەپێناو بنیاتنانی نیزامێکی سیاسیی دێموکرات، سێکۆلار و فیدراڵ بێت.

بەرپرسی ناوەندی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لەبارەی ئامانجی ئەم کۆنفڕانسە ڕوونی کردەوە ئامانج لەم کۆنفڕانسە کە بە بەشداریی نوێنەرانی هەر ٧ لایەنە سیاسییەکە و هەروەها کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و ئاکادێمیی کورد بەڕێوە دەچێ، یەکگرتوویی زیاتری هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە مەیدانی خەباتی بەکردەوەیان لە ڕۆژهەڵاتی کورستانە و دەبێتە تریبون و مینبەری دەرخستنی پەیامی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەودا تاوتوێی دۆزی سیاسیی کورد لە ئێران بەتایبەت پاش بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و دوورەدیمەنی خەباتی مافخوازانەی کورد لە ئێراندا دەکرێ.

لە پانێلی یەکەمی ئەم کۆنفرانسەدا د. کۆیستان گادانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باس و وتاری حیزبی دێموکرات پێشکێش دەکا و بەڕێزان سیامەند موعینی (پژاک)، عادل ئەلیاسی (کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیست)، بێهرووز مەلەکشا (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان)، جەمیلە ڕەحیمی (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)، میلاد ئەفراز (سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران) و شەماڵ پیران (پارتی ئازادیی کوردستان) نوێنەرایەتیی حیزبەکانیان لە باسە سیاسییەکانی ئەم کۆنفرانسەدا دەکەن. لە پانێلی دووهەمی کۆنفڕانسەکەشدا د. ئازاد محەمەدیانی، عەزیز مامەلێ، عوبەید سۆرخابی، سەحەر باقری، ڕەشید کرمانج و فەراز فیروزی باس و وتاریان دەبێ.




بەر لە ماڵاوایی

# کوا شەهیدان لەبیر دەچنەوە؟!

✍ ئاڵەشین

سیستەمی ئارایی نێودەوڵەتی پاش چێبوونی نەتەوە و دەوڵەت لە فۆرمی نەتەوە-دەوڵەتدا بەگوێرەی بەندەکانی پەیمانی وێستفالیا پێ دەگرێ و بەگوێرەی قۆناخ و هەلومەرج هەڵبەز و دابەزی کردوە. لەم سیستەمەدا کە هێزێکی ناوەندی نێونەتەوەیی نەبووە هەتا خاڵ و بابەتە پەسندکراوە مرۆییەکان لە گۆڕەپانی سیاسیی جیهانیدا پراکتیزە بکا، چارەنووسی زۆرێک لە نەتەوەکان بەگوێرەی ویست و بەرژەوەندیی زلهێزکان دیاری کراوە.

گەلی کورد یەکێک لەو نەتەوانەیە بە پلەی یەکەم قوربانیی سیستەمی نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش جیهانی دوو جەمسەری بووە. پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەبوو تێکەڵ بە سیستەمە مەیلەو ئیمپریال-کاپیتالیستییە بکرێ یان بەگوێرەی ئەم سیستەمە ڕێکبخرێ. هەر بۆیە دەگەڵ هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی دەوڵەتی سەیر و سەمەرە هەڵدەتۆقن کە پێشتر ناویان لە کولەکەی تەڕیشدا نەبووە. ئەم دەوڵەت و پێکهاتە سیاسییانەی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دادەمەزرێن، بە چاولێکەری لە مودێلی نەتەوەسازیی ئورووپی و بەدیاریکراویش فەڕەنسی هەوڵ دەدەن هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و زمانی و ئایینی و هتد لە نەتەوەی باڵادەستدا بتوێننەوە. سەربردەی کورد لە چوار پارچە سەرەکییەکەی کوردستان نموونەی ئەم سیاسەتە سەقەت و پاوانخوازییە بووە کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.

لە ئێران هەوڵ درا بە داڕشتن و داهێنانی تیۆریی ڕاسیستانەی وەک ئاریایی، ئوستوورەسازی، مێژووسازی، زرووقە و برووقەدارکردنی نەتەوەی ئێرانی و بە دەیان بابەتی هەڵبەستراو و ناڕاستی دیکە نەتەوەکان لە زمان و پێناسی فارسیدا بتوێننەوە. لەم نێوەشدا کورد هەتا پاش شۆڕشی ٥٧ و ئەم ساڵانەی دوایی بە تاکی تەنیا مەترێزی داکۆکی لە پێناس و شوناسخوازیی چۆڵ نەکرد و هەنووکە نەتەوە و پێکهاتە نافارسەکانی دیکەی ئێرانیش بەوپەڕی وشیاریی نەتەوەیی گەیشتوون و داوای سەروەریی خۆیی لە وڵات و سنووری خۆیان دەکەن. بەڵام ئەم پێشەنگایەتییە بۆ گەلی کورد هەم لە پارچەکانی دیکە و هەمیش لە ئێران تێچوویەکی گیانی و ماڵی و ژینگەیی یەکجار زۆری هەڵگرتوە. ڕێژیم و دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی تاران بە هێزی ڕەق و نەرم بەگژ خۆڕاگریی کورددا چوونەتەوە کە لەو سیستەمە جیهانییە بەرژەوەندیخوازەدا هەمیشە تەنیا بووە، بۆیە «هیچ پشت و پەنایەکمان نیە جگە لە چیاکان» بۆتە درووشمی سەر زمانی شۆڕش و خۆڕاگری.

داگیرکەر هاوشان دەگەڵ بەکارهێنانی هێزی نەرم، واتە بێبایەخکردنی توخمە فەرهەنگی و نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد و بەلاڕێدا بردنی مێژووی کورد، هەوڵی لێکدابراندنی زار و زاراوەکانی زمانی کورد لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا بە قەدەخەکردنی زمان و جلوبەرگ و فەرهەنگی کوردی، بە کوشتن، لە سێداردان، زیندانی و ڕاوەدوونانی تێکۆشەرانی کورد هێزی نەرم و ڕەقی بەهەموو تواناوە دژی کورد بەکار هێنا. بەڵام بەرخۆدانی کوردان دوورگەی ئارامی پاشایەتی هەژاند کە دەویست وا بنوێنێ ئێران لەگوێن وڵاتانی پێشکەوتوو ئارام، یەکدەست، یەکزمان و گوایە نەتەوەیەکی یەکگرتوویە. بە بەتاڵانچوونی شۆڕشی ٥٧ و هاتنە سەرکاری سیستەمی ویلایەت فەقیهیش، سەرکوتی کورد باری ئایدیۆلۆژیکیشی هاتەسەر و ڕێبەری کاریزماتیکی ناوەندنشینان بە فتوا فەرمانی قەڵتوبڕی کوردانی دەرکرد. دەگەڵ ئەوەی کورد دیسان لە ڕەهەندی هێزی ڕەقەوە دەروەستی ڕێژیم نەهات و دوای بەرخودانێکی قارەمانانە ناوەندی هێزە سیاسییەکانی ناچار بوو سنوورەکانی ڕۆژهەڵات بەجێ بهێڵێ، بەڵام ئەمجارە هێزی نەرمی داگیرکەر لە بەرانبەر هێزی نەرمی کورددا مایەپووچ دەرچوو و سنوورەکانی ڕۆژهەڵات خۆی لەبەریەک کێشایەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ بایەخە سیاسییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و پێناسخوازی کورد لە سنوور و کەوشەنی کۆنی کورد وەبڕەوتر کەوت.

ململانێی نەتەوەسازانی ئێرانی و بەرگریکارانی پێناسخوازی کورد پڕ تراژیکە بۆ گەلێک کە وەک بەرخی ساوا بۆ گورگ جێ هێشتراوە. دامودەزگە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم دەیاندیت بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد سەرەڕای هەموو هەوڵ و تێکۆشانی ڕێژیمی پێشوو و ئێستا بەردەوام لە گەشەیە و لەم لایەشەوە ڕێژیم وەبەرهێنانێکی لە ناوچەکەدا یەک بە دوای یەکدا مایەپووچ دەردەچوون، هەروەها جگە لە خەڵکی کورد نەتەوەکانی دیکەش بە بیانووی جۆراوجۆر لە بەرانبەر ڕێژیمدا ڕادەوستانەوە، بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستانەوە پەلی هاویشتبووە هەموو ئێران. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانی تووشی گرژیی عەسەب و دەمار بوون و هەمیش هیچ کەسیان لە کورد بێکەستر پێ شک نەدەهات، بە پێشێلکردنی هەموو قانوونە نێودەوڵەتییەکان ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ٢٧١٨ی کوردی بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان و بە دیاریکراویش حیزبی دێموکراتیان هاژەکباران کرد و، بەداخەوە پۆلێک پێشمەرگەی کوردستان شەهید و بریندار بوون. لەم لاشەوە لە نێوخۆی وڵات چەند زیندانی و بەندکراوی سیاسیی لە دار دا. یەکێک لە بەندییە سیاسییانە کەماڵی ئەحمەدی‌نژاد خەڵکی گوندی گامێشگۆلی سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان بوو کە بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبی دیموکرات گیانی لێ ئەستێندرا.

هەروەک پێشتر باسمان کرد هێزی ڕەق و نەرمی داگیرکەر نەک پاشەکشەی بە کورد بۆ دابینی مافە نەتەوەییەکانی لە ماوەی نزیک بە سەدەیەک نەکرد، بەڵکو کورد لە ڕۆژهەڵات بزاڤ و پرسەکەی گەشەی کرد و تەنانەت وێژەمانی کوردیی پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەشی لە ئێران دادەگرت. بۆیە چ ڕێژیمی ویلایەت فەقیهی و چ ڕێژیمی پاشایەتیش جگە لەم دوو هێزە سەرمایەگوزارییەکی زۆریان هەمیشە لە سەر دووبەرەکی نانەوە و پیلانی کوردکوشتن بەدەستی کوردیان کردوە. ئەگەر بە زەبری ماڵ و دارای، ترس و تۆقاندن وناچارکردن کورد کوردی نەکوشتبێ، پیلانی چەپەڵی جۆراوجۆریان داڕشتوە هەتا ڕۆڵەی کورد بسڕنەوە.

شەهید کەماڵی ئەحمەدی‌نژاد یەکێک لە ڕۆڵە کوردانەیە کە بوو بە قوربانی و سووتەمەنیی پیلانی دووبەرەکی نانەوەی ڕێژیم و دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم. ڕووداوەکە بە کوشتنی مۆرەیەکی سووتا و لەکەڵک کەوتووی ئیدارەی ئیتلاعات لە گوندی گامێشگۆلی دەستی پێکرد. شەو درەنگانی ٦ی خەرمانانی ١٣٩٣ هاشم زەینالی، کۆنەجاش و مۆرەی سەر بە دامودەزگا سیخوڕییەکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی گوماناوی کوژرا. دوای نزیک بە یەک ساڵ، پاییزی ١٣٩٤ کەماڵی ئەحمەدی‌نژاد و پێنج کەسی دیکە بە تۆمەتی کوشتنی هاشم گیران و پاش ساڵێک مانەوە لە زیندان و ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر، ناچاریان کردن دان بە کوشتنی ناوبراودا بنێن و بەداخەوە دوایە کەماڵ بە لەداردان مەحکووم کرا. هەر زۆر



زوو کەماڵ نامەیەکی ڕوو بە ڕای گشتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بڵاو کردەوە کە لەژێر ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆردا دانی بەو کوشتنەدا ناوە و ئەگینا خزم و کەسی کوژراوەکەش ئامادەییان دەربڕی کە بچنە دادگە و شایەتی بۆ بدەن کە کاتی کوژرانی مۆرەکەی ڕێژیم کەماڵ لای ئەوان بووە. بەڵام دامودەزگای ئەمنییەتیی میانداوا و ورمێ بڕیاریان دابوو کە هەم مۆرەیەکی سەربار لە کۆڵ خۆ بکەنەوە و هەمیش ڕۆڵەیەکی تێکۆشەر لە دار بدەن و بابەتە گرنگەکەش کە دووبەرەکی و دوژمنایەتی سازکردن لەنێو خەڵکی کورددا بوو، بە کۆتایی بگەیەنن. هەر بۆیە نە شایەتی خزم وکەسوکاری کوژراوەکەیان قبووڵ کرد و نە لە دادگای پێداچوونەوەشدا حوکمەکەیان شکاند. تەنانەت گوێیان بە داوای ناوەند و ئۆرگانەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤیش نەبزووت و لە ١٩ی خەرماندا دوو ڕۆژ پاش هاژەکبارانی قەڵای دێموکرات لە باشووری کوردستان، کەماڵیش لە دار درا.

لە بیرهێنانەوەی کارەساتی مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان و ئێعدامی شەهید کەماڵدا یاد و ناوی هەموو شەهیدانی دەستی غەدر و تاوانی کۆماری ئیسلامی بەرز و بەڕێز بێت و ڕێگەی خەباتیان پڕ ڕێبوار.